# مۆرفۆلۆجی

چاپی یەکەم

نووسینی

دکتۆر حاتم ولیا محمد

CS CamScanner

4:08 PM

**Kteb Xana کتێـــبخانـــه**

public channel

**Description**

کتێبخانەیەک تایبەت بە زیاتر فێربونو کاراکردنی عەقڵ و
دورکەوتنەوە لە نەزانین و ڕەشبینی.📚

هۆشیاری ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگە.
پەرەپێدانی ڕۆشنبیری تاک.
گەشەپێدانی هزری تاک.

@haval_pashaie10

نـەکاونـتـەکانـــم ✓ ⬇️
https://linktr.ee/havalpashaie

t.me/kteb_khana2
Invite Link

Notifications
On

CS CamScanner

# پێشکەشکردن

پێشکەشە بەجوانترین و بەنرخترین هەبووەکانی ژیانم

جگەرگۆشەکانم:

ڕۆژ و ڕەوا

ڕونیاز

ڕاوێژ و ڕەها

دایکیان؛ (نەورۆزخان) مایەی ئومێدم؛ نهێنی سەرکەوتنەکانم؛

هەموو ئەوانەی کە خۆشماندەوێن،

ئەوانەش کە خۆشیان دەوێین.

# ناوەرۆک

بابەت
لاپەڕە


ناوەرۆک.................................. ١
پێشەکی.................................. ٥
بەشی یەکەم: سەرەتایەک ......................... ٧
مۆرفۆلۆجیی چییە؟ ......................... ٧
سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆرفۆلۆجیی.......................... ٩
مۆرفۆلۆجیی لە زمانەوانی ڕۆنانکاریی ئەمریکیدا ............................ ١٣
چەمکی ڕێزمانە بەرهەمهێنەکەی چۆمسکی............................ ١٤
کارلێکی مۆرفۆلۆجیی – فۆنۆلۆجیی.......................... ٢٢
کارلێکی مۆرفۆلۆجیی – سینتاکس.............................. ٢٧
کارلێکی مۆرفۆلۆجیی – سیمانتیک.............................. ٢٨
ئەرکەکانی مۆرفۆلۆجیی................................ ٣٠
ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیی.......................................... ٣٣
بەشی دووەم: سەرەتایەک بۆ ڕۆنانی وشە لەکوردیدا ............................ ٤٣
وشە چییە؟............................................... ٤٣
لێکسیم.................................................. ٤٤
فۆرمە – وشە............................................... ٤٨
وشەی ڕێزمانیی............................................... ٤٩
مۆرفیم : بچوکترین یەکەی واتادار................................. ٥٠
شیکردنەوەی وشەکان.......................................... ٥٥
مۆرفیم و مۆرف و ئەلۆمۆرف. ................................ ٥٨
پێناسەکردن.............................................. ٥٩
ئەلۆمۆرف................................................. ٦١
جۆرەکانی مۆرفیم......................................... ٦٧

ڕەگ و گیرەک و قەد و بنج (بناغە)........ ٦٧

ڕەگ........................................ ٦٧

قەد......................................... ٦٩

بنج (بناغە).................................. ٧٠

گیرەک (پێشگر و پاشگر و ناوگر)............. ٧٢

گیرەکی دارشتن............................... ٧٤

گیرەکی ڕێزمانیی.............................. ٧٦

تایبەتییەکانی گیرەکی دارشتن و ڕێزمانیی............ ٧٦

بەشی سێیەم: وشەی لێکدراو.................. ٩٧

پێناسەی وشەی لێکدراو........................ ٩٧

ناسینەوەی وشەی لێکدراو........................ ٩٨

جۆرەکانی وشەی لێکدراو: بەپێی پۆلینەکانی پێشووتر....... ١٠٢

پۆلینێکی نوێ بۆ وشەی لێکدراو لە کوردییدا........ ١١٢

جۆرەکانی وشەی لێکدراو لەکوردییدا.. ١١٦

کلیتیک (نوسەک)............................ ١٢٣

کلیتیک لە کوردییدا........................ ١٢٦

بەشی چوارەم: پرۆسێسەکانی وشەسازکردن و داهێنان و بەرهەمێنیی... ١٣١

١- لێکدان.......................................... ١٣١

٢- دارشتن........................................ ١٣٢

٣- داهێنان........................................ ١٣٣

٤- گۆڕین (وەرچەرخان)............................ ١٣٥

٥- ئەکرۆنیم (ئەکرۆنیمی)........................ ١٣٨

٦- تێکەڵکردن ( ئاوێتەکردن)..................... ١٤٠

٧- پاشسازی........................................ ١٤٢

٨- بڕینەوە (لێکردنەوە).......................... ١٤٤

داهێنان و بەرهەمهێنیی........................ ١٤٨

ئەو فاکتەرانەی ڕێگە بۆ بەرهەمهێنیی خۆشدەکەن........ ١٥٤

١- شەفافیەت ............................ ١٥٤
٢- لێکسیکاندن ............................ ١٥٧
٣- لەرینەوە ............................ ١٥٨
٤- بەکەڵکیی (سوودبەخشیی) ............................ ١٦١
بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمێنیی ............................ ١٦١
بەربەستی کاتیگۆریانە ............................ ١٦٢
بەربەستی واتایی ............................ ١٦٣
بەربەستی ئیتمۆلۆجیی ............................ ١٦٣
بەربەستی پراگماتیکیی ............................ ١٦٤
بلۆککردن ............................ ١٦٥
سەرچاوەکان ............................ ١٦٧

ئەم کتێبە کردنە pdfی لەلایەن چەناڵی kteb_khana2
کراوە، لە تیلیگرام،

CamScanner

## پێشەکی

بەدەرکەوتنی مۆرفۆلۆجیی وەک ئاستێکی سەربەخۆی زمان و لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە و جیاواز لە ئاستەکانی دیکەی زمان ، وەک: فۆنۆلۆجیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی و بەکارهێنانی مۆرفیمیش لەبری وشە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا، گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە و لە لێکۆڵینەوە تازەکانی زمان و زمانەوانییدا، تایبەتییەکانی مۆرفۆلۆجیی کراوەتە بنەمایێک بۆ پۆلکردنی زمانەکانی مرۆڤ و هەر لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆجیش خاسیەت و خەسڵەتەکانیان خراونەتە ڕوو. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو گرنگییەی مۆرفۆلۆجیش، بیرۆکە و هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی دانانی یان ڕاستتر بڵێم ئامادەکردنی ئەم کتێبە (ئەگەر بتوانم ناوی بنێم کتێب) زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە من ساڵێک (٢٠١٦) لە بەشی کوردیی- ئێواران لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی، بابەتی مۆرفۆلۆجییم گوتەوەو وام بەباش زانی کە کۆرسبووکەکە فراوانتر بکەم و بیکەم بەکتێبێک و چاپی بکەم، بەڵام بەداخەوە کە بەچاپ گەیاندنەکەی کەمێک دواکەوت. بەهەرحاڵ؛ ئەم کتێبەش سەرەتایەکی زۆر کورتە بۆ بواری مۆرفۆلۆجیی زمانیی و تیایدا پوختەیەک دەربارەی بیرۆکە بنچینەییەکان و هەندێ بابەتی تیۆریی گرنگ پێشکەشکراوە، بەوەی کە لە هەندێ شوێندا جەخت خراوەتە سەر هەندێ تەرز یان قالبی مۆرفۆلۆجیی جۆراوجۆر یان لەیەکتر جیاوازی زمانی مرۆڤ و مەبەستەکەش بۆ ئەوە نییە کە قوتابییەکانمان بخەینە گومانەوە بەتایبەتیش ئەوانەی کە تێگەیشتنی مۆرفۆلۆجییان زۆر بەلاوە گرنگە، بەڵکو ئامانجەکە زیاتر بۆ ئەوەیە کە تێگەیشتن لە مۆرفۆلۆجیی تاکە

زمانێک دەتوانرێت قوڵتر تێبگەیەنرێت. بەتایبەتیش کاتێک کە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا بەرامبەر یان بەراورد دەکرێت. بێگومان زمانی کوردیش سەرەڕای تاریکیی یان ناڕونیی لە پێکهاتە و فۆرمی مۆرفۆجیانەی هەندێ مۆرف و مۆرفیمەکانیدا، یەکێکە لەو زمانانەی کە زەمینەیەکی زۆر بە پیت و لەباری هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیی، بەوەی کە زۆربەی وشەکانی زمانی کوردیی ڕۆنانێکی مۆرفۆلۆجیانەی ئاڵۆزیان هەیە. لێرەدا پێویستە ئامارە بەخاڵێکی زۆر گرنگ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەم کتێبە بریتییە لە نوسین و وەرگرتن و وەرگێڕان.

هیوادارم کە بەمەش توانیبێتم سودێک -ئەگەر کەمیش بێت- بە خوێنەر و کتێبخانەی کوردی بگەیەنم.

**پ.ی.د. حاتم وليا محمد**

**نەورۆزی ٢٠١٩**


# بەشی یەکەم: سەرەتایەک

## مۆرفۆلۆجیی چییە؟

مۆرفۆلۆجیی مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی ناوەوەی فۆرمی وشەکاندا دەکات. یەکە بنەڕەتییەکانی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیش پێیدەگوترێت مۆرفیم. لە مۆرفۆلۆجیدا، شرۆڤەکار فۆرمە وشەکان دابەشدەکات بۆ توخمە - پێکهێنەرەکانی (بەشێکی زۆریان مۆرفن کە بە ڕووت یان گیرەک دەناسرێنەوە) هەروەها هەوڵیش بۆ لێکدانەوەی بەدەرکەوتنی هەر یەکێک لەو فۆرماتیڤانە دەدات. مۆرفۆلۆجیی دەتوانێت دابەش ببێت بۆ دوو لقی سەرەکیی، مۆرفۆلۆجیی گەردانیی - ڕێزمانیی پێیدەگوترێت و وشە - سازدان - (مۆرفۆلۆجیی دارشتن یان فەرهەنگیی پێیدەوترێت) مۆرفۆلۆجیی گەردانیی مامەڵە لەگەڵ فۆرمە جۆراوجۆرەکانی لێکسیمەکاندا دەکات، لەکاتێکدا وشە - سازدان مامەڵە لەگەڵ دروستکردنی لێکسیمی نوێ، لەو بنجانەی کە لە زمانەکەدا هەن دەکات. لە هەمان کاتدا وشە سازدان دەتوانێت دابەش ببێت بۆ دارێژراو و لێکدراو (لێکدان). دارشتن پەیوەستە بە فۆرماندنی لێکسیمی نوێ بە هۆی گیرەگەکانەوە، لێکدراویش مامەڵە لەگەڵ لێکسیمی نوێدا دەکات بەهۆی لێکدانی دوو یان زیاتر لە ڕەگە شیاوەکان. هەروەها دارشتنیش هەندێ جار وەچەدابەش بوونێکی دیکەی هەیە بۆ دارشتنی پۆل- پاراستن و دارشتنی پۆل - گۆڕین. دارشتنی پۆل - پاراستن دارشتنی ئەو لێکسیمە نوێیانەن کە سەر بەهەمان فۆرمە - پۆلن (بەشەکانی ئاخاوتنن)، واتە هەمان پۆلی ئەو بنجانەی کە لێیانەوە وەردەگیرێن،

کەچی داڕشتنی پۆل – گۆڕین ئەو لێکسیمانە بەرهەم دەهێنێت کە سەربە پۆلە – فۆرمی جیاوازن لەو بنچانەی کە لێیانەوە وەردەگیرێن. لێکدراویش بەپێی پێوەری سیمانتیکی دابەش دەبێت بۆ ئێگزۆسێنتریک و ئیندۆسێنتریک. لێکدراوی positional and dvanda

(Laurie Bauer: ١٩٩٣,P.٢٣) ئەم وێنەیەی خوارەوە تواندنێکی هێڵکاری دابەشبوونی سەرەکی ئەو مۆرفۆلۆجییەیە کە لێرەدە ڕوونکراوەتەوە:



## سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆرفۆلۆجیی

سەبارەت بە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی مێژووی بەدەرکەوتنی مۆرفۆلۆجیی وەک ئاستێکی لێکۆڵینەوەی زمان و زمانەوانیی، وەک ئەوەی کەپێش ئێستا بۆ مۆرفۆلۆجیی پێشکەشم کرد، من وای بۆدەچم کە بەشێک لە زمانەوانەکان لە باس و لێدوان و تەنانەت وتنەوەی بابەتەکەش چ لە قۆناغی بەکالۆریۆس یان خوێندنی بالآدا بەهەڵە سەرەتاکانی بەدەرکەوتنی مۆرفۆلۆجیی دیاریدەکەن و واپێدەچێت کە تووشی جۆرە تێکەڵاوییێک بووبن لە نێوان مێژووی ڕێزمان و مێژووی مۆرفۆلۆجییدا. بۆ ئەم مەبەستەش تارادەیەک بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیی لە مێژوودا دەکەن: پانینی، یۆنانییەکان، ڕۆمانییەکان، چاخەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس، هتد. ئەوەی کە من لێرەدا مەبەستمە، بەدەرکەوتنی مۆرفۆلۆجییە وەک ئاستێکی سەربەخۆ و جیاواز لە ئاستەکانی دیکەی زمان ، وەک: فۆنۆلۆجیی و ڕستەسازیی و واتاسازیی. هەروەها بەکارهێنانی مۆرفیم لەبری وشە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا. ئەگینا ئاشکرایە کە زاراوەی ڕێزمان بەواتا تەقلیدییەکەی دابەشدەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی کە سینتاکس و مۆرفۆلۆجییە. بۆیە من پێموایە کە مۆرفۆلۆجیی، وەک ئاستێکی سەربەخۆی زمان و لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە ئەو مێژووە کۆنەی نەبێت، بەڵکو مێژوویەکی نوێی هەیە و سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە و لە سەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردووشدا زیاتر گەشەی کرد.

بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین کە بەکورتی و بەشێوەیەکی خێرا و بەپشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەکی زانستیی لەبواری مۆرفۆلۆجییدا، مێژووی ئەم ئاستە گرنگەی زمان دیاربیکەین.

هەرچەندە کە قوتابیانی زمان هەست بەگرنگیی وشە لەزمانەکەیاندا دەکەن، تەنانەت هەندێ جار خەڵکە نەخوێندەوارەکەیش ئەو گرنگییە دەزانن، بەڵام مۆرفۆلۆجیی، لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی ناوەی وشەکان، تا سەدەی نۆزدەش وەک وەچە — لقێکی جیاوازی زمانەوانیی بەدەرنەکەوت. لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا مۆرفۆلۆجیی رۆڵێکی تەوەرەیی لە بنیادنانەوەی هیندۆ ئەوروپیدا هەبوو. فرانز بۆپ (١٧٩١ — ١٨٦٧) کە لەلایەن زمانەوانەکانەوە بە دامەزرێنەری ڕێزمانی بەراورد دادەنرێت، لەساڵی ١٨١٦دا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە کە پاڵپشتی لە بانگەشەیەکی ساڵی ١٧٨٦ دەکرد، کە لەبنەڕەتدا هی سێر ولیام جۆنز بوو (١٧٤٦ — ١٧٩٤). بەوەی کە زمانەکانی سانسکریت، لاتین، فارسی و زمانەکانی جێرمانی لە نەژادێکی هاوبەشەوە کەوتوونەتەوە ( ڕەگازۆیان کردووە). بەڵگەکانی (بۆپ)یش لەسەر بنەمای بەراوردکردنی پاشبەندە ڕێزمانییەکانی وشەکانی ئەو زمانانەوە بنیادنرابوو. یاکۆب گریم (١٧٨٥ — ١٨٦٣) لەنێوان ساڵانی ١٨١٩و١٨٣٧دا، کە هاوسەردەمی بۆپ بوو، بەرهەمە کلاسیکییەکەی خۆی، بەناونیشانی ڕێزمانی دۆتش (Deutsche) بڵاوکردەوە، کە شیکردنەوەیەکی گشتگیربوو بۆ بەراوردکردنی سیستەمی دەنگەکان و شێوازی دروستبوونی وشەکان، گریم گەشەی بە ڕێزمانی زمانەکانی جێرمانی و پەیوەندێتیی ئەو زمانە بە زمانەکانی تری هیندۆ- ئەوروپییەوە دا. دواتر لەژێر کاریگەریی تیۆرەکەی داروین لەبارەی گەشەکردنەوە، فیلۆلۆژێکی وەکو ماکس مۆلەر

(۱۸۲۳ – ۱۹۰۰) لە موحازەرەکـانی لە ئۆکسـفۆرد لەسـاڵی ۱۸۹۹دا تیشکدەخاتەسەر گەشەسەندنی زمان، هەر وەک چۆن لە مۆرفۆلۆجیی بایۆلۆجیدا، دیراسەکردنی ئەندامەکانی بوونەوەرەکان، تیشکدەخاتەسەر گەشەکردنی جۆرەکانیان. بانگەوازە تایبەتییەکەشی لێکۆڵینەوە بوو لە ٤٠٠ – ٥٠٠ رەگی ( بنجیی) پێشینەکانی هیندۆ – ئەورووپی، لە زمانەکانی ئەورووپا و ئاسیادا کە کلیلێک بوو بۆ تێگەیشتن لە رەسەنایەتیی زمانی مـرۆڤ. ( بـڕوانە: Muller, F.M.۱۸۹۹، کە لەلایەن Mathews, ۱۹۷٤ خراوەتەڕوو) لەمێژووی مۆرفۆلۆجییدا هەر زوو واز لەو جۆرە بانگەشانە هێنـرا. لە سـەدەی ڕابردووشـدا مۆرفۆلـۆجیی بە شـێوەیەکی سـەرەکی بەڕێکـارێکی ئێسـتایی دادەنـرا. ئەو ڕێکـارەی کە جەخـت دەخـاتە سـەر لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی وشە لە تاکە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی زمانێکدا، زیاتر لەوەی کە جەخت بخاتە سەر گەشەکردنی وشەکان، بەڵام سـەرەڕای ئەو کۆ رێککەوتنەی نێوان زمانەوانەکـان لەسـەر ئەو خـاڵە، مۆرفۆلـۆجیی لەسەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری و پێشکەوتنی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینی (F. Katamba, ۱۹۹۳, p.۳) ئەوە بوو کە لەسـەرەتای چلەکانـدا بیـری مۆرفیم هاتەکایەوە، لە ئەنجامی گەڕانی زمانەوانەکـان بەدوای دۆزینـەوەی دانەیەکـی ڕێزمـانی وەک فـۆنیم و داهێنـانی بیـری فـۆنیم لە کۆتـایی سیەکاندا، بیـری سـەرەکی زمانەوانـان ئەوەبـوو، کە دانەیەک بـدۆزنەوە، هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانی پێ شیبکرێتەوە، لە نێوان ساڵانی (۱۹٤۰ – ۱۹٥۰) مشتومڕێکی زۆر هەبووە دەربارەی مۆرفیم و پێناسەکردنی مـۆرفیم و سودی مۆرفیم. ( بڕوانە: محمد معروف فتـاح، زمـانەوانی، ۱۹۹۰،ل. ٥٦ و کەوسەر عەزیز گەلالی، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ......، ۱۹۹۰، ل. ٦٠.

## مۆرفۆلۆجیی لە زمانەوانیی ڕۆنانکاریی ئەمریکیدا

لایەنگرانی **زمانەوانیی ڕۆنانکاریی ئەمریکیی** - کە یەکێک بوو لە قوتابخان زمانەوانییە زاڵەکانی نیوەی یەککەمی سەدەی بیستەم - هەمیشە وەک تیۆرێک دەربارەی سروشتی زمان، سەیری زمانیان نەدەکرد، بەڵکو زیاتر وەک جەستەیەک بۆ ڕێوشوێنێکی وەسفیی و شیکاریی. بەشێوەیەکی ئایدیالیش، پێشبینی دەکرا کە شیکردنەوەی زمانیی ڕەهەندێکی زمان هەڵبژێرێت و جەختی بخاتەسەر پێش ئەوەی کە بچێتە سەر ڕەهەندێکی دیکە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدات. هەر ڕەهەندێکیش بەشێوەیەکی فەرمیی وەک ئاستێکی زمان ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئاستە جیاوازەکانیش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا نیشاندراون:

ئاستی واتا: مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکات

↑

ئاستی سینتاکتیکی مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی ڕستەدا دەکات

↑

ئاستی مۆرفۆلۆجیی مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی وشەدا دەکات

↑

ئاستی فۆنۆلۆجی (فۆنیمیکیی) مامەڵە لەگەڵ سیستەمی دەنگەکاندا دەکات

واپێدەچێت ئاستەکان بەشێوەیەکی هەرەمی ڕیکخرابن، بەوەی کە فۆنۆلۆجی لە سەرەوە و واتاسازیش لەژێرەوەیە. وا دەبینرا کە یەکێک لە ئەرکەکانی شرۆڤەکار ئەوەبێت کە وەسفێکی ئاستە جیاوازەکانی زمانێک

پێشکەشبکات، یەکەم گۆکردن، ئینجا ڕۆنانی وشە، ئینجا ڕۆنانی ڕستە و لەکۆتاییشدا واتاکانی گوتن، لەڕووی تیۆرییشەوە یەکێک لە ڕەخنەکان ئەوەبوو کە بۆ شیکردنەوەی ئاستێکی نزمتری وەک فۆنۆلۆجی زانیاری لەئاستیکی بەرزتری بۆ نمونە، وەک ڕستەسازیی بەکاربهێنێ، ئەمەش دەستوور یان داب و نەریتێکی شیکردنەوەی ئاستە جیاوازەکان بوو.

لە ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی نێوان سالانی ١٩٢٠ و ١٩٤٥دا، ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان دوچاری کێشەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگەکان بۆ جیاکردنەوەی واتاکان لە زماندا بوونەوە. بۆیە بەسەر تیۆری **فۆنیمدا** چوونەوە و گەشەیان پێدا. (F.Katamba, ١٩٩٣, p .٤)

بەپێی تێپەڕبوونی کات جەختکردنەکە بەشێوەیەکی تەدریجیی لە فۆنۆلۆجییەوە گوازرایەوە بۆ مۆرفۆلۆجیی، لە کاتێکدا کە ڕۆنانکارییەکان لە لوتکەدابوون، بەتایبەتیش لەنێوان سالانی ١٩٤٠ و ١٩٦٠دا، لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆجییەکان چەقی ناوەڕاستیان داگیرکردبوو. زۆر لە ڕۆنانکارە سەرەکییەکان لێکۆڵینەوەکانیان زیاتر دەربارەی تیۆری وشە _ ڕۆنان بوو.( بڕوانە: بلۆم فیلد ١٩٣٣، هاریس ١٩٤٢، ١٩٤٦، ١٩٥١، هۆکێت ١٩٥٢، ١٩٥٤، ١٩٥٨) کۆرسبووکەکەی نیداش کە بەناونیشانی **مۆرفۆلۆجیی** بوو، کە لە سالی ١٩٤٩دا، بلاوکرایەوە، تیۆری ڕۆنانکاری و لایەنی پراکتیکی ئەو تیۆرەی تێدا تۆمارکردبوو. بەمەش گشتاندنێکی زمانەوانەکانی بۆ وەسفکردنی شیکردنەوەی وشەکان پێشکەشکردبوو میتۆدی ڕۆنانکارەکان پێداگرتنبوو لەسەر جیاکردنەوە و لەیەکترازاندنی ئاستەکانی زمان هەروەک لەسەرەوەدا تێبینیمانکرد، بێگومان ئەمەش یەکێک بوو لە هەلەکانیان، کە لەبەشەکانی داهاتوودا دەیبینین. بەلام سەرەڕای ئەو کەموکورییەی ڕێبازی ڕۆنانکاریی، کەچی لە لێکۆڵینەوە

مۆرفۆلۆجییەکاندا جێی پەنجەیان دیاربوو. یەکێک لەسەرەکیترین بەشداریکردنیان، دانانی بوو بەو ڕاستییەی، کە لەوانەیە وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ئاڵۆزی ناوەوە بێت. لەکاتێکدا شێوە کلاسیکیەکەی شیکردنەوەی زمانیی، وشەیان بەیەکەی بنچینەیی تیۆری ڕێزمانیی و فەرهەنگسازیی دادەنا، ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەوەیان بەدەرخست کە دەتوانرێت وشە بۆ مۆرفیم شیبکرێتەوە. مۆرفیمەکانیش بچووکترین یەکەی واتا و ئەرکی ڕێزمانیین، پێشتر ڕۆنانی وشە و ڕۆنانی ڕستەدا پێکەوە بەناوی ڕێزمان لێیان دەکۆڵرایەوە. ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆجییان وەک وەچە لقێکی جیاوازیی (سەربەخۆی) زمانەوانیی خستەڕوو. ئامانجیان دیراسەکردنی مۆرفیم و چۆنیەتی ریزبوونی مۆرفیمەکان بوو لەدروستکردنی وشەدا (سەرچاوەی پێشوو: ل. ٤)

## چەمکی ڕێزمانە بەرهەمهێنەکەی چۆمسکی

ئامانجی سەرەکیی زمانەوانی بەرهەمهێن تێگەیشتنە لە سروشتی زانیاریی و چۆنیەتی کەسبکردنی ئەو زانیارییە لەلایەن منداڵەوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئامانجەوە پرسیارێکی سەرەکیی کە پێویستە ئەو تیۆرە وەڵامیبداتەوە ئەوەیە: قسەپێکەری زمانێک دەبێ چ زانیارییەکی دەربارەی وشە لە زمانەکەیدا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە گوتندا بەکاری بهێنێت؟ هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەمانباتەوە بۆ گەشەی وەچە تیۆری فەرهەنگ و مۆرفۆلۆجیی.

بەپێی چۆمسکی (١٩٨٠، ١٩٨١، ١٩٨٦) ئامانجی سەرەکیی تیۆری زمانیی دیاریکردنی ئەوەیە کە مەبەست لەزانینی زمانێکی تایبەتی

چییە؟. چۆمسکی تێبینی ئەوەی کردبوو کە زانینی زمانێک مانای ئەوە نییە کە بەئاسانی بتوانی یاری بەو کۆمەڵە ڕستانەوە بکەیت کە لەبەرکراون. بەڵکو زیاتر ئەوە دەگەیێنێت کە بتوانین ژمارەیەکی بەرفراوان (لەڕاستیدا دیارینەکراو)ی گوتن بەرهەمبهێنین و تێیانبگەین بێ ئەوەی کە پێشتر لە زمانەکەماندا بیستبێتمان یان بینیبێتمان. بەواتایەکی دیکە، بەرهەمهێن (یان کراوەی بێکۆتایشی پێدەگوترێت) ئەو لایەنەی زانیاریی زمانە کە گرنگییەکی سەرەکیی هەیە. بێگومان زانینی هەر زمانێک بۆ هەر قسەپێکەرێک، زانینی یاسا ڕێزمانییەکانی ئەو زمانەیە، تا بتوانێ وشەکان لە یەکتری بدات، بۆ پێکهێنانی ڕستە و دەستەواژەکان. هەر ڕێزمانیشە وشە و دەستەواژە و هاوشێوەکانی کۆدەکاتەوە بۆ پێکهێنانی ڕستەیەکی تەواو و دروست. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە چۆنیەتی بەکارهێنانی یەکەکانی زمانە بۆ دروستکردنی ئەو ڕستانەی کە پێشتر نەیگوتووە و تێگەیشتن لەو دەربڕینانەی کە پێشتر نەیبیستووە. زۆربەی بەشەکانی زانیاریی زمانیی، یاسا - بەندە. واتە؛ بەیاسا حوکمکراوە. بۆ نموونە زۆربەی قسەپێکەرانی زمانی کوردیی دەزانن کە ئامارژە بۆ زیاتر لە بوونێک، کە بەهۆی ناوێکەوە ئامارژەی بۆکرابێت و ڕێگایەکی ستانداردیش بۆ کۆکردنەوەکەی زیادکردنی (ان)ە لەکۆتایی ناوەکەدا. بۆ نموونە ناوێکی وەک (کوڕ) کە هەموومان پێشتر بیستوومانە، دەزانین ئەگەر لە یەکێک زیاتر لەو شتانە هەبوو ئەوا بە (کوڕان) ئامارژەیان بۆ دەکەین. هەروەها ناوێکی بێ واتای وەک (خۆکەکان) لەڕستەیەکی وەک (خۆکەکان بۆگەنن). ئەو ناوەی کە ئێستا من دروستمکرد، ڕاستە کە بێ واتایە بەڵام تۆ دەزانی کە (خۆکەکان) ئامارژە بۆ زیاتر لەیەکێک لەو شتانە دەکات کە بۆگەنن.

قسەپێکەری کورد زانیاریی ناڕاستەخۆی (ضمني) لەبارەی ئەو یاسایانەوە هەیە کە دەڵێن: زیادکردنی (ان) بۆ کۆ یە، و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ پێشکەشکردنی فۆرمی کۆ بۆ هەموو سەرە ناوێک (ناوێکی راستەقینە).

ئێمە ئێستا ئەوە ڕووندەکەینەوە کە بۆ ڕێزمانی بەرهەمهێن سیستەمێکی ڕوونی ئەو یاسایانەیە کە بەدووبارە بوونەوەیان ژمارەیەکی دیارینەکراوی ڕستە بەرهەمدەهێنن، هەرکاتێکیش بتەوێت دەتوانیت ئەم یاسایانە دووبارە بکەیتەوە. مەبەست لە دووبارەبوونەوەکەش ئەوەیە، کە ڕستە بەڕواڵەت سنوورێکی دیارکراوی نییە بۆ درێژبوونەوە. بۆ نمونە، پێکهێنێکی ڕێزمانیی وەکو فرێزێکی ناوی (NP) یان فرێزێکی بەند (PP) لەڕستەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەدا ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەتوانێت ژمارەیەکی دیارنەکراوی پێکهێنی زیاتری ئەو کاتیگۆرییانە بگرێتەخۆ:

**قوتابییەکە چەند کتێبێکی لەسەر مێزەکەدا بینی.**

دووبارەبوونەوە بەئاسانی دەتوانێت ئەم ڕستەیەی سەرەوە لە هێڵکارییەکی وەک ئەمەی خوارەوەدا بنوێنرێت:

| | |
|---|---|
| ڕ | فـ ن + کـ ن |
| فـ ن | ن + دیاریکەر |
| فـ کـ | فـ ن + فـ ب + کار |
| فـ ن | ڕادده + فـ ن |
| فـ ن | ن + دیاریکەر |
| فـ ب | ئامراز + فـ ن |
| فـ ن | ن + دیاریکەر |

ناوەکان = (قوتابی، کتێب، مێز)

دیاریکەر = ەکە، ێک

ڕاددە = چەند

ئامراز = لەسەر

کار = بینی

وەک بینرا، لەلایەک فرێزە ناوییەکان دەتوانن هەندێ دیارکەری بەئارەزوو وەبگرن کە بکەونە دوای ناوەکە یان فرێزە بەندەکەوە، لەلایەکی تر، فرێزە بەندەکانیش دەتوانرێت بەهۆی فرێزێکی ناوییەوە فراوانبکرێن. کەواتە؛ فرێزە ناوییەکان ناڕاستەوخۆ دەتوانن فرێزێکی تری ناویی بگرنەخۆ، چونکە فرێزە ناوییەکان دەتوانن بەهۆی فرێزە بەندەکانەوە فراوانبکرێن کە ئەوانیش بۆ خۆیان بەهۆی فرێزە ناوییەکانەوە فراوانکراون. ئەوەی کە بۆ ئێمە گرنگ بێت ئەوەیە؛ ئایا پێویستە مۆرفۆلۆجیی وەک ئاستێکی جیاواز(یان مۆدەلێک) بناسرێت، کە سەربەخۆبێت لە سینتاکس و فۆنۆلۆجی؟ ئایا یاسا مۆرفۆلۆجییەکان هەندێ سیمای وایان هەیە کە هاوبەش نەبێت لەگەل یاساکانی بەشەکانی تری ڕێزماندا؟ ئایا یاسایەکی دووبارەبوونەوە کە لە سینتاکسدا دەبینرێت، پێویستە لە مۆرفۆلۆجیشدا هەبێت؟ ئێمە دەبێ لەمەودوا بەقووڵی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

هەندێ پرۆسەی مۆرفۆلۆجیی وا هەن کە هاوشێوەی پرۆسە سینتاکسییەکانن. بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا ناوێکی وەک (grobvator) کە بە واتای (باپیرە) دێت، دەتوانرێت بە هۆی دووبارە بوونەوەی پاشگرێکی وەک (ur) لە (Ur ur ur grobvator) کە واتای باپیرەی زۆر زۆر زۆر گەورە دەدات. ئاشکرایە کە ئەو پرۆسێسەی وشە دروستکردنەی کە ئێمە لێرەدا گەواهی بۆ دەدەین دووبارەبوونەوەیە. ئێمە

یاسایەکمان هەیە کە (Ur) دەلکێنێت بە وشەیەکەوە و بەسەر خۆیدا پیادەدەکرێتەوە. بەڵام ئەم یاسایە لە زمانی کوردیدا لەوانەیە بەشێوازێکی تر بێت و لەشوێنی خۆیدا دێینەوە سەری.

لێرەدا پرسیارێکی سەرنجراکێش خۆی قوتدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی دروستکردنی وشە هاوشێوەی یاساکانی دروستکردنی ڕستە بن، ئەو هۆکارانە چین کە گریمانەی ئەوە دەکەن کە مۆرفۆلۆجیی بەشێوەیەکی سەرەکیی جیاواز بێت لە سینتاکسدا؟

بەرلەوەی زیاتر بڕۆین، پێویستە زاراوەکانی **ڕێزمان** و **یاساکانی ڕێزمان** ڕوونبکەینەوە. ئەو زاراوانە بە چوار واتای جیاواز لەلای زمانەوانەکاندا بەکاردێت:

**یەکەم**، لە زمانەوانیی بەرهەمهێندا زاراوەی ڕێزمان دەتوانێت ئاماژە بە زانیارییە شاراوەکان (گۆنەکراوەکان)ی ئەو یاساو بنەمایانەی زمان بکات، کە لە مێشکی خەڵکدا هەڵگیراون. ئەو زانیارییە کپانە ( ناڕاستەوخۆ - ضمني - tacit ) وایانلێدەکات کە بتوانن لە زمانەکەیاندا وشە و گوتنە فۆرم- دروستەکان، لە وشە و گوتنە فۆرم - نادروستەکاندا جیابکەنەوە. بۆ نمونە، لەوانەیە زۆربەی قسەپێکەری کورد نەتوانێت بەشێوەیەکی بیستراو ئەوە ڕوونبکاتەوە کە بۆ ڕاستە ئەگەر بڵێین ( کوڕان) بەلام ڕاست نییە ئەگەر بڵێین (بەردان). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زانیارییەکانیان دەربارەی ڕۆنانی ڕێزمانیی کوردیی وایانلێدەکات کە بتوانن ئەوە دیاربکەن کە ئەوەی پێشوو ڕاستە و ئەوەی دواتر ڕاست نییە.

**دووەم**، هەرچەندە کە لە ڕێبازەکانی دێریندا (( ڕێزمان)) تەنها مۆرفۆلۆجیی و سینتاکسی دەگرتەوە، لە زمانەوانی بەرهەمهێندا زاراوەی

ڕێزمـــان بەمانـــایەکی زۆر فراوانتـــر بەکاردێـــت و تەنهـــا مۆرفۆلــۆجیی و سینتاکسـیش نـاگرێتەوە، بەڵکـو سیمانتیک و فەرهەنـگ و فۆنۆلـۆجیش دەگـرێتەوە. لێـرەوە، یاسـاکانی ڕێزمـان لە هەمـوو مۆدەڵەکـانی زمانییـدا هەیە. یاسا فۆنۆلۆجییەکان، یاسا مۆرفۆلۆجییەکان، یاسا سینتاکتییەکان و یاسا سیمانتیکییەکان هەر هەموویان بە یاساکانی ڕێزمان دادەنرێن.

سێیەم، ڕێزمان و یاساکانی ڕێزمان لەوانەیە ئاماژە بۆ کتابێک بکات، کە یاســاکان و بنەماکـــان بخـــاتەڕوو کە لەلایەن زمانەوانەکـــانەوە ئامـــاژەی پێکرابێـت، بـۆ هەڵێنجانی ئەوەی کە لە پشتەوەی ڕەفتـارە زمـانییەکەی قسەپێکەری زمـانێکی دیـارکراو ئەو یاسـایانە بەئاسـانی وەسفی شێوە ڕێکوپێکەکان (قالبە یاساییەکان – regular patterns) دەکەن، کە لە داتا زمانییەکاندا تێبینیکراون.

لەکۆتاییـدا، هەنـدێ ڕێزمـان کتێـبن کە دەربڕینێکـی وەسفییانە ( وەکـو وەسفی ڕاچێتەی پزیشکی) دەگرنەخۆ.

ئەمجـۆرە ڕێزمانـــانە ئەو یاســـایانە دەگرنەخـــۆ کە وەســـفی جـــۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتیی دەکەن. ئەمجۆرە بۆچوونە دەربارەی ڕێزمـان تـا ئێستاش لەدەرەوەی زمانەوانییدا زۆر بەربڵاوە. هۆکاری ئەمەش ڕوونە، لە ژیـانی ڕۆژانەدا یاسـاکان بەشـێوەیەکی ئاسـایی میکـانیزمی ڕێکخسـتنی ڕەفتارەکانن – ڕەفتاری قوتابیان لە قوتابخانەیەکدا، ئەندامانی یانەیەک، زینـــدانیانی بەنـــدیخانەیەک، هتـــد. لەزۆربەی ڕێزمـــانە تەقلیـــدییە فێرکارییەکاندا یاساکان خزمەتی هەمان ئامـانج دەکەن. گوزارشتکردنێکی وەکو : ڕستەیەک نابێت کۆتـایی بە ئـامرازی پەیوەندی بێت. یاساکان وەسفی ئەو بەکارهێنانانە دەکەن کە بە بۆچوونی ڕێزمانەوانەکـان لەڕووی کۆمەڵایەتی یان شێوازی فەرمییەوە پشتیپێدەبەسترێت.

بەهەرحاڵ، لەزۆربەی زمانەوانییە نوێیەکاندا یاساکان ئەرکی جیاوازیان هەیە. وەسفکردنێکی ڕەفتارەکان نەبوون کە زمانەوانەکان بەسەر قسەپێکەرانیاندا دەسەپاند. بەڵکو زیاتر گوزارشتکردنی ئەو بنەمایانە بوون کە بەرپرسبوون لەو ڕێکخستنانەی کە لە ئاخاوتن یان نووسین یان بەکارهێنەرانی زمانێکی دیارکراودا تێبینی دەکران. خاسیەتەکانی ئەو ڕێکخستنانەش کە لە قالبە تێبینیکراوەکانی بەکارهێناندا ئەوەبوو کە ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان بە ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەی زمانییان دادەنا. یاسا ڕێزمانییەکانیان بەیاناتێکی وەسفیی بوو (لە فرێزی ناوییدا ئامرازی ناسیاری دەچێتە کۆتایی فرێزەکە و سنووری فرێزەکە دادەخات) ئەو بەیانکردنە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە؛ کتێبەکە؛ لە ڕستەیەکی وەک (من کتێبەکەم خوێندەوە) ڕێگەی پێدەدرێت، بەڵام (*من ەکەم کتێب خوێندەوە) ڕێگەی پێنادرێت. ئەستێرەکە نیشانەی ئەوەیە کە فۆرمیکی ڕێگەپێنەدراوە یان ناڕێزمانییە.

چۆمسکی کارەکتەرەکانی زانیاریی زمانیی جیادەکاتەوە بەبەکارهێنانی چەمکەکانی توانست و بەکارهێنان. توانست ئەو زانیارییە کەسییە شاراوەیە یە دەربارەی یاساکانی ئەو زمانەی کە وایلێدەکات کە بتوانێ ژمارەیەکی گەورەی دیارینەکراوی گوتنە نوێیەکان بەرهەمبهێنێت و تێیانبگات، کەچی بەکارهێنان بەکارهێنانێکی ڕاستەقینەی زمانە لە هەڵوێستێکی واقعیدا. چۆمسکی پێشنیاردەکات، کە توانست لە بەکارهێنان بابەتێکی سەرکی ترە لە لێکۆڵۆڵینەوەی زمانییدا. بەسادەیی، زانیاریی زمانێک ئەوە دەگەیەنێت کە بەناچاری سیستەمێکی تۆکمەی ئەو یاسایانە بەکارامەیی وەربگریت. کە کەسێک بتوانێت ژمارەیەکی نادیاری گوتنەکان لە زمانەکەیدا بەکۆدبکات و بشتوانێت ئەو کۆدانە شیبکاتەوە.

یەکێک لە وەچە سیستەمی ئەو یاسایانە بریتییە لە یاساکانی وشە – دروستکردن، کە ئێمە لە بەشەکانی داهاتوودا پێشکەشی دەکەین. هەروەها ئەوەش نیشاندەدەین کە قسەپێکەرانی زمانێک، تەنها ئەو وشانە خەزن ناکەن کە دەیزانن. توانستەکەیان ئەوەش دەگرێتەوە کە بتوانن یاری بەو یاسانەشەوە بکەن بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و شیکردنەوەی ماناکانی ئەو وشە نامۆیانەی کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانێک یان چیرۆکێکدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەگەر زانینی زمانێک بەشێوەیەکی سەرەکی وەرگرتنێکی کارامەییانەی سیستەمی یاساکان بێت، مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئەم ئەرکە جێبەجێبکات؟ چۆمسکی بانگەشەی ئەوە دەکات کە توانای زمانیی مرۆڤ زگماکە و کاراکتەری گشتی زانیاریی زمانیی بەهۆی سروشتی عەقڵەوە دیاردەکرێت کە فاکەڵتێکی تایبەتیی زمانیی پێبەخشراوە. ئەم فاکەڵتییەش لەبەرامبەردا بەهۆی بایۆلۆجی مێشکەوە دیاریدەکرێت. منداڵ لەگەڵ بلۆ – پۆینتێکی زمان لەدایکدەبێت کە پێیدەوترێت (ڕێزمانی سەراپا -universal grammar).

بەپێی چۆمسکی، ڕێزمانی سەراپا ئەو فاکەڵتییەی عەقڵە کە سروشتی توانستی زمانیی و کەسپکردنی زمان لای منداڵی ساوا (شیرەخۆر) دیاردەکات. ئەو خاسیەتانەی کە لەپشتەوەی توانستی زمانیی قسەپێکەری زمانە جیاوازەکانەوەن لەلایەن ئەو کەرەستە سەرەتاییە بەند و یەکتایانەوە حوکمدەکرێن، کە لە ڕێزمانی سەراپاوە ڕەگاژۆیانکردووە. ئەمەش وێکچوونێکی سەرسوڕهێنەری ژێرەوەی نێوان خاسیەتە ڕۆنانییە سەرەکییەکانی زمانەکان ڕوونیدەکاتەوە. شتێکی ئاشکرایە کە زمانێک لە زمانێکی تر جیاوازە، بەڵام جیاوازییە ڕۆنانییەکانی نێوانیان لەناو مەودایەکی زۆر تەسکدا ڕوودەدات، کە لەلایەن

ڕێزمانی سەراپاوە پەسەند دەکرێت، کە لە داهاتوودا دەیبینین بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە وشە – دروستکردنەوە. زۆر لە بنەماکانی وشە – ڕۆنان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دووبارە دەبنەوە. فاکەڵتیی زمانیی عەقڵ لە هەموو مرۆڤەکاندا هەمان شتە. لێرەوە زمانەکان لەناو سنوورێکی زۆر دیاریکراودا دەتوانن لەیەکترەوە جیاواز بن کە پێشتر لەلایەن فسیۆلۆجی و نیۆرۆلۆجیی مێشکی مرۆڤەوە دیارکراون، کە سروشتی ڕێزمانی سەراپا دیاریدەکەن. لەبەرامبەریشدا ڕێزمانی سەراپا جۆری ڕێزمانی زمانێکی تایبەتیی دیاریدەکات کە دەتوانرێت لەلایەن شیرەخۆرەکانەوە کەسپ بکرێت.

جیاوازیی نێوان ڕێزمانەکان کە لەلایەن تاکە قسەپێکەرێکی– با بڵێین کوردی یان ئینگلیزییەوە کەسپ دەکرێت دەتوانرێت بۆ شارەزایی (ئەزموون) بگەڕێنرێتەوە. شارەزایی تاکیش ڕێزمانێکی تایبەتیی زمانێکی دیارکراو دەستنیشاندەکات. ئەوەی ئەو تاکە دووچاری دەبێت لەناو ئەو بوارەی کە لەلایەن ڕێزمانی سەراپاوە ڕێگەپێدراوە.

ڕێزمانی سەراپا چۆن بونیادنراوە؟ لە ڕۆناندا (مۆدیولار) ە، لە چەند وەچە - سیستەمێکی جیاوازی بنەماکان پێکهاتووە. زۆربەی بنەماکانیشی لەچەند پارامێتەرێک پێکدێت کە بەپێی شارەزایی لەسەر بنەمای جۆری ئەو بەڵگە سادانەی کە لەبەر دەستی منداڵدایە چەسپێنراوە. چۆمسکی ڕێزمانی سەراپا بەسیستەمێکی ئەلیکتریکی ئاڵۆز بەراورد دەکات کە هەر هەموو وایەرەکانی بەیەکەوە گەیەنراون، بەڵام پێنەکراون. سیستەمەکەش کۆمەڵە سویچێکی دیارکراوی هەیە کە هەریەکێک لەوانەش ژمارەیەک شوێنی بەندکراویان هەیە. ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ ئەزموون یان

شارەزابوونی لە زمانێکی دیاریکراودا پێویستی بە پێکردنی ئەو سویچانەو بەپێدانی ڕێکخستنێکی گونجاو هەیە.

بیرۆکەی سەرەکی پارامێتەر مانای دەستبەسەرداگرتنی ئەو ڕاستییەیە کە زۆربەی یاساکان بەیەکەوە بەستراون. ئەگەر هەڵبژاردنێک بکەین لەوانەیە ڕێگا هەندێ لە هەڵبژاردنەکانی تر بگرێت. یان پێشنیازی هەندێ هەڵبژاردنی پەیوەستکراوی تر دەکات. بێگومان ئەوەش ئەرکی کەسبکردنی زمان ئاسانتر دەکات، لەوەی کە ئەگەر هەر یاسایەک سەربەخۆ و جیا لە هەموو یاساکانی ترەوە کاربکات. ڕێبازی پارامێتەریی وایدادەنێت کە کەسبکردنی زمانێک لای منداڵ، مەزەندەکان یان گریمانەکان زۆر چالاکتردەکات دەربارەی ئەو ڕێزمانەی کە بەفیعلی لەسەر ڕەگی یاسا کەسبکراوەکانەوە دەستکەوتووە پاش ئەزموونی زمانێکی تایبەتیی.

نموونەیەکی کۆنکریتی پارامێتەر ئێمە سەیری یاساکانی سەرەی لای دەستی چەپ و سەرەی لای دەستی ڕاست دەکەین. ئەم پارامێتەرە پەیوەستە بە شوێنی سەرەوەی پێکهێنێکی ڕێزمانییەوە. هەندی زمان بۆ نموونە کوردی، سەرە لەلای ڕاستەوە دادەنێت کە دواین کەرەستەی پێکهێنەکەیە. بۆ نموونە لە فرێزێکی ناویی وەک: ***هەر ئەو دوو کورە*** وشەی سەرەکە کەوتۆتە کۆتایی فرێزەکەوە، بەڵام لە فرێزێکی وەک: ****دوو کورە هەر ئەو*** ڕێگەی پێنادرێت.

وەک یاسایەک، سەرە تاکە کەرەستەی ناچاری پێکهێنێکی وەک فرێزی ناوییە. لە فرێزەکەی سەرەوەدا وشەی کوڕ سەرەی فرێزەکە بوو کەرەستەکانی تریش دیارخەر بوون. لەوەش زیاتر لەڕووی واتاوە

سەرەی (کوڕ) وشەی کلیلە لەو فرێزە ناوییەدا. وشەکانی هەر ئەو بوو تەنها کوڕەکیکی تایبەتی زیاتر بەدەردەخات کە ئاماژەی بۆکراوە.

بەهەمان شێوە لە ئاستی وشەشدا لە لێکدراوێکی وەک (مارماسی) وشەی سەرە لە کۆتاییدایە و لەڕووی سیمانتیکیشەوە بە کەرەستەیەکی گرنگ دادەنرێت (( واتە ماسییەک کە لەماردەچێت نەک مارێک کە لەماسی بچێت)

بەهەرحاڵ، لە هەندێ زماندا بۆ نمونە وەک عەرەبیی یان یابانیی دۆخەکە بەپێچەوانەوەیە، سەرەی پێکهێنێکی ڕێزمانیی ئاسایی لەلای چەپدایە. منداڵ یەکجار شوێنی سەرەی پێکهاتەیەک بدۆزێتەوە، ئەوە دەتوانێ ببێتە گشتاندنێکی زۆر سەرکەتوو بۆ پێکهاتەکانی تریش.

ڕێزمانی سەراپا لە ژمارەیەک لە مۆدەلی پەیوەست بەیەکترەوە ( بەیەکەوەبەستراو) پێکدێت . وا لەخوارەوە نیشانی دەدەین، ئەوەی کە پێویستە لەگەڵ وێنەی ژمارە ( ١) دا بەراورد بکرێت.

**(i) فەرهەنگ و مۆرفۆلۆجی**

**(ii) سینتاکس**

**(iii) فۆرمی فۆنەتیکیی ( بۆ کورتکردنەوەش- PF) مامەڵە لەگەڵ نواندنی گوتنەکان لە ئاخاوتندا دەکات**

**(iV) فۆرمی لۆجیکیی (بۆ کورتکردنەوەش- LF) مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکات**

وەک بینیمان، ڕێزمانی سەراپا مۆدەلی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆجیی دەگرێتەوە. زانیاریی وشە- ڕۆنان لایەنێکی سەرەکیی توانستی زمانییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆرفۆلۆجیی وەک مۆدەلێکی جیاوازی

ڕێزمانی سەراپا بناسێنرێت. بەڵام لەهەمان کاتدا، مۆرفۆلۆجیی (لەگەڵ فەرهەنگ) وەکو پردێک کە مۆدەڵەکانی دیکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە پێویستە مۆرفۆلۆجیی بەتەنها تاقی نەکرێتەوە، بەڵکو پەیوەست بە مۆدەڵەکانی دیکەوە لێبکۆڵرێتەوە. مۆرفۆلۆجیی کارلێکی لەگەڵ هەردوو فۆنۆلۆجیی و سینتاکسدا هەیە ، بەهەمان شێوە لەگەڵ سیمانتیکیشدا. کەواتە؛ مۆرفۆلۆجیی تەنها کاتێک دەتوانرێت دیراسە بکرێت ئەگەر ڕەهەندی فۆنۆلۆجیی و سینتاکتیکیی و سیمانتیکیی بە ڕەهەندەکانی وشە دابنرێن. بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:

(F.Katamba, ١٩٩٣, P.٥-١٠) و Haspelmath ٢٠١٢,P.٩

# کارلێکی مۆرفۆلۆجیی – فۆنۆلۆجیی

سەبارەت بە کارلێکی مۆرفۆلۆجیی – فۆنۆلۆجیی، هەڵبژاردنی که مۆرفیمێکی دیارکراو دەنوێنێت، لەوانەیە بکەوێتە ژێر کارێگەریی دەنگانەی که مۆرفیمێکی دەوروبەری خۆی دەناسێنێ، بۆ نموونە سەرەکی ئەم مۆرفیمە لەزمانی کوردیدا (ەکە)یە، بەڵام لەشوێنی دەوروبەری جیاوازدا بە فۆرمی دیکە بەدەردەکەوێت. ئەگەر بکەوێتە دەنگێک که بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت، هەر (ەکە)یە. وەک:

**کوڕ+ ەکە ← کوڕەکە**

بەڵام ئەگەر کۆتایی بە کۆنسنانت هاتبێت ئەوا دەبێتە (یەکە، کە، ەک، یەک، وکە، یکە) بەپێی ئەودەنگە بزوێنەی که دەکەوێتە پێش مۆرفیمە ناسیارییەکەوە. وەک:

**برا+ یەکە ( کە ) ← برایەکە ( براکە)**

**مامۆستا+ کە ( یەکە) ← مامۆستاکە ( مامۆستایەکە)**

**پیاو+ ەکە+ ان ← پیاو +ەک + ان ← پیاوەکان**

هتد. ..................

ئێمە ناتوانین وەسفی شێوەیەکی فۆنۆلۆجیی ئامرازی ناسیاری بکەین ئەگەر ئاماژە بەو دەنگە نەکەین که دەکەوێتە پێشییەوە.

## کارلێکی مۆرفۆلۆجیی – سینتاکس

سەبارەت بە کارلێکی مۆرفۆلۆجیی – سینتاکس، فۆرمی وشەیەک لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو پێکهاتە سینتاکسییەی کە وشەکەی تێدا بەدەردەکەوێت. بۆ نمونە چاوگی (ڕۆیشتن) کۆمەڵێک فۆرم دەگرێتە خۆی (بەتایبەتیش کاتێک کە وەک فۆرمێکی کرداریی بەکاردێت) لەوانە: دەڕوات، دەڕۆن، ڕۆیشتن، ڕۆیشتووە، ڕۆیشتبوو. هەڵبژاردنی یەکێک لە فۆرمەکانی ئەو کارە لە بارێکی دیارکراودا پشت بەو پێکهاتە سینتاکسییە دەبەستێت کە تێیدا بەدەردەکەوێت. کەواتە؛ لە کاتی ڕانەبردوودا هەڵبژاردن لەنێوان فۆرمەکانی (دەڕوات) و (دەڕۆن) دەوەستێتە سەر ئەوەی کە ئایا بکەری کارەکە کەسی سێیەمی تاکە (لەم حاڵەتەدا دەڕوات هەڵدەبژێردرێت وەک: (ئەو دەڕوات) یان نا ( لەم حالەتەشدا دەڕۆن هەڵدەبژێردرێت وەک: (ئەوان دەڕۆن). لە ڕابردووشدا دەبێتە (ڕۆیشت) بۆ کەسی سێیەمی تاک و (ڕۆیشتن) یش بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

چۆمسکی ( ١٩٥٧:٣٩) مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستیانەدا وەک دیاردەیەکی سینتاکتیکی حاشاهەڵنەگر دەکات، بە بەکارهێنانی یاساکانی ڕۆنانی فرێزی خوارەوە:

ات  لە پەوتێکی NP تاک — ڕانەبردوو

س ←

ن  لە پەوتێکی NP کۆ — ڕابردوو ڕانەبردوو

تێبینییەکان: (أ) ← مانای فراوانکردن یان دەنووسرێتەوە وەک؛

(ii) س  مانای پاشگره کرداریيه جیاوازەکان کە ڕەنگە بناسرێت، وەک لە دەڕوات) یان تەنها  ن بێت (وەک لە دەڕۆن) بۆ ڕابردوو دۆخەکە بەشێوەیەکی تر دەبێت.

ئەم شیکردنەوەیەی چۆمسکی جیاواز نییە لەیاساکانی ڕۆنانی فرێز وەک: ($S \rightarrow NP + VP; \rightarrow Verb + NP$)

کە یەکگرتنە ڕێگەپێدراوەکانی وشەکان بۆ فرێزەکان یان ڕستەکان دەخاتەڕوو.

لە یاساکانی وشە- ڕۆنانەکەی سەرەوە کە ڕەنگە تاڕادەیەک بەم شێوەیە بێت:

**ئەسپێکت + ڕەگ + کەس**

**دە + ڕۆ + ات**

هەر هەموو ئەو یاسایانە بەیەکەوە کۆبوونەتەوە لەبەرئەوەی پەیوەستن بەئاماری یەکگرتنە ڕێگەپێدراوەکانی مۆرفیمەکان (بڕوانە ئەوەی سەرەوە) جێی سەرنجە، هەر چۆنێک بێت ئەم جۆرە مامەڵە کردنەی پاڵنەرە سینتاکتیکییەکان لە فۆرمەکانی وشەدا جێی مشتومڕە.

## کارلێکی مۆرفۆلۆجیی و سیمانتیک

پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجیی و فەرهەنگ لەلایەک و لەگەڵ واتاش لەلایەکی تردا، ئاشکرایە، چونکە ڕۆڵی سەرەکیی فەرهەنگ ئەوەیە کە واتای وشەکان ریزبکات. ئەمەش لەبەر ئەوەی هەمیشە پەیوەندییەکی نێوان وشەیەک و واتاکەی هەڕەمەکییە. واتە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە وشەیەک ئەو واتایە تایبەتییە بگەیەنێت کە هەیەتی. بۆ نموونە تۆ دەبێ ئەو ڕاستییەت لەیادبێت کە وشەیەکی وەکو (پێشکە) ئاماژە بۆ

جۆره زیندەوەرێکی تایبەتی دەکات. هیچ ڕێگایەکیش نییە کە بتوانی ئەو ڕاستییە لە دەنگەکان یان ڕۆنانی وشەکەوە بدۆزیتەوە.

سەرەڕای ئاماژەکردن بۆ واتای وشە و مۆرفیمەکان بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا کەمتر ڕوونە، ئەوەیە کە فەرهەنگ پێویستە جۆرە زانیارییەکی دیکە خەزنبکات کە پەیوەستە بە پیادەکردنی یاسا فۆنۆلۆجی و یاسا سینتاکتیکییەکان.

سینتاکس پێویستە دەروازەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەبێت واتە؛ ئەو خاسیەتانەی کە تاڕاددەیەک سینتاکسیین و تاڕاددەیەکیش مۆرفۆلۆجیین. وەک ئەوەی کە ئایا ناوێکی وەک (کوڕ) ژمێردراوە، یان ناوێکی وەک (نەوت) نەژمێردراوە. چونکە ئەمە کار لە ڕەفتارەکانیان دەکات لەناو فرێز و ڕستەکاندا. ئێمە لەوانەیە بتوانین بڵێین (کوڕان یان دوو کوڕی زیرەک) بەڵام ناتوانین بڵێین ( ***نەوتان یان *دوو نەوت** )

لەوەش زیاتر، هەندێ لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان بەشێوەی جیاواز بەسەر وشەکاندا پیادەدەکرێن بەپشت بەستن بەتایبەتییە مۆرفۆسینتاکسییەکانیان. بۆنمونە، هەندێ لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان هەستیارن بۆ جیاوازیکردن لەنێوان ناوەکان و کارەکاندا. کەواتە؛ هێزی سەرەکیی لە ناوەکان و ئاوەڵناوەکاندا لە کۆتاییدایە، وەک؛ ئاڵا، ئازا بەڵام هەندێ لە مۆرفیمە پێکهێنەکانی کار هێز وەردەگرن. بۆنمونە لە فۆرمێکی نەرێی وەک ناخۆم، هێز دەکەوێتە سەرەتاوە، واتە هێزە سەرەکییەکە لەسەر ئامرازی نەفییەکەی (نا)یە. ئاشکرایە کە بۆ پیادەکردنی ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە هێز تەرخاندەکەن بەشێوەیەکی دروست، گەیشتن بەو جۆرە زانیارییە مۆرفۆلۆجییانە زۆر پێویستە. ئەو زانیارییە پێویستە بەشێک لە دەروازەی فەرهەنگیی وشەکان پێکبهێنێت.

بۆیە ناتوانرێت مۆرفۆلۆجیی بەتەنها بۆخۆی دیراسەبکرێت، بەپێچەوانەوە ڕۆنانکارەکان لە لەیەکترترازاندنی ئاستەکانی زماندا زۆر سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی بەرگری لە بۆچوونەکانیان بکەن.

## ئەرکەکانی مۆرفۆلۆجیی( بەکورتیی)

سەرەڕای ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لەنێوان ئەرک و واتادا هەیە، کە لە ڕونکردنەوەی مۆرفۆلۆجییدا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ تا ڕادەیەک ئاماژە بەئەرکە بنەڕەتییەکانی کردە مۆرفۆلۆجییەکان کراوە، بەڵام بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن بەپێویستی دەزانم کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەم بابەتە ڕونبکەمەوە:

دوو ئەرکی بنەڕەتیی کردە مۆرفۆلۆجییەکان بریتیین لە :

(١) داهێنانی وشەی نوێ ( واتە لێکسیمی نوێ).

(٢) ڕوونکردنەوەی فۆرمێکی گونجاوی لێکسیمێک لە سیاقێکی سینتاکسیی دیارکراودا.

نموونە بۆ ئەرکی یەکەم، فۆرماندنی لێکسیم، لە سکەدانی وشەی(**دڵخۆش**) لە بوونی دوو لێکسیمی (دڵ) و (خۆش) دا. کەواتە مۆرفۆلۆجیی کۆمەڵێک ڕێگامان بۆ دەستەبەردەکات بۆ فراوانکردنی سێتە وشەیەک بەڕێگایەکی سیستەماتیکیی لە زمانێکی دیارکراودا. لە سکەدانی (**دڵخۆش**) دۆخێکی لێکدراوە کە تیایدا دوو لێکسیم یەکیانگرتووە بووە بە یەکێکی نوێ.
ڕێگایەکی تری وشە – دروستکردن، وشە داڕشتنە، وەک لە وشەی( **کرێچی**) دا بەدیار دەکەوێت، ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی هەندێ کردەی مۆرفۆلۆجیی بەسەر لێکسیمەکەدا دێتە کایەوە. کەچی لە

لێکدراودا دوو لێکسیم یان زیاتر یەکدەگرن بۆ دروستبوونی لێکسیمێکی نوێ. ئێمە بۆ پێویستیمان بە وشەی نوێ هەیە؟ یەکێک لە هۆکارە ئاشکراکان ئەوەیە کە بەکارهێنەرانی زمان پێویستییان بە دەربڕینی نوێ هەیە بۆ شتە (بابەتە) نوێیەکان، یان چەمکە نوێیەکان. بۆ نموونە کە بوونێک یان چەمکێکی وەک، دارێک، کە بەرەکەی جۆرە میوەیەکی تایبەتی وەک **سێو** بێت زۆر بەئاسانی دەتوانین بەچەمکی یەک وشە ( **دارسێو**) ئاماژەی بۆ بکەین لە بری ئەوەی کە باسی چوارچێوەی شتەکە بکەین. کەواتە مۆرفۆلۆجیی ئەرکێکی نیشانەکردن (مۆر و تەمغەلێدان)ی هەیە. دروستکردنی وشەیەک بۆ جۆرێکی نوێی بوونێک، ڕووداوێک، یان خاسیەتێک، لەوانەیە خاسیەتێکی پراگماتیکیی ئیزافیی هەبێت کە سەرنج بۆ چەمکە نوێیەکە ڕادەکێشێت. بۆ نموونە، وشەی (**ڕێزمانی پێکهاتەیی**)، بۆ ئەوە داهێنراوە، کە ئاماژە بە قوتابخانەیەکی زمانیی تایبەتیی بکات، سەرەڕای ئەوەی کە تیایدا بیرۆکەی (پێکهاتەیی) ڕۆڵێکی سێنترالیی دەگێڕێت. بەهۆی لە سکەدانی ئەو تەمغەیە قوتابخانەیەکی نوێی زمانیی دامەزراوە کە بیرۆکەکەی زۆر بە ئاسانی سەرنجڕادەکێشێت. کارە نوێیەکان بۆ ئەوە داهێنراون کە جۆری ڕووداو و چالاکییە نوێیەکان دەربڕن. بۆ نموونە کارێکی وەکو؛ دەر؛ لە ( **دەرخوارد دان) دا** - بووە هۆی ئەوەی کە بیخوات - یان ئاوەڵناوێکی وەک: (**یاسایی**) - بەیاساییکردن - کە ئەمانە پەیوەندییەکی هۆیی ڕووداوەکان یان خاسیەتەکان دەردەبڕن.

بەهەرحاڵ، ئەمە تاکە ئەرکی وشەسازدان نییە، ئەرکێکی گرنگتری وشەسازدان بەکاتیگۆریکردنەوەی سینتاکسییە. بەهۆی بەکارهێنانێکی

مۆرفۆلۆجیـانەی ئەو وشـانەی کە بە کـاتیگۆرییە سینتاکسییەکانەوە پەیوەستن، دەتوانن جیاوازیی شێوازیی و یەکگرتوویی دەق پێکبهێنن، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا بەدەردەکەوێت:

**ئەگەر ئەمە شارستانی نییە، بیکە بە شارستانیی و پێم بڵێ.**

هەندێ جار پـاڵنەری پراگماتیکیی لە پشتەوەی لە سکەدانی ئەو وشە نوێیانەوە هەیە کە لە بـواری مۆرفۆلۆجیـای مەزەندەکردنـدان. لە زۆربەی زمانەکاندا فۆرمە بچووککراوەکانی وشەکان بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بۆ بچووکی قەبارەی شتە ئاماژەپێکراوەکان ناکەن، بەڵکو بۆ بەخشینی بەهـایەکی ئەرێنیی یـان نەرێنییە. بەواتـایەکی تـر نـاوی بچووکراوە بۆ کۆمەڵێـک واتـا و مەبەسـتە. وەک: خۆشەویسـتیی، جیـاکردنەوە لە گەورەکـان، سەرزەنشت، بێزیزیی، هتـد) بێگومـان دروسـتکردنی نـاوی بچووکراوە بەهۆی کۆمەڵێک پاشگرەوە دەبێت، کە بەبنـاغەی وشـەکانەوە دەلکێن و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشـەکان دەگۆڕن و دەوری وشـە – ڕۆنان دەبینن، بەڵام مەرج نییە هەمـوو کاتێـک فـۆرمە بچووککراوەکـان بە پێی یاسایەکی مۆرفۆلۆجیی ڕێکوپێکەوە دروسـتبووبن. بـڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ناو | پاشگر | فۆرمی بچووککراوە |
|---|---|---|
| برا | لە | براڵە، برای بچووک بەمەستی خۆشەویستی |
| کیژ | (ۆڵ) ۆڵە | کیـژۆڵ (کیـژۆڵە) کیژێکی بچـووک بە واتـای نازداریی |
| خاڵ | ە،ۆ | خاڵە، خاڵۆ ( زیاتر بۆ خۆشەویستییە) |

| | | |
|---|---|---|
| مستەفا | | مچە، مچۆڵ، مچۆ ( بێ ڕێزیی) |
| فاتیمە | | فاتێ، فاتۆل، فاتە، فاتمۆک ( سەرزەنشتکردن) |
| مێروو | لە | مێرووله، مێرووی بچووک (بچووکردنەوە) |
| عائشه | | عەیشێ، عایشۆک،عەیشۆڵ ( سەرزەنشتکردن) |
| جوجه | ڵە | جووجەڵە |
| منداڵ | ۆکە | منداڵۆکە، جیاکردنەوەی لە منداڵی هەراش |

کەواتە ئێمە مۆرفۆلۆجیی بۆ دەربڕینی هەستە خودییەکانمان بەرامبەر بەشتەکان بۆمەبەستی لاوازکردنی یان بەڕێزەییکردنی بیرۆکەیەک بەکاردەهێنین. ئەرکی گەردانکردنیش بۆ دروستکردنی فۆرمە جیاوازەکانی لێکسیمەکانە. هەوڵدەدەین کە لە بەشەکانی داهاتوودا، وردەکارییەکانی ئەو باباتانە ڕوونبکەینەوە (Geert Booij: ٢٠٠٧, P. ٣٩ )

## ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیی

ئامانجی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیی وەسفکردن و ڕونکردنەوەی تەرزە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی مرۆڤە. وا باشترە کە چوار وەچە ئامانجی ئەم هەوڵ و تەقەلایە بخەینەڕوو: وەسفێکی ڕێکوپێک، وسفێکی ڕاستەقینەی مەعریفیانە (تواناکانی مێشک)، ڕونکردنەوەیەکی سیستەم- دەرەکیی، ئەندازەیەکی بەندکراو بۆ وەسفکردن.

### (١) وەسفکردنێکی ڕێکوپێک:

هەموو زمانەوانەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێ تەرزە مۆرفۆلۆجییەکان (تەواو وەکو تەرزە زمانییەکانی دیکە) بەڕێگایەکی

ڕێکوپێک وەسفبکرێن و لەڕووی سەلیقەوەش پەسەند بێت. کەواتە وەسفە مۆرفۆلۆجییەکان دەبێ یاسایەکیان تێدا بێت کە پێمان بڵێت، ناو لە زمانی کوردییدا بەزیادکردنی (ان) دەبێتە کۆ نەوەک بەئاسانی لە فەرهەنگدا لیستێک بۆ هەموو ناوە کۆیەکان دروستبکەین. بۆ نموونە (کوڕ،کوڕان، کچ، کچان، قوتابی، قوتابیان، مەلا،مەلایان،...هتد) لەڕاستیدا لە پرۆگرامی کۆمپیوتەردا کە هاوشێوەی زمانی مرۆڤە (یان لە زمانی مرۆڤ دەچێت) لەوانەیە ڕێگای دووەم زۆر پراکتیکی تر بێت و زیاتر ئەو ڕێگا چارەیە بگرنە بەر. بەڵام بە بۆچوونی زمانەوانەکان ئەم ڕێگایەکی ڕێکوپێک نییە. باشترین و سەرەکیترین پێوەری ڕێکوپێک گشتاندنە. بێگومان، هەموو وەسفێکی زانستیی پێویستە گشتاندن لە داتاکانیدا ڕەنگبداتەوە و نابێت تەنها لیستێک بێت بۆ ڕاستییە کەسییەکان یان تایبەتییەکان. بەڵام گشتاندنەکە دەتوانرێت بەڕێگای جیاواز بنوێنرێت یان دابڕێژرێت و بکرێتە هاوکێشەیەک، بەڵام زمانەوانەکان زۆر جار ڕێک ناکەون لەسەر بڕیاردانەکانیان کە وا کام وەسفکردن ڕێکوپێکە، بۆیە وا باشترە کە هەندێک پێوەری بابەتیانەی زیاترمان هەبێت کە سەرچاوە بۆ زانیاریی قسەکەر لە زمانەکەیدا دروستبکات.

**(پ) وەسفێکی ڕاستەقینەی مەعریفیی(توانای مێشک) :**

زۆربەی زمانەکان دەڵێن وەسفکرنەکان نابێت تەنها ڕێکوپێک و گشتێنراو بێت، بەڵکو دەبێت لەڕووی مەعریفییەوەش ڕاستەقینەبێت. بەواتایەکی دیکە، دەبێت هەمان گشتاندن بۆ ئەو سیستمە ڕێزمانییەش دەرببڕدرێت کە ئامێرە مەعریفییەکانی قسەکەر بەشێوەیەکی بێئاگایی پێیان دەگات.

ئێمە دەزانین کە زانیارییەکانی قسەکەرێکی کورد تەنها لەلیستێک پێک نەهاتووە کە ناوە تاک و کۆیەکانی تێدا بێت. بەڵکو دەبێت ئەو یاسا گشتییەشی تێدا بێت کە دەڵێت: ناوی کۆ لە کوردییدا بە زیادکردنی (ان) بۆ کۆتایی ناوە تاکەکانەوە دروست دەبێت. بەپێچەوانەوە قسەکەر ناتوانێت ناوی کۆ بۆ ئەو ناوانە دروست بکات کە هەرگیز پێشتر ڕووبەڕوویان نەبۆتەوە، بەڵام ئەو توانایەیان هەیە: ئەگەر تۆ بە قسەکەرێکی کورد بڵێیت کە ئامێرێکی مۆسیقیی دیاریکراو کە پێی دەگوترێت (جوق)، قسەکەرەکە دەزانێت کە کۆیەکەی دەبێتە (جوقان). بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ پرۆگرامێکی کەڕوڵاڵی وەکو کۆمپیوتەر کە تەنها لیستی ناوە تاک و کۆیەکانی تێدایە لێرەدا تەواو شکستدەهێنێت.
بێگومان ئامانجی وەسفی ڕاستەقینەی مەعریفیی هیوای زۆر لەوە زیاترە کە تەنها وەسفێکی ڕێکوپێک بێت و ئێمە دەبێ بەڕاستیی بتوانین سەیری ناو مێشکی خەڵک بکەین بۆ ئەوەی بەتەواوی لەو دەزگا مەعریفییە بگەین. زمانەوانەکان هەندێ جار پێشنیاری وەسفکردن ڕەتدەکەنەوە چونکە وایدەبینن کە لەڕووی مەعریفییەوە ناپەسەند و نەشیاو بێت و ڕێی تێنەچێت، هەندێ جاریش زمانەوانەکان هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ لێکۆڵینەوە سایکۆلۆجیی و دەمارناسییەکاندا دەکەن و ئەنجامەکانیشیان بەهەند هەڵدەگرن.

**(پ) لێکدانەوەی سیستەم – دەرەکیی:**

لەکاتێکدا کە وەسفکردنێکی باوەڕپێکراو یان دڵخۆشکەر بۆ ئەو تەرزە مۆرفۆلۆجییانەی کە تا ئێستا دەستمانکەوتوون بەدەستدەهێنرێت، زۆربەی زمانەوانەکان پرسیارێکی زۆر گرنگ دەکەن: بۆچی تەرزە مۆرفۆلۆجییەکان بەو شێوەیەن کە هەن؛ بەواتایەکی دیکە ئەوان بە

مەبەستی ڕاڤەکردن دەپرسن: بەڵام دەبێ ئێمە ئاگاداری ئەوە بین کە زۆربەی ڕاستییەکان دەربارەی تەرزە زمانییەکان زیاتر ڕووداوی مێژوویین و ناتوانرێت بەو شێوەیە ڕاڤەبکرێن و لێکبدرێنەوە. ئەو ڕاستییەی کە ناوی کۆ لە زمانی کوردییدا بەخستنەسەری (ان) دروستدەبێت، نموونەیەکی باشی ئەو ڕووداوە مێژووییەیە و هیچ شتێکیش پێویست نیبە کە دەربارەی (ان)ی کۆ بگوترێت. چونکە نیشانەی کۆ لە زمانی ئینگلیزیی (S)ە و لە هەنگارییدا (k)ە و لە عیبرییدا (im) یان (ot)ە و لە سویدییدا (ř) و بەو شێوەیە. ڕێگایەکی دووبارەبووەوەش بۆ بەدواداچوونی لێکدانەوەکان لە زمانەوانییدا ئەوەیە کە شیکردنەوەیەکی سەراپا بۆ زمانەکانی مرۆڤ بکرێت، چونکە لەوانەیە ئەوانە تارادەیەکی زۆر ئەو ڕاستییانە بنوێنن کە لە ئاستێکی قووڵتردا پێویستیان بە لێکدانەوە هەبێت و وەک هەنگاوی یەکەمیش ئێمە دەبێ ئەوە بدۆزینەوە کە وا کام لە تەرزە مۆرفۆلۆجییەکان سەراپان (گشتگیرن- جیهانیین). ئاشکرایە کە (ان) ی کۆ گشتگیر نییە، هەروەک لەبەشەکەی پێشتردا بینیمان، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەربڕینە مۆرفۆلۆجییەکانیش گشتگیر نیین و زمانی یۆروبا-Yorubaش نموونەی زمانێکە کە کۆی مۆرفۆلۆجیی تێدا نییە. کەواتە هەتا ئەو ڕاستییەش کە ناو لە کوردییدا کۆی هەیە جگە لە ڕووداوێکی مێژوویی هیچی دیکە نییە، بەڵام لێرەدا هەندێ شت هەیە دەربارەی کۆ کە ڕووداو و یان ڕێکەوتێکی مێژوویی نییە. شتێکی گشتیشە ئەو ناوانەی کە ئاماژە بۆ خەڵک دەکەن کۆ دەکرێنەوە یان ڕێژەی کۆیان هەیە زۆر زیاتر لەو ناوانەی کە ئاماژە بۆ شتەکان دەکەن. بۆ نموونە لە زمانی (Tzutujil) دا تەنها ناوی مرۆڤەکان

سیستەمێکی ڕێکوپێکی مۆرفۆلۆجییانەی فۆرمی کۆیان هەیە. ئێمە دەتوانین ئەو بانگەشە گشتگیرە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژین:

**ڕاگەیاندنێکی گشتگیر:** ئەگەر هەر زمانێک بەشێوەیەکی مۆرفۆلۆجیی فۆرمی کۆی ناوی هەبێت ئەوا هەر دەبێت ناوە کۆیەکان ئامارە بۆ مرۆڤ (ئادەمیزاد) بکەن.

ئەوبانگەشەیە بۆ ئەو زمانانەش ڕاستە کە فۆرمی کۆیان هەیە. بۆ نمونە وەکو کوردی و ئەو زمانانەش کە کۆی مرفۆلۆجییان نییە. بۆ نمونە وەکو یۆروبا کەواتە ئەوە بۆ هەموو زمانەکان ڕاستە چونکە لە هەموو ئەگەرەکاندا وا پێدەچێت کە ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی نەبێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی شتێکی لەوە قووڵتر بێت. یەکێک لە خاسیەتە گشتییەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەتوانرێت بەهۆی ڕێباز- دەرەکییەوە ئامارەی بۆ بکرێت. بۆ نمونە لەوانەیە یەکێک پێشنیاری ئەوە بکات، کە ئەو بانگەشەیەی کە پێش ئێستا خستمانەڕوو، حاڵەتێکە، چونکە کاتێک کە سەرچاوەی ناوەکان مرۆڤن، بەواتایەکی دیکە کاتێک کە ناوەکان ئامارە بۆ کەس دەکەن جیاوازییەکی گەورە دروستدەکەن بەوەی کە چەند کەسن زیاتر لەوەی کاتێک کە سەرچاوەی ناوەکان شتومەکن. کەواتە ناوی کۆی ئامارە – کەس زۆر بەسوودە و وا ڕێتێدەچێت کە بەسەر هەموو زمانەکانی جیهاندا پیادە ببێت، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە (سەرەڕای چاکەکانی) نمونەیەکە بۆ لێکدانەوەی ڕێباز – دەرەکیی بەو واتایەی کە ئامارە بۆ هەندێک ڕاستیی لە دەرەوەی زماندا دەکات: بەسوودیی جیاکردنەوەی ژمارە لە ئاخاوتندا.

(ت) ڕۆنانێکی ئەندازەیی بەندکراو بۆ وەسفکردنەکان: زۆربەی زمانەوانەکان پێیان وایە کە ئامانجێکی گرنگی لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکان،

بریتییە لە دارشتنی هەندێ بنەمای دیزایینی سیستەمە ڕێزمانییەکان و ئەوهاش پێدەچێت کە ئەمە لە هەموو زمانێکدا هەبێت. بەواتایەکی دیکە زمانەوانەکان هەوڵدەدەن کە ڕۆنانێکی ئەندازەیی ئەوها بونیادبنێن (کە تیۆریی ڕێزمانیشی پێدەگوترێت) و دەبێ هەموو وەسفکردنی زمانە-تایبەتەکان لە گەڵیدا بگونجێت. بۆ نمونە ئەوەی کە تێبینی کراوە ئەوەیە، کە هەندێ لەو یاسایانەی کە بەهۆیەوە هەندێ لە پێکهێنەکان دەهێنرێنە پێشەوە (سەرەتای ڕستەوە) دەتوانێت کار لە پێکهێنە ڕستەسازییەکان (وەکو کۆی گشتی وشەکان یان فرێزەکان) بکات، نەک پێکهێنە مۆرفۆلۆجییەکان (وەک مۆرفیم کە پێکهێنی دانەیەکی گەورەتری وەک وشەیە) بۆ نمونە دەتوانرێت ڕستەی (٢) کە ڕستەیەکی شیاوە (دەتوانرێت لە ڕۆنانێکی وەک (١) هەڵبگوێزرێت. بەڵام ڕستەی (٤) نەشیاوە (ناتوانرێت لە (٣) وە هەڵبگوێزرێت). پارچە راستە هێڵەکان شوێنی بنەڕەتی وشە پرسەکان دەنوێنن بەرلەوەی بگوێزرێنەوە بۆ سەرەتای ڕستە. وەک:

١- ئێمە دەتوانین پیاز بکڕین.

٢- چ ئێمە دەتوانین ___ بکڕین؟

٣-ئێمە دەتوانین تەڕەپیاز بکڕین.

٤-* چ ئێمە دەتوانین تەڕە ___ بکڕین؟

بەڵام لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی گواستنەوەی وشەی پرسیار لەڕستەی کوردییدا نییە ناتوانرێت پێکهێنەکان لە شوێنی بنەڕەتی خۆیاندا بۆ شوێنی تر بجوڵێنرێن. بەتایبەتیش وشەی پرس. بۆیە وشەی پرس لە زمانی کوردیدا لەشوێنی بنەڕەتی خۆیدا دەمێنێتەوە وەک چۆن لەڕۆنانی ژێرەوەدا شوێنی تایبەتی خۆی بۆ دیاریکراوە لە ڕۆنانی

سەرەوەشدا هەر هەمان شوێن داگیردەکات ئەمەش پێیدەگوترێت ( in situ) بۆیە رستەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیان لێدێت.

١-ئێمە دەتوانین پیاز بکڕین.

٢-ئێمە دەتوانین چ کڕین؟

٣-ئێمە دەتوانین تەرەپیاز بکڕین.

٤-*ئێمە دەتوانین تەرە چ بکڕین؟

ئەمجۆرە کۆتوبەندەی هێنانە پێشەوە (کە واپێدەچێت ئەم یاسایانەی هێنانە پێشەوە لە هەموو زمانێکدا هەبێت) بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شوێنکەوتەی ئەوەیە ئەگەر یاساکانی هێنانە پێشەوە (وەکو هێنانەپێشەوەی چەند) و یاسا مۆرفیم – یەکگرتن (وەکو لێکدان کە تەرەپیاز ی بەرهەمهێنا لە پیاز و تەڕ) لەیەکتردەترازێن لەڕۆنانێکی ئەندازەیی وەسفییدا. ئەندازەیەکی شیاو بۆ ڕێزمان لەم وێنەیەی خوارەوەدا نیشاندراوە لە کاتێکدا ئەو بۆکسانەی کە دەوری پێکهێنە ڕێزمانییەکانیان داوە، سینتاکس، مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیی هێمان بۆ لەیەکترترازانی پێکهێنەکان.



ئەم ئەندازەیە كۆتوبەندكراوە چونكە بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكیی ڕێگری لەبەردەم هەندێ ئەگەری كارلێكی لۆجیكیی یاساكانەوە. زۆربەی زمانەوانەكان وایدادەنێن كە ئەندازەی ڕێزمان شتێكی خۆڕسكە و بۆ هەموو زمانەكانیش هەر هەمان شتە چونكە لەڕووی بۆماوەییەوە بۆ تۆخم یان ڕەگەزی مرۆڤ دانراوە. بەشە خۆڕسكەكەی زانیاریی قسەكەرەوەها ڕێزمانی سەراپاشی پێدەوترێت.

بۆ ئەم زمانەوانانە یەكێك لە ئامانجەكانی لێكۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیی دۆزینەوەی ئەو بنەما خۆڕسكانەی ڕێزمانی سەراپایە كە پەیوەستە بە ڕۆنانی وشەوە. ئامانجەكانی (پ) و(ت) پێكدەچن بەوەی كە هەردووكیان بەشێوەیەكی قوڵتر پرسیارە تیۆرییەكان هەروەها هەردووكیان بەتەواوی پەیوەستن بەلایەنە سەراپاكانی مۆرفۆلۆجییەوە و هەردووكیان زۆر گرنگترن لە (ا) و (ب) بەوەی كە لە هەندێ ڕووەوە لێكدانەوە دەگرنەخۆ. كەواتە لەوانەیە یەكێك پرسیارێكی وەك ئەمەی خوارەوە بكات: بۆ ناتوانرێت پێكهێنەكانی وشە بهێنرێتە سەرەتای ڕستەوە؟ و لە تێڕوانینی ڕێزمانی سەراپای — ئاراستەكراو و پاڵپشت بەو گریمانانەی كە دەربارەی ئەندازەیەكی خۆڕسكی ڕێزمانن، وەڵامیان بداتەوە (لەبەر ئەوەی كە یاساكانی هێنانە پێشەوە بەشێكن لە پێكهێنی سینتاكسی و مۆرفیم — یەكگرتنیش بەشێكە لە مۆرفۆلۆجیی و ئاشكراشە سینتاكس و مۆرفلۆجی دوو شتی لە یەكتر جیاوازن. بێگومان ڕوونكردنەوە بۆ ئەو جۆرە بەوردی سیستەم — ناوەكییە .كە چی ڕوونكردنەوە بۆ ئەو جۆرەی كە پێشتر بینیمان زۆر گشتی ترە لەوەی كە خاسیەتە سەراپاكانی ڕێزمان بە ڕاستییە گشتییەكان دەربارەی مرۆڤ ببەستێتەوە كە دەرەكین بۆ سیستەمە ڕێزمانییەكان پرسیارێكی سەیر لەبارەی كۆمەڵناسیی

زانستەوە کە ئێستا زۆربەی زمانەوانەکان گرنگیی پێدەدەن ئەوەیە یان دەبێ لەگەڵ روونکردنەوەی سیستەم – دەرەکیدا بن یان داڕشتنی زۆنانێکی ئەندازەیی بۆ وەسفە ڕێزمانییەکان بەڵام نەک بۆ هەردوو ئامانجەکە لە یەک کاتدا. کەواتە لێرەدا دوو ئاراستەی سەرەکیی لە لێکۆڵینەوە تیۆرییە مۆرفۆلۆجییە هاوچەرخەکاندا لەئارادایە: ئاراستەیەکی ئەرکیی (ئەرکخوازەکان)، کە ئامانجییان ڕوونکردنەوەی سیستەم – دەرەکییە و ئاراستەیەکی بەرهەمهێن ( فۆرمالیستەکان) کە هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی بنەما خۆڕسکەکانی ڕۆنانە ئەندازەییە ڕێزمانییەکان. بەهەرحاڵ، وا پێدەچێت شتێکی ژیرانە نەبێت کە کار و بەرهەمی لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆجییەکان بەم ڕێگایە دابەش ببێت، چونکە نە فاکتەرە سیستەم – دەرەکیی و نە بنەما زگماکەکانیش دەتوانن هەموو بواری تەرزە مۆرفۆلۆجییەکان روونبکەنەوە. بەم پێیە هەوڵدەدرێت بۆ بەدیهێنانی هەردوو ئامانجەکە لەیەک کاتدا لە بەشە تیۆرییەکانی ئەم کتێبەدا. بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: (Martin Haspelmath ,Andrea D Sims:٢٠١٢, P.٦-٩)

CamScanner

# بەشی دووەم

## سەرەتایەک بۆ ڕۆنانی وشە لە کوردییدا

### وشە چییە؟

گریمانەی بوونی وشە لە زماندا لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە شتێکی بەڵگە نەویستە، هەروەک پێشتریش ئامــاژەم پێکــرد، تەنــانەت خەڵــکە نەخوێندەوارەکەیش هەست بەو گرنگییەی وشە لە زمانەکەیاندا دەکەن. ڕاستە هەندێ جیـاوازی لە بۆچوونەکانـدا هەیە، بەوەی کە چ یەکەیەک بە وشە دابنرێت. بۆ نمونە، قسەپێکەرانی کورد لەوانەیە ڕێکنەکەون لەسەر ئەوەی کە (**ڕێـک کەوتـن**) یەک وشـەیە یـان دوو، دەرئەنجام کێشـەیەک سەرهەڵدەدات بەوەی ئایا (نوسینی بەو شێوەیە، ڕێککەوتـن) ڕێگایەکی ستانداری نوسینە. بەڵام خەڵک بەشێوەیەکی گشتی بەئاسانی دەتوانن ئەو وشەیە بناسنەوە کە دەیبینن یان دەیبیستن و زۆر بەئاساییش لەسەر بڕیاردانەکەدا ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی کە چی وشەیە و چی وشە نییە. قسـەپێکەرانی کـورد ڕێکـدەکەون بـۆ نمـونە، کە فـۆرمی (**خاپـان**) لە ڕستەیەکی وەک: پشیلە خاپـانەکە لەسـەر حەسـیرەکەدا دانیشـتبوو. وشەیەکی کوردی نییە – بەڵام هەموو فۆرمەکانی تر هەون.

## لێکسیم

بەهەرحاڵ، تاقیکردنەوەیەکی نزیکتر بۆ سروشتی وشە کە تا ڕاددەیەکی وێنەیەکی ئاڵۆزتر لەوەی کە من لەسەرەوە کێشام ئاشکرادەکات. ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو کاتێک ئەوەی کە ئێمە لێرەدا بۆ وشەمان داناوە ڕوون و ئاشکرابێت. وەک ئەوەی کە لە چەند پەرەگرافێکی داهاتوودا دەیبینین، قورسیی ڕوونکردنەوەی سروشتی وشە تا ڕاددەیەکی زۆر بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە زاراوەی (وشە) بە زۆر مانای جیاواز بەکاردەهێنرێت کە زۆر بەئاسانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە. هەرچەندە کە بوونی وشە لەزماندا شتێکی بەڵگە نەویستە،. بەڵام بەپێویستی دەزانین کە چەند بۆچوونێک یان چەند پێناسەیەک بۆ وشە بخەینەڕوو:

## وشە

- وشە یەکەیەکی دەربڕینە لە هەر دوو زمانی نوسین و قسەکردندا کە بەسەلیقە لەلایەن گشت قسەپێکەرانەوە دەناسرێتەوە. (کریستاڵ، ۱۹۹۳: ۳۷۹)

- وشە بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراو کە مانایەک دەبەخشێ. (وریا عومەر ئەمین ۱۹۸۲: ۸۲)

- وشە کەرەستەیەکە کە هەر دوولای بەبۆشایی گیراوە. (کریستاڵ، ۱۹۸۱: ۱۸۸)

● وشه ئایتمێکی فەرهەنگیی؛ تاکە ئایتمێک کە سەر بە کاتیگۆرییەکی فەرهەنگییە، کە مانایەکی دیاریکراو یان ئەرکێکی ڕێزمانیی دیاریکراوی هەیە و تا ڕادەیەکیش شێوەیەکی فۆنۆلۆجیی گونجاوی هەیە. (Trask ,١٩٩٣ ,P.٣٠٤)

●بەشێوەیەکی تەقلیدی وشە بریتییە لەبچووکترین یەکەی دروستبوونی ڕستە. (Mathew, ١٩٩٧, p. ٤٠٤)

● بلۆم فیلد دەڵێ: وشە بچووکترین فۆرمی ئازادە. (بلۆمفیلد، ١٩٦٩: ١٧٨)

● وشە بچووکترین یەکەی واتادارە کە لە دەنگێک یان زیاتر پێکدێت، یان لە مۆرفیمێک یان زیاتر لە مۆرفیمێک پێکدێت، یان لە برگەیەک یان زیاتر. وشە دوو شێوەی هەیە نوسراو و گوتراو، هەروەها جۆرێکی گەردانیی و جۆرێکی داڕێژراو (ڕێزمانیی - ئەرکیی) هەیە، وشەش یان وشەیەکی ناوەڕۆکدارە یان وشەیەکی ئەرکییە. محمد علي الخولي، ١٩٩١: ٣١٠

● پێناسەیەکی تری وشە بریتییە لەوەی کە وشە ئەو دانەیەیە کە لە قسەکردندا بەوەستان و لە نووسیندا بەبۆشایی دەورە دراوە. (کریستاڵ، ١٩٧١: ١٩١) و لە کەوسەر عزیز، بیردۆزی مۆرفیم و ....، ل. ٢٥)

● وشە بریتییە لە چەند مۆرفیمێک کە جێگۆڕکێ ناکەن. (محمد معروف فتاح، ١٩٩٠: ٨٦)

بەم شێوەیە هەر هەوڵدانێک بۆ پێناسەکردنی وشە بە شێوەیەک، کە تەواوی سروشتی وشە و تایبەتمەندییەکانی وەک یەکەیەکی زمانی شیبکاتەوە، ئاسان نییە، بۆیە هەندێک لە زمانەوانان بۆ ئەوە دەچن کە

وشە دانەیەکی وابێ بوونی لە زمانەوانیدا نەبێ، هەر وەکو مالینۆفسکی کە وشەی بە دانەیەکی خەیالی داناوە و باوەڕی بەوە نییە کە بوونی لە زماندا هەبێ (محمد معروف فتاح، ١٩٩٠: ٨٦)

ئێمەش با هەوڵبدەین کە چاو لەهەندێ ئاڵۆزی ئەو بەڵگە نەویستنیی بپۆشین و بۆ ماوەیەکیش واز لەو تێبینیانە بهێنین کە پێناسەکان هەڵیدەگرن. ئێستا با بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەی خۆمان. تۆ چ دەکەی ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەی کتێبێکدا بۆ یەکەمجار لە تێکستێکی وەک ئەمەی خوارەوەدا تووشی وشەیەکی وەک (لازیهێنێت) ببیت؟

**٣- چوو بۆ مەیخانەکە بۆ ئەوەی کە نیو لیتر بیرە بخواتەوە و ئینجا لازبهێنێت.**

لەوانەیە، تۆ لە فەرهەنگدا بەدوای ئەو وشە نامۆیە (لازیهێنێت)دا بگەڕێیت، بەڵام نەک لەژێر (لازیهێنێت)، بەڵکو لەژێر (لازهێنان). لەبەر ئەوەی تۆ دەزانی کە **(لازیهێنێت)** ناچێتە ناو فەرهەنگەوە بۆ ئەوەی ریزبکرێت. هەروەها ئەوەش دەزانی کە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کەسێک پێت ناڵێت کە وشەکانی **(لازیهێناوە)** و **(لازدەهێنێت)**یش هەن. لەوەش زیاتر تۆ دەزانی کە **(لازدەهێنێت)**، **(لازیهێناوە)**، **(لازیهێنێت)** و **(لازیهێنابوو)** هەر هەموویان بەدەرکەوتنی جیاوازیی هەمان تاکە ئاینیی ئەبستراکتی زمانن. ئێمە بەو مانایە ئاماژە بۆ (وشە) دەکەین کە تاکە یەکەیەکی ئەبستراکتی زمانە و بە بەکارهێنانی زاراوەی ( لێکسیم) یش. فۆرمەکانی **لازدەهێنێت، لازیهێناوە، لازیهێنێت، لازیهێنابوو،** نواندن و بەرجەستەکردنی هەمان لێکسیمی **(لازهێنان))ن** و هەرهەموویان هاوبەشی هەمان کرۆکی واتایی دەکەن ئەگەرچی لە ڕێنووس و گۆکردندا جیاوازن.

لێکسیم ئەو یەکانەی زمانن کە لە فەرهەنگدا لیستدەکرێن. زۆربەی زمانەکان فەرهەنگەکانیان بەپێی لێکسیم ڕێکدەخرێت، بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر لێکسیم بە وشەی فەرهەنگی دابنێین.

کام لەم وشانەی خوارەوە بۆ هەمان لێکسیم دەگەڕێنەوە؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بینی | گرتیی | درێژتر | کوڕ | دەگرێت |
| کوڕێک | | | | |
| نوست | ژن | گرتوویەتی | دەبینێت | درێژترین |
| دەنوێت | | | | |
| کوڕەکان | نووستووە | بینرا | درێژ | بازیدا |
| گرتن | | | | |
| بینیین | بازدەدات | ژنان | نووستن | بازدان |

ئێمە هەموومان ڕێکدەکەوین لەسەر ئەوەی کە: فۆرمە — وشە فیزیکییەکانی وەک:

| |
|---|
| بنیین، بینی، بینرا، دەبینێت |
| نوست، نووستووە، نوستن، دەنوێت |
| گرتیی، گرتوویەتی، دەگرێت، گرتن |
| بازدەداتن، بازیدا، بازدان |

| |
|---|
| کوڕەکان، کوڕ، کوڕێک |
| درێژتر، درێژ، درێژترین |
| ژن، ژنان، ژنەکە |

بەرجەستەکردنی بۆ لێکسیمەکانی:

| |
|---|
| بینیین |
| نوستن |
| گرتن |
| بازدان |
| کوڕ |
| درێژ |
| ژن |

## فۆرمە — وشە

ئەوەی کە ئێستا لەسەرەوە بینیرا ئەوەیە کە هەندێ جار کاتێک کە ئێمە زاراوەی وشە بەکاردێنین، فۆکابولەرییەکی ئەبستراکت نییە کە مانایەکی ناوکیی هاوبەشی ئەو لێکسیمە بێت کە ئێمە ئاماژەی بۆ دەکەین، بەڵکو زیاتر لەوانەیە ئێمە زاراوەی وشە بەکاربهێنین بۆ ئاماژەکردن بۆ ناسینەوەیەکی فیزیکیی تایبەتیی ئەو لێکسیمە لە ئاخاوتن یان لە نوسیندا، واتە؛ فۆرمە - وشەیەکی تایبەتیی. کەواتە ئێمە دەتوانین ئاماژە

بۆ بینین، بینیی، دەبینێت و بینرا، نابینێت، وەک پێنج وشەی جیاواز بکەین. بەو مانایە، سێ ڕووداوی هەر یەکێک لەو فۆرمە – وشانە بە سێ وشە دابنرێت. هەروەها دەتوانین بڵێین کە فۆرمە – وشەی بینین لە پێنج پیت پێکهاتووە و فۆرمە – وشەی بینی لە چوار و ئەگەر ئێمە ژمارەی وشەکان لە پەرەگرافێکدا بژمێرین، ئەوا بەئاسوودەیی بینی، بینین، دەبینێت، دەبینرێت و بینرا بە پێنج فۆرمە – وشەی جیاواز دەژمێرین. ( کە بۆ هەمان لێکسیم دەگەڕێنەوە)

## وشەی ڕێزمانیی

دەتوانرێت وشە وەک نواندنی لێکسیمێک ببینرێت، کە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک خاسیەتی دیاریکراوی مۆرفۆسینتاکسییەوە، وەک: ناو، ئاوەڵناو، کار، تێنس، جێندەر، ژمارە، هتد. ئێمە زاراوەی وشەی ڕێزمانیی بۆ ئاماژەکردن بەو مانایەی وشە بەکاردێنین. بڕوانە بۆ دەبێ (فرۆشتن) لەمەی خوارەوەدا دوو وشەی ڕێزمانیی جیاواز بنوێنێت.

٤- **پیاوەکە کەوەکەی فرۆشت.**

٥- **پیاوەکە کەوەکەی دەفرۆشێت.**

هەمان فۆرمە – وشەی **(فرۆشت)** کە بۆ لێکسیمی کاریی ***فرۆشتن*** دەگەڕێتەوە، دەتوانێت دوو وشەی ڕێزمانیی جیاواز بنوێنێت. لە (٤) دا، ***فرۆشت*** وشەی ڕێزمانی ***فرۆشتن*** دەنوێنێت، کە تێنسەکەی ڕابردووە، بەڵام لە (٥) دا، تێنسەکەی ڕانەبردووە. سەرەڕای ئەم دوو وشە ڕێزمانییەی کە بەهۆی فۆرمە – وشەی **(فرۆشت)**ەوە نوێنراون، دەتوانین تێبینی جۆری سێیەمیش بکەین لە **فرۆشتنی کەوەکەی پیاوەکە**.... ئەو وشە

ڕیزمانییەی (**فرۆشتن**) کە ناوە، تاکە، بۆ لێکسیمێکی جیاواز دەگەڕێتەوە (**فرۆشتن**) . ئاشکرایە کە ناوی (**فرۆشتن**) لە مانادا پەیوەستە بە کاری فرۆشت. بەهەرحاڵ **فرۆشتن** وەک ناو، لێکسیمێکی جیاوازە لە **فرۆشت**، وەک کار، چونکە بۆ پۆلە – وشەیەکی جیاواز دەگەڕێتەوە. سروشتی وشەی ڕێزمانیی زۆر گرنگە لە گفتوگۆکردنی پەیوەندیتیی نێوان وشەکان و ڕستەکان و سنوری نێوان مۆرفۆلۆجیی و سینتاکس.

## ١-٢ مۆرفیم: بچووکترین یەکەی واتادار

مۆرفۆلۆجیی دیراسەکردنی ڕۆنانی وشەیە. ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێن لەوانەیە وشە ڕۆنانی هەبێت، تاڕادەیەک مایەی سەرسوڕمانە، چونکە قسەپێکەری زمان وەک یەکە کەرتنەکراوەکانی واتا سەیری وشە دەکەن. ئەمەش تا ڕاددەیەک بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری وشە لە زماندا سادەن. بۆ نمونە، **دار، بەرد، چیا، دەریا، کوڕ، دەست، شار، خوێن، شەکر**، هتد. ئەم وشانە ناتوانن دابەش ببن بۆ سەگمێنتی (پارچەی) بچووکتر کە خۆیان واتایان هەبێت، ناشکرێت بگوترێت کە (**شە**) بەشێکە لە واتای **شەکر** یان (**دەر**) بەشێکە لە واتای **دەریا**. بەڵام بەشێکی زۆری وشەی کوردی لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئاڵۆزن. بەواتایەکی دیکە ڕۆنانێکی مۆرفۆلۆجیانەیان هەیە. واتە: دەتوانن دابەشببن بۆ یەکەی بچووکتر کە واتادارن، ئەمەش ڕاستە بۆ وشەکانی وەک: **کوڕان، کچان**. بۆ نمونە، لێرەدا، **کوڕ** ئاماژە بۆ یەک کوڕ دەکات و **کچ** یش ئاماژە بۆ یەک کچ دەکات. کەچی لە هەردوو حاڵەتەکەدا (ان)

ەکە ئەرکێکی ڕێزمانیی جێبەجێدەکات کە ئەویش ئامـاژەیە بـۆ کۆکردنەوە (کۆیەتیی).

**زاراوەی مـۆرفیم ئامـاژە بە بچـووکترین یەکە دەکـات، ئەو یەکە پێکهێنەرانەی وشەن، کە ناتوانرێت لەڕووی واتا و ئەرکی ڕێزماییەوە لەوە زیاتر بچووکتر بکرێنەوە.** بەپێی پێناسەکە، مـۆرفیم ناتوانێت هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ یەکەی بچووکتر کە خۆیان واتادارین یان ئەرکێکی ڕێزمانیی نیشانەبکەن. وەک ئامرازەکانی تاک یان کۆی ناو. ئەگەر ئێمە وشەیەکی وەک **(با)** کەرتبکەین ( کە تەنها لە یەک مۆرفیم پێکهاتووە) با بڵێین بۆ (ب) و (ا) کە ناکرێ بگوترێ هەر یەکێک لەو دەنگانە **(ب) و (ا) واتایان هەیە، چونکە دەنگەکان هەر بۆ خۆیان واتایان نییە.**

ئێمە چۆن بزانین کە دەنگێک یان کۆمەڵە دەنگێک مۆرفیمێک دەنوێنێت؟ ئایا کاتێک دەنگێک یان زنجیرە دەنگێک مۆرفیمێک دیاریدەکەن پشت بەو وشەیە دەبەستێت / دەبەستن کە مۆرفیمەکەی تێدا بەدەردەکەوێت؟ کەواتە؛ لەکاتێکدا **(نا)** مۆرفیمی نەفیکردنە (نەرێکردنە) و واتـای هەیە لە وشەکانی (ناخۆم) و(ناچم)دا، لێرەدا دەبێ بە توندی چاو لەوە بپۆشین کە فۆرمەکـانی وەک (نە، مە) لە هەنـدێ حـاڵەتی تایبەتییدا نەرێکردن دەگەیەنن و لەگەڵ هەندێ وشەشدا دژواتا دروستدەکەن، وەک: (ناخۆش، نارێک، ناشیرین، نامەرد، ناپیـاو ) بەڵام نـاتوانین بانگەشەی یان داوای ئەوە بکەیـن کە (نـا) پلەوپـایەی مـۆرفیمی هەیە لە وشـەکانی وەک (ناسک) (ناوێزە) و (نایاب) دا. (نا) لەم وشانەی دواییدا هیچ نرخێکی ڕێزمانیی یان سیمانتیکیی دیارکراوی نییە، چونکە (سک و وێزە و یـاب) بەتەنها بۆخۆیان هیچ واتایەکیان نییە، خۆ ئەگەر پارچەکیش (یان زیاتر) واتـا ببەخشـێت، ئەوە کێشـەکە بـۆ ڕێـکەوت دەگەڕێـتەوە و هـیچ

پەیوەندییەک لە نێوان واتای پارچەکە و واتای مۆرفیمەکەدا بەدیناکرێت، بۆ نمونە، ئەگەر سەرنجی (سک) بدەین لە فەرهەنگی کوردیدا واتای تایبەتی و دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بەوشەی (ناسک) ەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوان ئەو دوو فۆرمە بەرێکەوت وا هەڵکەوتووە، کە ئەمەش لەگەڵ چەمک و سروشتی مۆرفیمدا ناگونجێت. لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا مۆرفیمان هەیە، کە بەهۆی تەنیا فۆنیمێکەوە دەنوێنرێت و بەهیچ جۆرێک بەسەر یەکەی بچووکتردا دابەش نابێت، وەک: {- ە، - م، - ر} لە فۆرمەکانی (چلە، سەدە...) ، ( هاتم، دەچم) ، ( نوسرا، دەنوسرێت). (بڕوانە: محەمەد عومەر عەول، ٢٠٠١، ل. ٥) میکانۆ ئەنالۆجییەکی بەسوودمان دەخاتە بەردەست، مۆرفیم دەبێ بە پارچەکانی میکانۆ بەراورد بکرێت کە بتوانرێت دووبارە و دووبارە وەک بەردی بناغە بۆ پێکهێنانی وشە جیاوازەکان بەکاربهێنرێتەوە. کەرتە دووبارەبووەکانی وشەکان کە هەمان واتایان هەیە جیادەکرێنەوە و وەک دیاریکەری هەمان مۆرفیم دەناسێنرێن. کەواتە مۆرفیمی نەرێکردنی (نا) جگە لەو وشانەی کە لەسەرەوەدا ریزکرابوون لە چەندین وشەی دیارینەکراوی دیکەدا دووبارە دەبێتەوە. وەک لە ( ناکەم، ناخۆم، نابەم، نانوم، دانانیشم، دانابەزم، ناچم، ناهێلم، ناڕۆم، هتد). مۆرفیم دەبێ بە تەقەڵ لە یەکدی جیابکرێنەوە هەرچەندە کە ئێمە تا ئێستا ئەوەمان پەیڕەونەکردووە.

بەهەرحاڵ، دووبارەبوونەوە لە ژمارەیەکی زۆری وشەدا ناتوانێت ببێتە خاسیەتێکی سەرەکیی ناسینەوەی مۆرفیم. هەندێ جار لەوانەیە مۆرفیمێک پەیوەستبێت بەرێژەیەکی زۆر کەمی وشە، واتە؛ زۆر کەم دووبارە ببێتەوە. وەک: ( تەمبێ، تاقی، واز) لە وشەکانی ( تەمبێکردن،

تاقیکردنەوە، وازهێنان). بەپێی ئەو لێدوانەی سەرەوە لە زۆر حاڵەتدا مۆرفیمێک لەوانەیە تەنها لە تاکە وشەیەکدا دووبارە ببێتەوە، بۆ نمونە مۆرفیمی (فسە) تەنها لە وشەی (فسەزمان)دا دەبینرێت. یان مۆرفیمی (بلکە) تەنها لە وشەی (چاوبلکە) دا دەبینرێت بە واتای ئامێر(پ.د.محەمەد مەعروف و د. سەباح رەشید، ٢٠٠٦، ل.١٠) بەڵام بەپێی هەندێ بۆچوون ئەم وشانە دەبێ بە وشەی سادە دابنرێن و ناتوانرێت کەرتبکرێن. (Laurie Bauer١٩٩٣:٩٣) ئێمە ئەو دەمەتەقێیە بۆ ئەو کاتە بەجێدەهێڵین کە ببینین چۆن مۆرفیم بەگیروگرفتی کەمتر دەناسرێتەوە.

سەیری ئەو لیستەی خوارەوە بکە:

| | | |
|---|---|---|
| ە ر | وەک لە | نوسەر، دانەر |
| یی | وەک لە | جوانیی، کوێریی[٣] |
| چە | وەک لە | باخچە، دەریاچە |
| ۆکە | وەک لە | بزنۆکە، دەسرۆکە |
| ستان | وەک لە | کوردستان، دارستان |
| ین | وەک لە | پێشین، سەرین |

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو پاشگرانەی کە دەچنە سەر ناو و ناوەڵناو و ناوەڵکار و کار و دەیانکەنە ناوی دارێژراو بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، ناو، ١٩٧٩، ل. ١٠٧ - ١٣٣)

فۆرمی (ەر) بە ڕەگی کارەکانەوە لکاوە و ناوێکی بە واتایەکی گشتییەوە داڕشتووە ( یەکێک کە X دەکات، X یش ئاماژە بۆ هەر چالاکییەک دەکات کە کارەکە تیایدا بەشداریبکات. لەکاتێکدا (یی) چۆتە سەر ئاوەڵناو و ناوێکی واتایی دروستکردووە، کە هەبوونی حاڵەتێک یان مەرجێک دەگەیەنێت (بۆ نمونە، جوانییبوون). فۆرمەکانی (چە ، ۆکە) بە ناوەوە لکاون و ناوێکی نوێیان دروستکردووە کە واتای بچووکتر لە قەبارەدا دەگەیەنێت، بۆ نمونە، باخچە و دەریاچە واتە؛ باخێکی بچووک، دەریایەکی بچووک هەروەها بزنۆکە و دەسڕۆکە، واتە؛ بزنێکی بچووک، دەسڕێکی بچووک. کەچی (ستان) بەناوێکەوە نوساوە و ناوێکی بە واتای شوێن یان جێگە، واتە شوێن و جێگەی ئەوانەی کە ناوە سادەکە ئاماژەی بۆ دەکات. لە کۆتاییشدا پاشگری (ین) چۆتە سەر ئاوەڵکار و ناوێکی داڕێژراوی بە واتایەکی دیارکراوەوە دروستکردووە.

تا ئێستا ئێمە وەسفی تەنها وشەی یەک مۆرفیمی و دوو مۆرفیمییەکانمان کردووە. لە ڕاستیدا، دەشێ کە کۆمەڵێک مۆرفیم پێکەوە یەکبگرن بۆ پێکهێنانی وشەیەکی زۆر ئاڵۆز. ئەمە لە وشە درێژەکانی وەک (بە دیوار دا هەڵ گەڕ ا ن) و ( نا پاک یی کر د ن) دا دەبینرێت. بەڵام ئێمە لەسەر چ بنەمایەک ئەو وشانەمان بەم شێوەیە دابەشکردووە. لە بەشەکانی داهاتوودا ئەو بنەمایانە تاقیدەکەینەوە کە بە هۆیانەوە مۆرفیمەکان دەناسینەوە.

## شیکردنەوەی وشەکان

هەتـا ئێسـتا، ئـێمە پێـوەری واتامـان بـۆ ناسـینەوەی مۆرفیمەگـان بەکارهێناوە. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەو فۆرمانەی کە هەمان واتایان هەیە لەوانەیە بە دڵنیـاییەوە بـۆ هەمـان مـۆرفیم بگەڕێنەوە. کاتێک کە واتای مۆرفیمێک تا ڕاددەیەک نادیار یان تەمومژ دەبێت، پێویستە پەنا بـۆ فەرهەنگێکـی باشـی ئیتمۆلـۆجیی ببردرێـت، بەڵام بەداخەوە لەڕووی پـراکتیکییەوە، گەڕان بەدوای واتـا لیسـتکراوەکانی فەرهەنگێکێکـی ئیتمۆلـۆجیش کێشـەی خـۆی هەیە. کەواتە؛ بەر لەوەی کە بەبەڵـگەی کۆنکریتییەوە ئەوە بسەلمێنین کە ناتوانرێت بە تەواوی پشت بە پێوەری واتا ببەستین لەناسینەوەی مۆرفیمدا، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە واتا بەپێی تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە واتای ئێستایی و واتـای مێژوویـی ڕەچاوبکەین. (بـڕوانە: دوانەکـانی سۆسـیر،......) ئاشکرایە، کە ئێمە پێویستە جیاوازیی لە نێوان زانیاریی ئیتمۆلۆجیی، کە پەیوەندییەکانی بەشێوەیەکی سەرەکیی مێژووبین، و زانیاریی سینکرۆنیی کە بەشێکە لە توانستی قسـەپێکەر بکەیـن. ئەرکـی سـەرەکیمان وەک مۆرفۆلۆجیستێک ( هیچ زاراوەیەکی گونجاوتر نییە جگە لە وشەساز کە لە کوردیـدا بەرامـبەر مۆرفۆلۆجیسـت بوەسـتێت) لێکـۆڵینەوەی زانیـارییە شـاراوەکانی قسـەپێکەرە، دەربـارەی یاسـاکانی زمانەکەیـان، زیـاتر لە ئەنجامدانی بونیادنانەوەیەکی مێژوویی. ئەو خاڵەی کە من لێرەدا دەمەوێ ئامـاژەی پێـبکەم ئەوەیە، کە پشتبەسـتنێکی لە ڕادده بەدەر بەواتـا لە جیاکردنەوەی مۆرفیمدا دەمانخاتە نـاو تەنگژەیەکەوە بە تـایبەتییش لەو حاڵەتـانەی کە واتـا ئیتمۆلۆجییەکـان لە مێـژوودا بەتەمێکـی مێژوویـی داپۆشراون و پەیوەندییە سینکرۆنییەکانی خۆیان بزرکردووە.

پێناسەیەکی گشتی مۆرفیم وەک بچووکترین یەکەی واتادار، ئەو بانگەشەیە دەگەیەنێت کە هەموو مۆرفیمێک واتایەکی وای هەیە کە بەئاسانی دەناسرێتەوە. بەڵام ئەمە کێشەییە چونکە لە زۆر باردا ئێمە دەتوانین پاساو بۆ ناسینەوەی یەکە دووبارەبووەکانی وشە- ڕۆنان وەک مۆرفیمێک بهێنینەوە، هەرچەندە کە ناتوانین واتایەکی گونجاوی بۆ دیاریکەین. بەواتایەکی تر ئەم جۆرە بۆچوونە، ناسینەوەی چەندین مۆرفیم لە کوردیدا دەخاتە مەترسییەوە.

ئێستا با سەیری ئەمانەی خوارەوە بکەین:

| | | |
|---|---|---|
| قورتان | لە | خۆ تێهەڵقورتاندن |
| دار | لە | نەدار |
| اوێز | لە | پەراوێز |
| یاب | لە | نایاب |
| فسە | لە | فسەزمان |
| بود | لە | نابود |
| پوت | لە | پەڕپوت |
| باز | لە | سەرباز |
| واز | لە | وازهێنان |
| تاقی | لە | تاقیکردنەوە |
| تەمبێ | لە | تەمبێکردن |

| | | |
|---|---|---|
| قورم | له | قورمساغ، قورمک، قورمیش [1] |

ڕەحمەتە بتوانین واتایەکی گونجاو بۆ وشەکانی قورتان، دار، ئاوێز، یاب، فسە، واز، قورم، هتد بدۆزینەوە. وەک ئەوەی کە بەدرێژایی مێژوو لە فەرهەنگی زمانەکەدا واتایەکی تایبەتیان هەبووە. لەبەر ئەو هۆیە، هەندێ زمانەوانی وەک (ئارۆنۆف، ۱۹۷٦: ۸ - ۱۰) پێیوایە ئەوانە لەکۆی گشتییدا دەبنە وشە، زیاتر لەوەی کە دەبێ ئەو مۆرفیمانە واتادارین. هەرچەندە هەموو وشەکان پێویستە بۆخۆیان واتاداربن، بەڵام مەرج نییە کە مۆرفیمەکان وا بن. هەندێ لە مۆرفیمەکان واتاکانیان ڕوونە، بۆ نمونە (ەوە) وەک لە (**بردنەوە**)دا کە واتای دووبارەکرنەوە دەدات، یان وەک ستان لە **کوردستان**، کە واتای شوێن و جێگە دەدات. بەڵام هەندیکی تر واتاکانیان ڕوون نییە، وەک: **واز**، یان **قورتان**، لێکدانەوەکانیان دەگۆڕێت بەپێی ئەو مۆرفیمانەی کە لەگەڵیاندا دێن بۆ پێکهێنانی وشەیەک. لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێبینیانەی سەرەوە، ڕاستە کە پێوەری سیمانتیکیی دەبێ ڕۆڵێک لە ناسینەوەی مۆرفیمدا ببینێت، بەڵام بەپێی ئەو مەترسییەی کە لە ئەنجامی گرنگی پێدانێکی زیاتر بە ڕێبازی سیمانتیکیی، ڕەگ لە ناسینەوەی مۆرفیمدا هاتە ئاراوە وای لە زمانەوانەکان کرد کە زیاتر گرنگیی بەهۆکاری فۆرمالیستیی بدەن. (F. Katamba, ۱۹۹۳ p.۲۳)

## مۆرفیم و مۆرف و ئەلۆمۆرف

لەکاتێکدا کە دامەزراندنی ڕێوشوێنێکی میکانیکی بۆ دۆزینەوەی مۆرفیم بە ئامانجێکی ڕاستەقینەی زمانەوانە ڕۆنانکارەکان دادەنرێت بڕوانە: (هاریس، ١٩٥١). بەڵام پێش ئەوەی کە ئەو بۆچوونە کاتێکی زۆر بخایەنێت، زۆربەی زمانەوانەکان درکیان بەوەکردبوو کە مەحاڵە بتوانرێت گەشە بەکۆمەڵێک ڕێوشوێنی دۆزینەوەیی ئەوتۆ بدرێت، کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو شیکردنەوەیەکی ڕاست و دروستی مۆرفۆلۆجیانەمان ببات. هیچ ڕێکارێکی زانستیش نییە، کە ئامانجی پڕکردنێکی بێ هەڵەی لێکۆڵەرەکەی بێت بۆ گەیشتن بە تیۆرێکی ڕاست و ڕەوان، بلیمەتیی داهێنەرانە، پێویستی بە داهێنانێکی خولقێنەرانە دەبێت بۆ ئەوەی زاناکان بتوانن خۆیان هەڵدەنە ناو ئاوێکی نادیارەوە تاوەکو دەرئەنجامێکی زانستیی بەدەستبهێنن. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی کە بۆ زانست ڕاست بێت بۆ زمانەوانیش ڕاستە، بڕوانە: (چۆمسکی، ١٩٥٧: ٤٩-٦٠). کە ڕێزمانی زمانێکی نوسیوە کە داوای دروستکردنی تیۆرێک بۆ چۆنیەتی کاردنی ئەو زمانە دەکات، بەهۆی دروستکردنی گشتاندنێک دەربارەی ڕۆنانەکەی کە دەچێتە دواوەی داتا تێبینکراوەکانەوە.

سەرەڕای ئەوەش، هەرچەندە کە پرۆسێسێکی میکانیکیی کاریگەریش نەبوو بۆ دۆزینەوەی ڕۆنانە ڕێزمانییەکانی زمانێک بە شێوەیەکی گشتی یان بۆ دۆخەکەی ئێمە، کە ڕۆنانی وشەکانییەتی. کۆمەڵێک تەکنیکی ماقوڵ و باوەڕپێکراو و پەسەندکراو لە مەودایەکی بەرفراوان کە لەلایەن زمانەوانەکانەوە داهێنرابوو بۆ کارکردن لە بواری مۆرفۆلۆجیی. ئەم تەکنیکانە لەم بەشەدا کورتدەکرێنەوە.

بنەمای سەرەکیی کە لە شیکردنەوەی وشەدا بەکاردەهێنرێت، بنەمای کۆنتراست - بەرامبەرکردن)ە. ئێمە ئەو فۆرمانە بەرامبەر دەکەین کە جیاوازن (أ) لە شێوەی فۆنۆلۆجیی، کە بۆ ئەو دەنگانە دەگەڕێنەوە کە بەکاردەهێنرێن و (ii) لە واتادا، پێناسەیەکی بەرفراوان بۆ ئەوەی کە هەر دوو واتا فەرهەنگییەکە و ئەرکە ڕێزمانییەکان دابپۆشێت. کەواتە؛ جیاوازیی فۆنۆلۆجیی لە نێوان (کوڕ) و (کچ) دا، پەیوەستە بە جیاوازیی واتایی. جیاوازیی واتاییش لە نێوان دوو ڕستەی: **کچەکە یاریدەکات و کوڕەکە یاریکرد**، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی لە واتا فەرهەنگییەکەی (کوڕ) و (کچ). بەهەمان شێوە، جیاوازیشە لە نێوان ئەرکە ڕێزمانییەکانی نێوان (یاریکرد – کاتی ڕابردوو) و ( یاریدەکات – کاتی ڕانەبردوو) کە بەرپرسن لە جیاوازیی واتایی نێوان (کچەکە یاریدەکات) و ( کوڕەکە یاریکرد).

## پێناسەکردن

مۆرفیم بچووکترین جیاوازییە لە شێوەی وشەیەکدا کە پەیوەستە بە بچووکترین جیاوازیی لە واتای وشە یان ڕستە یان ڕۆنانی ڕێزمانییدا.

شیکردنەوەی وشەکان بۆ مۆرفیمەکان بە جیاکردنەوەی ( لەیەکترازاندنی) مۆرفەکان دەستپێدەکات. مۆرفێک فۆرمێکی فیزیکییە، کە چەند مۆرفیمێک دەنوێنێت لە زمانێکدا. ئەوەش دووبارەبوونەوەی دەنگێکی (فۆنیمێکی) یان زنجیرە دەنگێکی (زنجیرە فۆنیمێکی) جیاوازە. کە لە ژینگەی تردا دووبارە دەبێتەوە. بە واتایەکی تر مۆرفیم وەکو یەکەیەکی زمانەوانی لە ئاستی مۆرفۆلۆجییدا دانەیەکی ئەبستراکتە، لە مێشکدایە و ڕێزمانییە، بەڵام مۆرف یەکەیەکی کۆنکریتییە و هەستی پێدەکرێت کە

دەگرێت بە دەنگ (فۆن). مۆرف و مۆرفیم پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی بەهێز لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، بەجۆرێک کە هیچیان بێ ئەوی تریان نابێت. زۆرجار یەک مۆرفی جیاواز مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەنوێنێ، ئەمەش زیاتر لە وشە سەربەخۆکان (وشە فەرهەنگییەکان) دا بەدەردەکەوێت. وەک ( کتێب، گوڵ، نامە) لە ڕستەکانی:

**من کتێبەکەم خوێندەوە.**

**من گوڵەکەم پێشکەش بە نەسرین کرد.**

**ئەو نامەکەی هێنا.**

بەڵام هەموو کاتێک دۆخەکە بەو شێوەیە نییە. بۆ نمونە لەناو مۆرفیمە بەندەکاندا مۆرفیم هەیە کە زیاتر لە مۆرفێک یان چەند مۆرفێکی هەیە یان هەندێ جار چەند مۆرفێکی جیاواز هەمان مۆرفیم دەنوێنن. بۆ نمونە، مۆرفیمی ناسیاری بەهۆی چەند مۆرفێکی جیاوازەوە دەنوێنرێت:

| | | |
|---|---|---|
| (ەکە) کوڕ | + ەکە | ← کوڕەکە |
| (کە) مامۆستا | + کە | ← مامۆستاکە |
| (یەکە) مامۆستا | + یەکە | ← مامۆستایەکە |
| (ک) مامۆستا | +ک+ان | ← مامۆستاکان |
| (ۆکە) خانوو | + ۆکە | ← خانۆکە |
| (ێکە) کانی | + یکە | ← کانێکە |
| (ە) کوڕ | + ە | ← کوڕە (*) |

هەروەها مۆرفیمی کۆ لە زمانی کوردیدا بەلایەنی کەم دوو شێوەی فۆنیمیکیی یان دو شێوەی بەدیلی هەیە: (ان) لە دوای کۆنسونانت و (یان/ وان) دەکەوێتە دوای ڤاولەکانەوە. وەک: ژنان، چرایان، بەرووان. ئەو مۆرفە جیاوازانەی کە مۆرفیمێک دەنوێنن گرووپێک پێکدەهێنن و پێیان دەوترێت (ئەلۆمۆرف). وات دەبنە ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفیمە.

## ئەلۆمۆرف:

ئەلۆمۆرف وەک زاراوە لە وشەیەکی گریکییەوە هاتووە، کە بریتییە لە allos مانای (یەکێکی دیکە) دەدا، لەگەڵ وشەی morph کە واتای فۆرم یان شێوە دەدات، هەردووکیان پێکەوە واتای فۆرمێکی دیکە یان شێوەیەکی دیکە دەدات. بۆیە ئەلۆمۆرف دەبێ شێوەی جیاجیای مۆرفیم بێ، واتە؛ ئەو کاتەی کە مۆرفیمێک بە چەند مۆرفێک دەنوێندرێ بەپێی شوێنی جیاجیا ئەلۆمۆرف دروستدەبێ. (کریستال، ٢٠٠٣: ٣٠٠) بەم پێیە لە تایبەتمەندییەکانی ئەلۆمۆرفدا سێ بنەمای سەرەکی دەبیندرێن:

١- هەموو ئەلۆمۆرفەکان پێویستە بە هەمان واتا یان ئەرکەوە بەکاربێن.
٢- نابێ هەموویان لە یەک شوێندا دەرکەون، واتە؛ پێویستە هەر ئەلۆمۆرفێک بۆ شوێنێک بێ و پارێزگاری لە شوێنەکەی خۆی بکات.
٣- دەبێ لێکچوونێکی فۆنەتیکی لە نێوان ئەلۆمۆرفەکاندا هەبێت.

پاشگری کۆ هەروەک پێش ئێستا بینرا بەلایەنی کەم (ان) و (یان) ە. ئەو دوو فۆرمە بەدیلی تاکە مۆرفیمێکن کە ئێمە وا مامەڵەی لەگەڵدا

دەکەین کە ئەلۆمۆرفەکانی (ان) ن، و مۆرفیمی (کۆ) یش ئەلۆمۆرفیی دەدەغەدەکات. کەواتە؛ دوو یان زنجیرە فۆنیمێک وەک دەوترێت، مۆرف، ئەلۆمۆرفی تاکە مۆرفیمێکن بە مەرجێک هەمان واتایان هەبێت یان لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدابن.

ئەلۆمۆرفیی لە وانەیە لەڕووی فەرهەنگییەوە یان مۆرفۆجییەوە مەرجدار بێت. لە وشەکانی: نەورۆز، نوێخواز، نومال دا هەرسێ ئەلۆمۆرفەکانی (نەو، نوێ، نو) لەگەڵ سێ مۆرفی ڕەگدا یەکتر تەواودەکەن. واپێدەچێت هیچ شتێک نەبێت نە لەڕووی واتا و نە لەڕووی شێوە فۆنیمیکییەکەی ڕەگەکەوە بۆ لێکدانەوەی دابەشبوونی ئەو ئەلۆمۆرفانەوە. واپێدەچێت کە دابەشبوونەکانیان تەواو هەڕەمەکی بێت یان پێشبینیناکرێت کە یەک ئەلۆمۆرف لەگەڵ ئەو دەستەیەدا بەدەربکەوێت. هەروەها لەوانەیە، ئەلۆمۆرفیی لەڕووی فۆنیمیکییەوەش پێناسەبکرێت. لەو حاڵەتەدا، زۆر بەئاسانی دەتوانرێت باس لە دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکان بکرێت، سەبارەت بە شێوەی فۆنیمیکی ئەو مۆرفانەی کە لەگەڵیاندا بەدەردەکەون. ئەمجۆرە بەدوایەکداهاتنە دەتوانرێت لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونبکرێتەوە.

**دەڕوات / دەڕوا**

**دەشکێنێت / دەشکێنێ**

تاقیکردنەوەیەکی داتاکان ئاشکرایدەکات کە نیشانەی کەسی سێیەمی تاک بە هۆی چوار ئەلۆمۆرفەوە دەنوێنرێت کە بریتین لە: (ات، ا، ێت، ێ). ئەگەر ئێمە وێنەی یان خشتەی دابەشبوونی ئەو ئەلۆمۆرفانە

یکێشین، دەبینین لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان لەگەڵ ڕەگی ئەو مۆرفیمانەی کە پێیانەوە دەلکێن. وەک ئەمانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| ان، ا | ێت، ێ |
| دە – بە | دە – شکێن |
| دە – با | دە – هێن |

بەلایەنی کەم دوو فۆرمی جیاوازی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک لەڕووی فۆنۆلـۆجییەوە مەرجـدار دەبـن. زۆر جـار مـۆرفیمێکی دیـاریکراو ئەلۆمۆرفەکـانی تەنهـا لەڕووی فۆنۆلـۆجیی و مۆرفۆلـۆجییەوە مەرجدارناکات، بەڵکو لە هەندێ لایەنـی تریشـەوە. بۆ نموونە، ئەو دوو فۆرمە فۆنۆلۆجییە پێناسەکراوەی مۆرفیمی کۆ لە زمانی کوردیدا کە لەسـەرە باسکرا، بەڵام سـەرەرای ئەو دوو قـاڵبە پێوانەییە، هەندێک ئەلۆمۆرفی تـریش هەن کە زۆر دیـاریکراون و دابەشبوونیشیان پێشبینی ناکرێت. وەک: جات لە: میوەجات ، ها لە: ساڵەها، هات لە: دێهات، ات لە: باغـات، گەل لە: کـوڕگەل. دابەشـبوونی ئەو ئەلۆمۆرفـانە بەپێـی تـایبەتیی ئەو ڕەگـانەوەیە کە پێیـانەوە دەلکـێن. کەچـی دابەشـبوونی ئەلۆمـۆرفە پێوانەییەکـانی کـۆ (ان، یـان) بە پێـی دەورووبەرێکـی فـۆنیمیکییەوەیە. کەواتە، ئەلۆمـۆرفییەتی کۆ لە زمانی کوردیدا لەڕووی فۆنۆلۆجیی و مۆرفۆلۆجییەوە مەرجداردەکرێن.

مەرجێکـی ڕێزمـانیی نـاوێزەی ئەلۆمـۆرفیی لە ئـامرازە پەیوەندییەکانـدا دەبینرێت، ئـامرازە پەیوەنـدییە بنەڕەتییەکـان یـان فەرهەنگییەکـان، دوو ئەلۆمۆرفی جیاوازیان هەیە، ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە ئایا ئەو

جێناوەی کە لە دوای ئەو ئامرازانەوە دێت، جێناوی بەندن (وەرچەرخاون) یان سەربەخۆن، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراونەتەوە.

**ئەو لە من دەدات.**

**ئەو لێم دەدات.**

**من ئیشەکەم بە ئەو کرد.**

**من ئیشەکەم پێیکرد.**

**پێیمکرد**

**منداڵەکە بەردێکی لە سەگەکە گرت.**

**منداڵەکە بەردێکی تێگرت.**

**تێیگرت**

زمانی کوردی لەڕووی ئەلۆمۆرفە ڕێزمانییەکانەوە دەوڵەمەندە، ڕوونکردنەوەیەکی تر کە دەتوانرێت لە بکەرنادیارەوە وەربگیرێت، لە پێکهاتە بکەرنادیارەکاندا، بەدەرکەوتنی ئەلۆمۆرفەکانی (ێ) و(ا) دەوەستێتە سەر ئەوەی کە ئایا تێنسەکە رابردووە یان ڕانەبردووە. بۆ ڕابردوو نیشانەی (ا) یە و بۆ ڕانەبردووش نیشانەی (ێ) یە. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

**پارەکە دزرا.**

**پارەکە دەدزرێت.**

هەندێ ئەلۆمۆرفیی واپێدەچیت کە نە لەڕووی فۆنۆلۆجیی و نە لەڕووی مۆرفۆلۆجیی و نە لەڕووی ڕێزمانیشەوە بەندبکرێن. بەڵکو بەهۆی بوونی مۆرفیمی ترەوەیە، نموونەش بۆ ئەمە مۆرفیمی ناسیاری لە کوردیدا دابەشبوونی یەکێک لە ئەلۆمۆفەکانی ئەگەر بڵێین (ەک) تەنها بەنە

دەکرێت بە بوونی لە وشەیەکدا کە نیشانەی کۆی (ان) ی لەگەڵدا بێت.

وەک:

منداڵ + ەک + ان ← منداڵەکان.

ڕوونکردنەوەیەکی تری ئەوجۆرە ئەلۆمۆرفییە نیشانەی ناسیاری (ەکە) یە کە دەورووبەرێک بۆ بەکارهێنانی ئەلۆمۆرفی پێوانەیی کۆی (ان) دروستدەکات، ئەویش قەدەغەکردنی بەدەرکەوتنی مۆرفیمە ناپێوانەییەکانە، ئەوانەی کە کەمتر بڵاون، وەک:

**(ات) لە : باخ+ ات ← باخات بەڵام نەک ، *باخەکات.**

هەروەها هەندێ حاڵەتی تر هەن کە بوونی مۆرفیمێک بەندە بە بوونی مۆرفیمێکی ترەوە، بۆ نمونە، لە کوردیدا ئەو ناوانەی کە ناتوانرێت خاوەندارێتییەکەیان بگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تر، مۆرفیمی (ان) ی کۆ ڕێگەی پێنادرێت تا ناوەکە بەهۆی نیشانەی (ەکە) ەوە یان لەڕووی سینتاکتیکییەوە نەناسێنرێت وەک:

**دەست + ان ← *دەستان بەڵام، دەست + ەکە+ ان ← دەستەکان**

**یان ئەو دەستانە**

یان

**ڕوومەت + ان ← *ڕوومەتان نابێت بەڵام ڕوومەتەکان یان ئەو ڕوومەتانە دەبێت**

هەندێ جار دابەشبوونی ئەلۆمۆرف لەژێر کاریگەریی ڕێزماندایە، بۆ نموونە، ناکردن لە کوردیدا یان بەهۆی نا، نە، مە دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| دەخۆم | ناخۆم | * نەخۆم |
| دەمبرد | نەمدەبرد | * نامدەبرد |
| بخۆ | مەخۆ | * نەخۆ، *ناخۆ |

بەڵام لەگەڵ ئاوەڵناوەکاندا زیاتر گوێ بە هۆکاری فەرهەنگیی دەدرێت و هۆکارەکانی تر هێندە گوێیان پێ نادرێت. وەک:


| | | |
|---|---|---|
| خۆش | نەخۆش | ناخۆش |
| شیرین | ناشیرین | * نەشیرین |
| شارەزا | نەشارەزا | * ناشارەزا |

هۆکارێکی تر کە لەدابەشبوونی ئەلۆمۆرفدا دەور دەبینن، شێوازە. شێوازیش مەرج نییە تەنها پەیوەست بێت بە زار و شێوەزارەوە، بەڵکو شێوە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە ( زمانی یەکگرتوو، ئەدەبی، پیر و لاو و منداڵ، یان زاری چینێکی کۆمەڵایەتی، وەک: ژن، پیاو، دەوڵەمەند، کرێکار، هتد). بۆ نموونە مۆرفیمی دووبارەبوونەوەی ( ەوە). بڕوانە:

هاتەوە هاتەوانێ

کردەوە کردەوانێ

پەیوەندێتیی نێوان مۆرفیم و ئەلۆمۆرف و مۆرفەکان دەتوانرێت بە هۆی هێڵکارییەکی وەک ئەمەی خوارەوە بنوێنرێت:




## جۆرەکانی مۆرفیم:

### ڕەگ و گیرەک و قەد و بنج و (بناغە)

مۆرفیم لە ڕووی دارشتن و پێکەوە هاتنیان لە فۆرمێکدا و بەپێی سروشت و تایبەتیی بەشاریکردنیان، بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبێت.

### ڕەگ(ڕوت) : Root

کرۆکی وشەیە، کە چیتر بچووک ناکرێتەوە و مانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت. بە واتایەکی تر، ئەو بەشەی وشەیە، کە دوای لابردنی هەموو گیرەکەکان دەمێنێتەوە و لە هەموو شێوە جۆریەجۆرەکانی لێکسیمێکدا دەردەکەوێت. بۆ نمونە، (کوژ) لە ( دەکوژم، کوژرا، مەیکوژە، ...) دا

مۆرفیمی ڕەگە، کە گشت گیرەکانی لێکراوەتەوە و مانای کرۆکیی وشەکەی هەڵگرتووە و لەلایەن گیرەکەکانەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان وەسفکراوە و واتاکەی ڕوونکراوەتەوە بەهەمان شێوە (کچ) لە (کچانە، کچێنی، کچۆلە، کچەکەت، کچان)دا مۆرفیمی ڕەگە.

مۆرفیمی ڕەگ لە زمانی کوردیدا لەڕووی سەربەخۆیی و بەکارهێنانیەوە لە شێوەی سەربەست و بەندا بەدەردەکەوێت.

ڕەگی سەربەست ئەو مۆرفیمەیە، بەتەنیا وەک وشەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و واتایەکی فەرهەنگیی تەواوی هەیە، وەک: {کوڕ} و {بەرد} و {جوان} لە وشەکانی (کوڕێنی، بەردەڵان، جوانیی) دا.

ڕەگی بەندیش لەوەدا جیاوازە، کە وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت. بەڵکو بە مۆرفیمی ترەوە بەندە و بەیاریدە و هاوکاری ئەوان واتا دەبەخشێت، چونکە بەتەنیا لە واتا سیمانتیکییەکەی ناگەین. بۆ نموونە ڕەگی کردارەکانی وەک: ( نوس، کوش، بڕ، هێن، بەز، چێن، کەو) بەشێوەیەکی گشتی بەندن. هەرچەندە ژمارەیەکیان لەشێوەی مۆرفیمی سەربەستدا دەردەکەون، وەک: (لەرز، ترس، خەو، پرس، ناز) بەڵام لە داڕشتنی کرداردا هەمیشە بەشێوەی مۆرفیمی بەند کاردەکەن و لە ڕووی واتا و ڕستەسازیشەوە پەیوەندیان بە فۆرمە سەربەستەکانیانەوە نەماوە. بۆ نموونە بڕوانە ئەو ڕەگە بەندانەی لە خوارەوەدا هێڵیان بەژێردا هاتووە:

نوسەر

دەکڕم

بڕیم

دەنوێت

نەبەز

پێناسەی ڕەگ لە هەندێک باردا ڕاست دەرناچێت، چونکە فۆرمی هەندێ وشە هەمان ڕەگیان تێدا نییە، بۆ نمونە، لە (دەڵێم : وتم، دەمێنم: مام،...)دا، مۆرفیمی ڕەگ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بۆیە لەو جۆرە وشانەدا پێویستە پەنا بەرینە بەر واتا نەک فۆرم. جێی سەرنجە کە لە زمانی ئینگلیزیشدا فۆرمی هەندێک وشە، وەک: (good, better, best) لەڕووی دەنگەوە هەمان ڕەگیان تێدا نییە، بەڵام لە هەر سێکیاندا واتای یەک ڕەگ هەیە و ئەمەش کراوەتە بنەما و لەبەرچاو گیراوە.

## قەد ــ Stem

ئەو بەشەی وشەیەکە کە پێش ئەوەی هەر گیرەکێکی گەردانی (ڕێزمانیی) بچێتە سەر یان پێوە بلکێت، مەبەست لەو گیرەکانەیە کە بوونیان بەهۆی داواکردنێکی سینتاکسییەوەیە، وەکو نیشانەکانی کۆ، ناسیاری، نەناسیاری، دەمکاتەکان، هتد)، ڕەگیش لەوانەیە سادەبێت یان لێکدراو بێت، واتە؛ قەد ئەو مۆرفیمەیە کە توانای وەرگرتنی یاخود پێوەلکانی گیرەکی گەردانی (ڕێزمانی) هەیە .بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| ڕەگی ناو | کۆ |
| کوڕ | کوڕان |
| نوسەر | نوسەران |

لە فۆرمە – وشەی (کوڕان)، پاشگری گەردانی کۆ (ان) بە ڕەگێکی سادەی (کوڕ)ەوە لکاوە، کە ڕەگێکی ڕووتە، واتە ئەو ناوکە بچووک نەکراوەکەی وشەکەیە. لە وشەی (نوسەران) یشدا هەمان پاشگری گەردانی (ان) لە دوای ڕەگێکی تا ڕاددەیەک ئاڵۆز، کە پێکهاتووە

ڕەگێک (نوس) و پاشگرێک (ەر)، ئەم پاشگرەش ناوێکی لە ڕەگێکی
کارییدا دروستکردووە، بە واتایەک ؛ کەسێک کە کردەیەک
ئەنجامدەدات (یەکجار یان هەمیشە) کە لەلایەن کردارەکەوە دەستنیشان
دەکرێت. بۆ نمونە، لێرەدا (نوس) ڕەگەکەیە، کاتێک کە (ەر) دەکەی
پێوە دەنوسێت، دەبێتە (نوسەر) کە هەم ڕەگە و هەم بنجیشە.

## بنج (بناغە) — Base

لە کۆتاییشدا (بنج / بناغە) ئەو یەکەیە کە بەهەرشێوەیەک هەر جۆرە گیرەکێکی بۆ زیادبکرێت. واتە، ئەو مۆرفیمەی کە پێش ئەوەی گیرەکێکی گەردانی (ڕێزمانی یان داڕشتنی بۆ زیادبکرێت. ئەو گیرەکانەی کە بە ڕەگێکەوە دەلکێن، لەوانەیە گیرەکی گەردانی بێت کە بۆ مەبەستێکی سینتاکتیکی هەڵبژێردرابێت یان گیرەکی داڕشتن بێت کە واتای یان جۆری کاتیگۆرییە ڕێزمانییەکەی بنجەکە بگۆڕێت. ڕەگێکی ئارایشنەکراوی وەکو (کوڕ) دەتوانێ ببێتە بنج چونکە دەتوانرێت گیرەکێکی گەردانی وەکو (ان) پێوە بلکێنرێت بۆ دروستکردنی فۆرمێکی کۆی وەکو (کوڕان) یان گیرەکێکی داڕشتنی وەکو (ێنە) کە دەچێتە سەر ڕەگی ئاوەڵناوێکی وەکو (زەرد) و دەیکاتە (زەردێنە). لێرەدا هەم واتا و هەم بەشە ئاخاوتنەکەشی گۆڕیوە. بە واتایەکی تر هەموو ڕەگەکان بنجن. بنجەکان ڕەگیشیان پێدەوترێت تەنها لەو کۆنتێکستی مۆرفۆلۆجی گەردانییدا.

لەمانەی خوارەوەدا، گیرەکی گەردانی و داڕشتن و ڕەگ و قەدو بنج دیاربکە: نوسەرەکە، کوڕەکان، پیاوەتی، ناخۆشیی، ، باخچەکە، بەجوانیی، گەورەترین)

هیوادارم شیکردنەوەکەت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

| گیرەکە گەردانییەکان | گیرەکی دارشتن | ڕەگ | قەد | بناغە (بنچ) |
|---|---|---|---|---|
| | ەتی | پیاو | پیاو | پیاوان، پیاوەتیی |
| | چە | باخ | باخچە | باخچەکە |
| | بە | جوان | | بەجوانیی |
| | نا | خۆش | | ناخۆش، ناخۆشیی |
| | ی | | | |
| | ەر | نوس | نوسەر | نوسەرەکە |
| ترین | | گەورە | گەورە | گەورەترین |
| ان | | کوڕ | کوڕ، کوڕەکە | کوڕەکان |

لەمەی سەرەوەدا، وادەردەکەوێت کە دەشێ بەهۆی زیادکردنی گیرەکانەوە بۆ فۆرمێک کە زیاتر لە قەدێک بگرێتەخۆی. بۆ نمونە، وشە سەریەخۆکانی (دڵ) و (سۆز) دەتوانرێت پێکەوە ببەسترێنەوە و بنجێکی وەکو (دڵسۆز) دروستبکەن کە لەوانەیە پاشگری (ی) زیادبکرێت و ببێتە دڵ – سۆزیی، بەهەمان شێوە، (مار)

دەتوانرێت پێکەوە گرێبدرێن و بنجێکی ( لێرەدا وردتر قەدێکی) وەکو [[مار ]ـ [ماسی ]] لێدروستببێت و بەهۆی زیادکردنی پاشگرێکی گەردانی (ەکە) ەوە، ببێتە: [[[مار ] ـ [ماسی]] ەکە]. هەروەها [[[مار] [ماسییەکە]]] دەتوانێت وەک قەدێک کاریکات و پاشگری گەردانی کۆی بۆ زیابکرێت و وشەیەکی وەک [[[[مار] [ماسییەکە]]] ان] لێ بێتە بەرهەم. وشەیەکی وەکو ئەمە کە زیاتر لە ڕەگێک دەگرێتەخۆی پێی دەوترێت (ڕەگی لێکدراو) جێی سەرنجە کە هەموو ڕەگێک بنجە، بەڵام هەموو بنجێک ڕەگ نییە.

## گیرەک ( پێشگر و پاشگر و ناوگر – Affixes)

گیرەک ئەو مۆرفیمە بەندەیە کە بەشێوەی سەربەست دەرناکەوێت و بەتەنیا واتا نابەخشێت، بەڵکو بەجۆرەکانی تری مۆرفیمەوە (ڕەگ / قەد / بناغە (بنج) ەوە بەندە و لەگەڵ ئەواندا بەکاردەهێنرێت وەک: {- گەر }، {- یی}، { وەر ـ }، {ـ ەکە}، {دە ـ }، {ـ تر}، {ـ ین}، ....) لە وشەکانی ( ئاسنگەر، جوانیی، وەرگرتن، کوڕەکە، دەچم، جوانتر، دەکڕین، .......) بەپێی پێناسەکە گیرەکن. هەریەک لەم گیرەکانە جێگەی تایبەتی و دیاریکراویان هەیە و شوێنی تایبەتی خۆیان بەرنادەن، جگە لە دەستەیەکی جێناوە لکاوەکان نەبێت، بەگوێرەی قەد دەجوولێن و لە توانایاندا هەیە جێگۆڕکێ بکەن. ئەمانیش بریتین لە گیرەکەکانی (م

ـ مان، ت ـ تان، ی ـ یان) لەبەر ئەم هۆیەش دەکرێت بە نووسەک (Clitic) ناویان بەرین. وەک:

| | | | |
|---|---|---|---|
| دا | | | گرت |
| لێ | م ـ مان | | داگرت |
| چاو | | | لێداگرت |

لاگرەکان بەپێی شوێنی دەرکەوتنیان بەگوێرەی مۆرفیمی ڕەگ لە سێ شێوەدا دەبینرێن (پێشگر و ناوگر و پاشگر)، بەپێی ئەرکیشیان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:گیرەکی دارِشتن ( Derivational Affixes) و گیرەکی گەردانیی یان ڕێزمانیی (Inflectional or grammatical Affixes).

هەرچەندە سنووردانان لە نێوان ئەم دوو جۆرەگیرەکەدا (لاگرەدا) کارێکی وا ئاسان نییە، تەنانەت زانا و شارەزا کۆنەکانی زمان هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ئەو دوو جۆرە گیرەکەدا نەدەکرد و بەشێوەیەکی گشتی وشەیان بەبچووکترین دانەی ڕێزمانی دادەنا. زمانەوانە کوردەکانیش هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕۆیشتن و هەر دانیان بەبوونی گیرەکی دارِشتن داناوە و هەر ئەرک و توانای ئەو گیرەکەیان لێکداوەتەوە کە گۆڕانکاری بەسەر واتای وشەدا دێنن. وەک: (وەر، هەل، دا، ڕا، گەر، ستان، هتد( بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو جۆرە گیرەکانە، بڕوانە؛ ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم، ناو، ١٩٧٩).

هەرچەندە جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرە گیرەکە کارێکی زۆر ئاسکە و هەندێ جاریش ئالۆزە، وەک لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی جیاکردنەوەیان زۆر گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستیانەی

ڕۆنـانی وشـه له زمـانی کوردیـدا، بـۆیه به پێویسـتی دەزانـین کە لە خـوارەوەدا ئەدگارەکـانی هەر یەکێکیـان بەجیـاواز بخەینە ڕوو، بێگومان ئەمەش خـۆی لەخۆیدا جیاوازی نێوانیان دەخـاتەڕوو. (جیاوازی نێوان گیرەکـی دارشـتن و گیرەکـی گەردانیـی جیـاوازییەکی ئەرکییە، گیرەکی دارشتن وشەی نوێ (لێکسیم) دەخوڵقێنێت و گیرەکی گەردانیش فۆرمە وشـەی جیـاوازی هەمـان لێکسـیم دەخولقێنێـت) بەڵام ئەمە بەس نییە و بەشـی ئەوە ناکـات بـۆ ئەوەی کە بـزانین فـۆرمێکی دیـاریکراوی مۆرفۆلۆجیی سەر بەکام بوارە. بۆ نمونە سەیری ئەم بەراوردە کوردییەی خوارەوە بکە: چۆن بزانین کە (گەورەتر) لێکسیمێکی جیاوازە لە (گەورە) یـان فـۆرمێکی تـری لێکسـیمی (گەورە) یە. (دارشـتن لەوانەیە گەردانی موتـوربە بکـات بەڵام بەپـێچەوانەوە نـا، وەک ئەوەی کە پـێش ئێستا ئاماژەمان پێکرد، مـۆرفیمە گیرەکەکـان دەتـوانن بـۆ دوو جـۆر کـاتیگۆری ئەرکیی سـەرەکیی دابەش ببن، واتە؛ مۆرفیمەکانی دارشتن و مۆرفیمەکانی گەردانیی (ڕێزمانیی). ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکە بۆ ناسینەوەی دوو بنەمای پرۆسێسـەکانی وشەسـازدان: گەردانکـردن و دارشـتن. هەرچەنـدە هەموو مۆرفیمەکان لە هەندێک فۆرمدا ئەم جیـاکردنەوەیە پەسـەند دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە بابەتە پڕ مشتومڕەکانی تیۆری مۆرفۆلۆجیی

## گیرەکی دارشتن:

دارشتن لە زمـانـدا پێویستییەکی دەروونـیـیە و دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی کە هـیچ زمانێـک ناتوانێـت هەمـوو ئەو بیـر و چەمکـانەی دەوروبەری خـۆی بەهـۆی وشـەی سـادەوە دەرببـڕدرێ، لەبەر ئەوەی زانـین بـێ پایـانە و کەرەسـەی دەوڵەمەنـدترین زمـان لەچاویـدا کەمە و کۆتـایی هەیە، لەبەر

ئەمە ژمارەیەکی زۆر لە بیر و چەمک دەبێ بخرێنە ژێر خانەی چەمکی بنەڕەتترەوە و بەهۆی بیری بەرجەستە یان نابەرجەستەی تروە کە نێوان سازێنەکان — ئەو بیرانەی کە ئەم ئاوکارانە کە لەوانەیە لە شێوەی وشەی سەربەخۆ یان گیرەک یان گۆڕاندابن — دەری دەبڕن بە دارشتن یان بە گۆڕەر ناو دەبرێن. لەلای ساپیر وشە بریتییە لە بیرۆچکەیەکی سادە یان چەند بیرۆچکەیەک کە وا بەراددەیەک تێکچڕاون، کە یەکەیەک یان دانەیەکی دەروونی پێکدەهێنن. بۆ نموونە، وشەی (کڕیار) بریتییە لە لێکدانی چەند بیرۆکەیەک: لەلایەکەوە بیرۆکەیەکی یەکگرتووە، لەلایەکی تریشەوە لە لێکدانی چەند بیرۆکەیەک: ئەو کەسەی کە دەکڕێ. بیرۆکەی دارێژراو ئاسایی بەهۆی زیادکردنی گیرەکەوە ( کە کەرەسەی نابنەڕەتین) بۆ کەرەسەی بنەڕەت (ڕەگ) دەردەبڕدرێن، یان بەهۆی بەدیهێنانی گۆڕانی دەنگی لە هەردوو کەرتەکەدا. بەم پێیە (کڕیار) چەشنێکی تایبەتی لە کەس دەگرێتەوە. ڕەگ و گیرەکەکە (کڕ) لەگەڵ [- یار] دا پێکەوە یەک واتا دەگەیەنن: ئەو کەسەی کە دەکڕێ.

هەندێ زمانەوانی تر لە ڕوانگەیەکی واتاییەوە دەڕواننە دارشتن. بۆ نموونە، مارشاند لەو باوەڕەدایە کە پاشگر بەهایەکی واتایی هەیە، بەڵام وەک دانەیەکی سەربەخۆ بەکار نایەت. هۆکێتیش لەو باوەڕەدایە کە پاشگرەکانی دارشتن ڕاستەخۆ واتا هەڵدەگرن. هەرچی دێرمەندە لەڕوانگەی واتا و ئەرکەوە لە دارشتن دەکۆڵێتەوە.

بۆ دارشتن بە شێوازێکی ئاسانتر مۆرفیمی دارشتن گیرەکێکە (زیادەیەکە) و بنج و پێکهاتنی وشە بەکاردێت، کاتێک کە دەچنە سەر ڕەگ و قەد و بنج یان بناغە) و واتا یان فۆرمی نوێ دادەڕێژن و وەک تێبینیدەکرێت، وشە

داڕێــژراوەکە لەوانەیە لە پــۆلی ڕێزمــانیی جیــاوازدابن زیــاتر لە وشــە دانەڕێژراوەکەدا ( فرۆمکین، ١٩٨٧، ل. ١١٧).

## گیرەکی گەردانیی:

زاراوەیەکە لە مۆرفۆلۆجییدا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە یەکێک یان دوو لە کاتیگۆری یان پرۆسێسەکانی وشە فۆرماندن. مۆرفۆلۆجیی گەردانیی بریتییە لە گۆڕانی فۆرمی تاکە ئایتمێکی فەرهەنگیی، کە لەلایەن ئەرکە ڕێزمـانییە جیاوازەکانەوە داوادەکرێت، لە ڕستەیەکی تایبەتییدا. (لقێکی مۆرفۆلـۆجییە کە پەیوەسـتە بەم گەردانکـردنەوە ( (ئەو مۆرفیمـانەی کە ڕێزمان داوایان دەکات، پێیدەوترێت گیرەکی گەردانیی، ئەو ڕەگانەی کە ئەو جۆرە گیرەکانەی بۆ زیاد دەکرێت هەمیشە هەمان ڕەگ دەمێننەوە.

## تایبەتییەکانی گیرەکی داڕشتن و گەردانیی:

ئێستا با سەیری تایبەتییەکانی مۆرفۆلۆجیی داڕشتن و گەردانیی بکەین، ئامانجی کۆتـایی دیـاریکردنەکەش ئەوەیە کە ئایا داڕشـتن و گەردانکردن خاسیەتەکانیان تەواو لەیەکتر جیاوازن بۆ ئەوەی وەک دوو وەچەسیستەم لە بیناسـازیی مۆرفۆلۆجییـدا پیشـنیاربکرێن. ئـێمە بە ئەو گریمـانە جیاکەرەوە شێوازبەندە دەڵێین، ڕێبـازی دابەشـبوون. ئەگەرێکی تر ئەوەیە کە وا ئـێمە مـۆدێلی داڕشـتن و گەردانیـی وەک بەردەوامیـیەک دابنێـین. بەوەی کە گەردانکردنێکـی یاسـابەند جەمسـەرێک دەگرێـت و داڕشـتنی یاسـابەندیش جەمسـەرەکەی تـر، بەڵام زۆربەی جۆرەکـان ناوەڕاسـت دەگـرن و لەنێـوان هەردوو جەمسـەردان، ئـێمە بەوە دەڵێین ڕێبـازی بەردەوامێتیـی. ئەم هەڵبـژاردنە دەرئەنجامێکی فراوانی بۆ پەیوەندێتیی نێـوان مۆرفۆلـۆجیی و سینتاکس هەیە ( کە تـارادەیەک لە بەشـەکانی پێشـەوەدا باسـمانکرد) بەڵام ئـێمە بە سـەیرکردنی هەندێ لە

ڕاستییە ئەزموونبەنـدەکان دەسـتپێدەکەین کە دەکەوێـنە ژێریـاری ئەم دیبەیتەوە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە تێروانینێکی گشتی ئەو تایبەتییانەیە کە دارشتن و گەردانکردن لە یەکتر جیادەکاتەوەوە. هەندێ لەوانە بۆ هەموویان یان بۆ هیچیان نابن و هەندێکی دیکەشیان ڕێژەیین. بەو واتـایەی؛ وشەیەکی ئاڵۆز لەوانەیە هەندێ تایبەتیی بۆ بوارێکی فراوانتر یان تەسکتر هەبێت. ئێمە وا لە خوارەوەدا ئەمانە تاوتوێدەکەین. بۆ زانیـاری زیاتر دەربارەی ئەم بـابەتە، بـڕوانە: Martin Haspelmath ,Andrea D Sims(٢٠١٢): p. ٨٩-٩٩ هەروەهـا بەراوردی بـکە لەگەڵ: محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید (٢٠٠٦) ل. ٤٩ – ٦٤

| مۆرفیمی گەردانیی (ڕێزمانیی) | مۆرفیمی دارشتن (فەرهەنگیی) |
|---|---|
| ١- بۆ سینتاکس گرنگە | ١- بۆ سینتاکس گرنگ نییە |
| ٢- دەربڕینێکی ناچاریی سیماکان | ٢- دەربڕینەکان بەناچاریی نین |
| ٣- پیادەکردنێکی دیارینەکراو | ٣- ئەگەری پیادەکردنێکی دیاریکراو |
| ٤- هەمان چەمکی بنچ | ٤- چەمکێکی نوێ |
| ٥- تاڕادەیەک واتای ئەبستراکت | ٥ – تاڕاددەیەک واتای کۆنکریتیی |
| ٦- واتای پێکهاتەیی | ٦ – ئەگەری واتای ناپێکهاتەیی |

| | |
|---|---|
| ٧- له چوارچێـــوەی وشـــەوە دەردەبڕدرێن | ٧ – نزیک له بنجەوە دەردەبڕدرێن |
| ٨- ئەلۆمۆرفیی نیشان نادەن | ٨ – ئەلۆمـــۆرفیی بـــنج نیشـــان دەدەن |
| ٩- پۆله – وشەکه ناگۆڕێن | ٩ – هەندێ جار پۆله – وشەی دەگۆڕێن |
| ١٠-ئەگەریـــی دەربـــڕینه کەڵەکەبووەکان | ١٠ – نـــائەگەریی دەربـــڕینه کەڵەکەبووەکان |
| ١١- دووباره نابنەوە | ١١ – ئەگەری دووباره بوونەوە |

١

## – گرنگیی بۆ سینتاکس

گەردانکردن گرنگه بۆ سینتاکس و داڕشتن گرنگ نییه بۆ سینتاکس بەواتا فراوانەکەی، گرنگیی بـۆ سیناکس ئەوه دەگەیەنێت، که ئەرکێکی ڕێزمـانیی یـان واتـایەکی ڕێزمـانیی بـه هـۆی شـێوەیەکی (قاڵبێکی) مۆرفۆلۆجییەوە دەردەبڕدرێت، که بەشداری له ڕێکەوتنێکی سینتاکسیی یان حوکمکردنێکی سینتاکسییدا دەکات.

له حوکمکردنی سیناکسییدا، وشـەیەک داوای وشـەیەکی تـر یـان فرێزێکی تـر دەکـات که نرخێکی گەردانـیی دیـاریکراوی هەبێـت، واته قسەپێکەر سەرپشک نییه له هەڵبژاردنییدا. چونکه پەیوەستن به فۆرمەکانی کردار،

بۆ نمـونە، کـرداری / ویســتن / داوای لاڕسـتەیەکی تەواو کەریـی گەردانکراو دەکات. وەک:

pro دەمەوێت بتگرم.

pro ویستم بتگرم

* pro دەمەوێت گرتم

* pro ویستم گرتم .

* pro دەمەوێت دەگرم.

*pro ویستم دەگرم

بەڵام کردارێکـی وەکـو / گـرتن / پێویسـتی بە تەواوکەرێـک هەیە، کە فرێزێکی ناوییە.

من کوڕەکەم گرت.

من تۆ دەگرم.

واتایەکی تری گرنگیی بۆ سینتاکس لە ڕێکەوتندا بەدەردەکەوێت

ڕێککەوتـن: جۆرێکە لە پەیوەنـدی سینتاکسیی کە تیایدا بەهایەکی گەردانیی وشەیەک یان یان فرێزێک ( ئامانجەکە)، دەبێ هەمان ئەو نرخە گەردانییەی هەبێت کە لە وشـەیەکی تـر یان فرێزێکی تـر لە ڕستەیەکدا (کـۆنترۆڵکەر) کە زۆر پەیوەسـتە پێـیەوە. بـۆ نمـونە، لە:[ کـوڕەکە] [پیاسەدەکات] و :[ کچەکان] [پیاسەدەکەن] کردارەکە (پیاسـەدەکات / دەکەن، لە ڕووی ژمـارەوە لەگەڵ بکەرەکانـدا ڕێکـدەکەوێت. یـان لە ئاوەڵناوەکانی نیشانەدا (ئەو / ئەوانە) دا جۆرێک لە ڕێکەوتـن لە نێوان ئاوەڵناوەکە و سەرەی فرێزە ناوییەکەدا هەیە. بۆ نمونە:

ئەو کوڕە

ئەو کوڕانە

سەبارەت بەپەیوەندی ڕێکەوتن دەتوانرێت لە زۆر لە دیاردە ڕێزمانییە جۆراوجۆرەکانی ڕێزمانییدا بەدی بکرێت.

١- ئەو خۆی بریندار کرد.

٢ - *ئەو خۆیانی بریندار کرد.

٣- مارەکە بۆقەکەی قوتدا.

٤- *مارەکە بۆقەکەیان قوتدا.

٥- *مارەکان بۆقەکەی قوتدا.

هەروەها سەبارەت بە پەیوەندی ڕێکەوتن لە ژمارە و جێندەر، لە فرێزی خستنەسەردا، زیاتر لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا هەستیپێدەکرێت/ وەک:

کوڕێ من

کچا من

کوڕێن / کوڕێت مە

کچێن مە

(ئە) ڤی کوڕی

(ئە) ڤێ کچێ

(ئە) ڤان کوڕان

پێوەری گرنگیی سینتاکسیی زۆربەی سیماکانی گەردانیی دادەپۆشێ، بەڵام ناوچەیەکی ئاڕێشەییە، ئەویش ئەوەیە، کە (تاف – تێنس) و (ڕووکار – ئەسپێکت) و( ڕێژە – مود ) بەئاشکرا دیار نییە کە بۆ سینتاکس گرنگ بێت، تێنس، لەوەش زیاتر ڕووکاریش بە دەگمەن لە پەیوەندییەکی وەک ڕێکەوتندا ڕوودەدات و دەردەکەوێت و پێچەوانەی

ئەوانەش لەلایەن سینتاکسەوە دەستنیشان ناکرین، باشە ئەگەر بەپێی ئەو پێوەرەوە بێت ئایا ئێمە دەتوانین دەمکات و ڕووکار و ڕێژە بە دارشتن دابنێین زیاتر لەوەی کە بە گەردانیی دایانبنێین ؟ بەسەرداچوونەوەیەکی خێرای لێکدانەوەی (گرنگیی بۆ سینتاکس ئەو کێشەیە چارەسەردەکات. بەتایبەتیش، وەک ڕوونبووەوە کە هەندێ یاسای تایبەتیی سینتاکسیی واپێدەچێت کە داوای سەرچاوەیەک یان ئامازەیەک بۆ دەمکات و ڕووکار و ڕێژەکان بکات، ئەمەش بەپێی ئەو پێوەرە، ڕێگامان پێدەدات کە دەمکات و ڕووکار و ڕێژەش لەژێر خاسیەتە گەردانییەکانەوە پۆلبکەین. بەڵام بەپێچەوانەی مۆفیمی گەردانییەوە، مۆرفیمی دارشتن یان وشەدارێژ پێویستی بە کۆنتێکستێکی ڕێزمانیی نییە کە تیایدا بەدەربکەوێت، بە واتایەکی تر، بەکارهێنانەکەی لەلایەن ڕێزمانەوە دیارینا‌کرێت. واتە ئەو جۆرە لاگرانە بۆ سینتاکس گرنگ نین، بۆ نمونە: گرتم، دەگرم، گرتبووم، لەگەڵ گرتن دا بەراورد بکە.

## ٢ – ناچارێتیی

فیچەرەکانی گەردانکردن بەناچاریی بەسەر هەموو فۆرمە وشە جێبەجێکراوەکاندا دەردەبڕدرێت، کەچی واتاکانی دارشتن بەناچاریی دەرنابڕدرێن. ئەم پێوەرە بەسەر گەردانییە چەمکییەکان ( سیاقییەکان) دا پیادەدەکرێت، بەڵام ئەمە هەمیشە بۆ گەردانکردنێکی سروشتی نییە، واتە ئەدگارێکی هەمیشەیی گەردانکردن نییە. لە حاڵەتی شکاندنەوەیەکی کرداریيدا گەردانکردن هەمیشە ناچارییە: تۆ فۆرمێکی تایبەتیی (دیاریکراو)ی کارێک لە لارستەیەکدا هەڵدەبژێریت، ئەمە وا پێدەچێت کە بەسەر ناوەکاندا پیادەنەبێت. ناوێک دەتوانێت بەبێ هیچ

نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجیی که ئاماژە بۆ ژمارەی ناوەکە بکات، بەکاربهێنرێت. لەڕاستیدا، مەرج نییە نیشانەکانی کۆ بۆ فۆرمێک هەمیشە بەدەربکەون. وەک ئەو ناوانەی کوردی (ئاگاداری، گونجان، هەرزەکاری، بەهەرحاڵ، لەوانەیە یەکێک بانگەشەی ئەوە بکات که وشە لەکوردیدا هەمیشە بۆ کاتیگۆرییەکی گونجاو گەردان دەکرێت، چونکە ناو لە کوردیدا هەمیشە یان تاکە یان کۆ یە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەو سێ ناوەی دوایی وەک ناوێکی تاک لە ڕێکەوتنی بکەر – کار هەڵسوکەوت دەکەن، کەواتە؛ ئەو ناوانە بەشێوەیەکی گریمانەیی تاکن، بەو مانایەی کە لە ڕاستییدا کە گەردانکردنی ناو بۆ ژمارە بەناچارییە، بە واتایەکی تر ئامادەنەبوونی لاگرەکان لەو ناوانەدا خۆی لەخۆیدا واتادارە و مانای ئەوە نییە کە ئەو فۆرمانە گەردانکراون. بەڵام مۆرفیمی دارشتن یاساکانیان **تاڕاددەیەک بە ئارەزووە، بە پێچەوانەی لاگرەکانی گەردانکردن کە یاساکانیان بە ناچارییە. بۆ نمونە، هەردوو وشەی (باخ) و (باخچە) ڕەنگە بتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە. وەک:**

**١ – دەمەوێت باخچەیێک بکڕم.**

**٢ – دەمەوێت باخێک بکڕم.**

## ٣ – بەندێتیی لە جێبەجێکردندا

بەها گەردانییەکان دەتوانرێت بەسەر بنج / بناغەکانیاندا پیادەبکرێن یان جێبەجێبکرێن، بەبێ هیچ سنوردانانێکی هەڕەمەکیی؛ فۆرمسازدانە دارشتنییەکان لەوانەیە بە ڕیگایەکی هەڕەمەکیی سنورداربکرێن.

بەشێوەیەکی گشتی، پارادیگمی لێکسیمێک سێتێکی پڕی فۆرمە گەردانکراوەکان دەگرێتە خۆ:

پارادیگمێکی کرداریی ئەو فۆرمە – وشانەی هەیە کە هەموو بەهاکانی تێنس – ئەسپێکت – مود دەردەبڕن کە پەیوەندیان بە زمانەوە هەیە.

پارادیگمەکانی ناو ئەو فۆرمە – وشانەی هەیە کە هەموو یەکگرتنە گرنگەکانی ژمارە – دۆخ دەردەبڕن، پارادیگمەکانی ئاوەڵناویش هەموو فۆرمە گرنگەکانی بەراوردییەکانی هەیە،هتد. ئەمە لەبەر ئەوەی ئەو لێکسیمەی کە سێتێکی پڕی فۆرمەکانی نەبێت ناتوانێت لە هەموو کۆنتێکستێکی سینتاکسییدا ئەرک ببینێت. هەروەها بەتایبەتی کاتێک کە ناوێزەییەکان ڕوودەدەن. ئەمەش هەمیشە بە ئاسانی دەتوانرێت لە ڕێگای نەگونجانی واتای گەردانیی و واتای بنجەکەوە ڕوونبکرێنەوە، واتە: لە باری ئاساییدا کێشەی سیاقی سیناکسیی هەرگیز سەرهەڵنادات، بۆ نمونە کردارە بارگەیەنەکان لەوانەیە، فۆرمێکی دیاریکراوی ڕووکاریی نەبێت. لێرەدا دەبێ نمونەیەک لە زمانی ئینگلیزی بهێنینەوە: She is knowing me * . ناوی کۆمەڵ لەوانەیە تەنها فۆرمێکی تاک یان کۆی هەبێت، بۆ نمونە لە کوردییدا ( زانیاری- * زانیاریان) یان ئاوەڵناوە ناپلەییەکان فۆرمەکانی بەراوردییان نییە ( *مامۆتەکان لە نیاندرتاڵەکان مردووترن) زۆر بەدەگمەن کەلێنەکانی پارادیگمێکی ناتەواو دەبینیت کە هیچ پاڵنەرێکی سیمانتیکیی نەبێت .

بەبەراورد، کەلێنەکانی دارشتنە هەرەمەکییەکان زۆر بەربڵاونین بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی سیمانتکیی بۆی هەبێت، زمانی کوردیی ئاوەڵناوی / کوردیی، شاریی، کێویی، دەشتەکیی، شارستانیی / بە / یی / هەیە، بەڵام ناتوانرێت بگوترێت / *مێزیی، کۆتریی /. هەرچەندە کە ئەوانە هەستێکی سیمانتیکی تەواو دروستدەکەن. هەروەها لەکوردیدا هەندێک پاشگر هەن کە لەگەڵ هەندێک لەئاوەڵناوەکانی ڕەنگدا بەدەردەکەون و

لەگەڵ هەندێکی تر نا. وەک: (ێنە) لە زەردێنە، سپێنە، بەڵام *شینێنە یان *رەشێنە یان (ەوان) لە دارەوان، بەڵام نەک *ئاسنەوان، چونکە ئەمانەش ناگونجێن. ئەم بابەتە تاڕاددەیەک پەیوەندی بە ڕێگری و ڕێگەخۆشکەری بەبەرهەمیی پاشگرەکانی زمانی کوردییەوە هەیە. بۆ زانیاری زیاتریش دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە:بەشی چوارەمی ئەم کتێبە.

## ٤ – هەمان چەمکی بنجەکان

هەندێ لە خاسیەتەکان بە باشترین شێوە لەڕووی سیفەتە گەردانکراوە یاساییەکان و سیفەتە دارشتنە یاساییەکانەوە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت.

فۆرمە - گەردانکراوە یاساییەکان هەمان چەمک وەک بنجەکە دەردەبڕن؛ لێکسیمە دارێژراوە یاساییەکان چەمکێکی نوێ دەردەبڕن.

لەکاتێکدا هەموو کەسێک تاڕاددەیەک ڕازییە لەسەر ئەوەی کە لە ( برۆ و دەڕوا) هەمان چەمک دەربڕاوە، هەرچەندە بەپێی پێوەرەکەی سەرەوە هەندێ جار ژمارە لە ناوەکاندا هاوشێوەی مۆرفیمەکانی دارشتنە، زیاتر لەوەی کە هاوشێوەی مۆرفیمەکانی گەردانیی بێت. لەلایەکی تر دارشتن هەمیشە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرەو چەمکێکی نوێمان نابات. هەرچەندە کە (ئاسنگەر) زۆر بەڕوونی چەمکێکی جیاوازە لە (ئاسن) بەڵام بە چ واتایەک یان هەستێک (میهرەبانی) چەمکێکی جیاوازە لە (میهرەبان). ئێمە پێمانوایە کە ئەو جۆرە نموونانە دەکەونە سنوری نێوان گەردانیی و دارشتن

## ٥ – ئەبستراکتێتیی

بەها گەردانییەکان تاڕاددەیەک واتایەکی ئەبسراکت دەردەبڕن، واتا دارشتنییەکان تاڕاددەیەک کۆنکریتییین.

پێوەری ئەبستراکتێتیی زۆر بەچاکی بۆ واتا گەردانییەکان کاردەکات، چونکە هەرهەموویان زۆر ئەبستراکتن ( بە چەند واتایەکی سەلیقەیی)، زۆربەی واتاکانی دارشتنیش تەواو کۆنکریتین (بۆ نمونە لە فەرەنسییدا – ier کە ئاماژە بەجۆرە درەختێک دەکات)، بەڵام هەروەها هەندێ واتاکانی دارشتنییش هەن کە تەواو وەک واتا گەردانییەکان ئەبستراکتن (بۆ نمونە، بەهای پاشگری – ەتی لە پیاوەتی) کەواتە؛ (ەتی) بەشێوەیەکی یاسایی نە وشەدارێژە و نە گەردانییشە.

## ٦ – واتای پێکهاتەیی

فۆرمە – وشە گەردانکراوە یاسابەندەکان واتایەکی پێکهاتەییان هەیە؛ لێکسیمە دارێژراوە یاساییەکان واتایەکی ناپێکهاتەییان هەیە.

لەکاتێکدا بەها گەردانییەکان هەمیشە پێشبینییەک بۆ بەشداربووە واتاییەکانی بنجەکانیان دروستدەکەن، لێکسیمە دارێژراوەکان لەڕووی سیمانتیکییەوە ئیدیۆسینکراتیکن، بۆ نمونە پاشگرێکی دارێژراوی ڕووسی (- nik) بە واتای شتێک کە هاوبەشی (چەمکی بنجەکە) دەکات، ئەم جۆرە واتایە بەئاشکرا لە ( dnev-nik) دا ئامادەیە واتە ؛ ئەو شتەی کە هاوبەشی ڕۆژانە دەکات (چالاکییەکانی ڕۆژانە) کە بە ئینگلیزی واتای ( diary ) دەدات. بەهەرحاڵ واتای ( dnevik) لەکۆی کەرتەکانی (dnev) و _ (nik) ەوە نەهاتووە. نمونەی ئەم جۆرە واتایانە لە کوردیشدا زۆرە بەتایبەتیش لەو کردارە لێکدراوانەی کە

واتایەکی ئیدیەماتیکییان هەیە. واتە؛ واتاکانیان لە کۆی کەرتەکانیانەوە نایەت یان پێشبینی ناکرێت. بۆ نموونە:

روح چـوون ، شەرفرۆشـتن، خەمخـواردن، هتـد. هەروەهـا لە وشـە داڕێژراوەکانیشدا تاڕاددەیەک هەستیپێدەکرێت، بۆ نمونە، پاشگری (باز) ی زمانی کوردیی واتای ( چشتی بەند و بەستراو بە) چەمکی بناغەکەوە هەیە، کە پێوەی لکاوە: / کۆتربـاز/ کەسێکە" ، مرۆڤێکە" کە حەز و ئـارەزووی بەردەوامـی لە کـۆتر و ڕاگـرتن و بەخێـوکردن و خۆخەریککردنیەتی پێیەوە. تەنـانەت وشـەیەکی وەک: (منـداڵباز) کە هاواتایەکی (هەتیوباز) ی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە / باز / لە / سـەرباز / دا هەیە، بەڵام ناتوانرێـت لەڕێـی هەردوو مـۆرفیمە پێکهێـنەرەکەیەوە پێشبینی لە پێکهـاتە واتـاییەکەی بکرێـت و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ببەسترێت بە گشت لێکسیمەکانی دیکەوە ( / دەزباز، کۆترباز، فێڵباز / و / سەربازیی، دەزبازیی، کۆتربـازیی، فێڵبـازیی / ). یـان لێکسـیمە داڕێژراوەکـانی وەک: / جـێگە /، /جێگـا /، دەرگـا / ناتوانرێـت لەڕێـی واتـا پێکهاتەکـانییەوە هەڵبهێنجـرێن و پێیانبزانرێـت. رەنگە تەنها بەمێژوویی و لەڕێی مێژووییەوە ببەسترێنەوە بە م / جێ / و / دەر / دوە. بڕوانە: > جێگەمان نابێتەوە<، >جێگاکە ڕابخە<، > دەرگاکان کراوەن و دەروازەکە داخراوە و کەس ناتوانێت دەربازبێت<، < هەروەها بەئاسانی دەرناچیین>! )

خۆ گشت فـۆرمە داڕێژراوەکـانی داڕشـتن ئایاسـابەندێتیی سیمانتیکیی نیشـانانادەن، بـۆ نمـونە، نـاوی لە ئاوەڵنـاوخراو بە / یی/، بە بەراورد لەگەڵ نـاوی پیشـەدا بە پاشـگرەکانی /- چیـی، - ەوان، - گەر/ و......./ لە / چـای - چیی، کارەبـا - چیی، مەلە - وان، بـاخ -

ەوان، مز – گەر، ئاسن – گەر، نان – ەوا، نان – گەر،....../ نقد

پاسا بەندە ( بڕوانە: / مەرد – یی، ئازا – یی، بەرز – یی، سارد –

یی/ )

## ٧ – جێکەوتەی پەیوەست بە بنجەوە

گەردانکردنە پاسابەندەکان لەسەر چێوەی وشەکانەوە دەردەبڕدرێن؛

دارشتنە پاسابەندەکان لە نزیک ڕەگەوە دەردەبڕدرێن.

ئەم تایبەتمەندییە دەتوانرێت وەک پێوەرێکی جیاکردنەوە بەکاربهێنرێت تەنها لە هەندێ هەڵویستی تایبەتییدا چونکە تایبەتمەندییەکە ڕێژەییە و ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕەها بەکاربهێنرێت. سەرەتا دەتوانرێت بەهۆی ئەو وشانەوە ڕوونبکرێتەوە کە لاگرێکی دارێژتن و لاگرێکی گەردانییان هەیە لەیەک لای ڕەگەکەوە. لەم حاڵەتانەدا گیرەکە دارشتنەکە هەمیشە دەکەوێتە نێوان ڕەگەکە و گیرەکە گەردانییەکەوە:

| | | |
|---|---|---|
| کوردیی | ئاسن – گەر – ەکە | ڕەگ – پیشە (دارشتن) – ناسیاری (گەردانیی) |
| کوردیی | ئەنگوست – یلە – ێک (یەک) | ڕەگ- ئامێر (دارشتن) – نەناسیاری (گەردانیی) |
| کوردیی | هونەر – مەند – ان | ڕەگ – پیشە (دارشتن) – کۆ (گەردانیی) |
| عەرەبیی | عەرەبی – ن | کۆ بکەر (گەردانی) – |

| | | |
|---|---|---|
| | ت – لبس | خۆیەتی (دارشتن) – ڕەگ |
| ئینگلیزیی | کینگ - دەم – س | ڕەگ - پـایە - (دارشـتن) - کـۆ (گەردانیی) |

کاتێک کە زیاتر لە دوو گیرەک لە ئارادا بێت، بەشێوەیەکی ئاسایی هەموو گیرەکە وشە دارێژەکان زیاتر لە گیرەکە گەردانییەکان نزیکتر لە ڕەگەکەوە بەدەردەکەون. بۆ نمونە، لە وشەیەکی وەک:

(نـا خـۆش ی یەکە ان) نەرێ (دارشـتن) - ڕەگ - پاشـگری ئاوەڵناویی (دارشتن) - ناسیاری (گەردانیی)

بە بۆچوونی من ڕێژەیی ئەو تایبەتمەندییە لە زمـانی کوردییـدا لەوەدایە، کە ڕیزبـوونی مـۆرفیە گەردانـی و وشـەدارێژەکان، سـەبارەت بە دوور و نزیکیـان لە ڕەگەوە، دەوەسـتێتە سـەر جۆری ئەو بەشە ئاخاوتنەی کە پێیەوە دەلکێن، ئەم پێوەرەی سـەرەوە لەوانەیە تـاڕاددەیەکی بـاش بۆ ناوەکان گونجاو و لەباربێت، بەڵام بۆ کارەکان لەوانەیە بەجۆرێکی تر بێت

لەبەر ئەوەی کە کـار لە کوردییـدا ( ڕاسـتتر ڕەگـی کـردار )کە پێشـتر ئامـاژەم پێکـرد لە کرمـانجیی ناوەڕاسـتدا زیـاتر لە شـێوەی بەنـددا بەدەردەکەوێـت و وەک دانەیەکـی سـەربەخۆ بەدەرناکەویـت و بەڵکو بەمۆرفیمی ترەوە بەندە و بەیاریدە و هاوکاری ئەوانەوە واتا دەبەخشێت، چونکە بەتەنها لە واتا سیمانتیکییەکەی ناگەین و زۆربەی هەرە زۆری ئەو مۆرفیمانەی کە دەچنە سەر ڕەگی کـارەوە گەردانییـن، بۆیە زۆر ئاساییە کە نزیک بـن لە ڕەگەکـانەوە، جێـی سـەرنجە کاتێـک کارێـک کۆمەڵێک

گیرەک وەردەگرێت بێگومان، دەبێ تا ڕاددەیەک سیستەمێک هەبێت، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕیزبوونیان ( بڕوانە: مۆرفیمە پێکهێنەکانی کار لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ، ١٩٩٥). بۆ نموونە:

هەڵ پێشگر ئاراستە بۆ سەرەوە (داڕشتن).

م (ک. ی. تاک. بکەر –(کلیتیک)

نە (نەرێ)

دە (ئەسپێکت)

گر ( ڕەگ)

ت (ڕابردوو -کلیتیک)) – ن – ەوە

ەوە – دووپاتبوونەوە (گەردانیی)

لەلایەکی تر کێشەی ئەوەی کە ئایا چاوگ سەرچاوەی کارە یان چاوگ خۆی لەکارەوە وەرگیراوە (لیژنەی زمان ١٩٧٦، ٣٦٨) چاوگ لە کوردییدا وەک بەشە ئاخاوتن ناسراوە، بەڵام پێکهاتەی چاوگ خۆی شیکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆژی هەڵدەگرێ و بەمەش جیاوازییەکی زۆر دەکەوێتە چاوگ و پێکهاتەی کار. کار و چاوگیش وەک پێکهاتەیەکی دیکە تاڕاددەیەک پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە (حەیدەر حاجی خدر، ل، ٨١) زۆر ئاساییە کە هەندێ نموونەی گەردانیی و وشەدارێژ بدۆزینەوە کە خاسیەتی یاسابەند نیشان نەدەن.

## ٨- ئەلۆمۆرفیی بنج

گەردانکردن کەمتر ئەلۆمۆرفیی دروستدەکات و داڕشتن زیاتر ئەلۆمۆرفی بنج دێنێتە کایەوە. ئەلۆمۆرفیی بنجیش تاڕادەیەک تایبەتمەندییەکی ڕێژەییە. دەتوانرێت لەگەڵ ئەو ڕەگانەدا بەدەربکەوێت کە ئەلۆمۆرفیی لە

لێکسیمە داڕێژتنەکاندا نیشاندەدەن، بەڵام نەک لە فۆرمە _ وشە گەردانکراوەکاندا. ئێستا با هەندێ نموونە لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزییدا بهێنینەوە:

| | ڕەگ | فۆرمی گەردانکراو | لێکسیمی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| ئینگلیزی | دیسترۆی | دیسترۆی _ د | دیسترەک _ شن |
| ئینگلیزی | برۆد | برۆد _ ەر | برێد _ ث |
| عەرەبی | کە تە بە | کەتەب _ تو | کیتاب |

بە بۆچوونی من ئەو تایبەتمەندییە لە زمانی کوردییدا نەک هەر ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت، بەڵکو زۆرجار پێچەوانەی ئەوەش پێشاندەدات. لەبەرئەوەی ئەگەر زۆر بەدەگمەن نەبێت ڕەگی کوردی هیچ جۆرە ئەلۆمۆرفییەک لە داڕشتندا دروست ناکات، بەڵام لەوانەیە بەشێکی زۆری ڕەگی کوردی لەکاتی گەردانکردندا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بۆ نموونە:

| ڕەگ | فۆرمی گەردانکراو | لێکسیمی داڕێژراو |
|---|---|---|
| خستن (خس) | دە خە م | دا خس ت ن |
| هاتن (ها) | د ێ م | ڕا ها ت ن |
| گوڵ | گوڵ ان | گوڵ دان |

| | | |
|---|---|---|
| کتێب | کتێب ەکە | کتێب خانە |

## ٩ – پۆلە – وشە گۆڕین ( پۆلگۆڕین)

گەردانکرنی یاسابەند پۆلە – وشەی بنجەکە ناگۆڕێت، گیرەکە دارشتنەکان لەوانەیە پۆلە – وشەی بنجەکە بگۆڕن.

ئەوە هەمیشە بەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت کە فۆرمسازدانێکی داڕێژراو لەوانەیە پۆلە – وشەکە بگۆڕیت، بەڵام یەکێکی گەردانی هیچ کاتێک ئەوە ناکات. لە کاتێکدا کە بەشی یەکەمی بانگەشەکە ڕاستە (بۆ نمونە بڕوانە؛ ئەو پۆلە – فۆرمە گۆڕدراوانەی دارشتن.

ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادە و دەیکەنە ناوی داڕێژراو:

| ئاوەڵناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
|---|---|---|
| کوێر | یی | کوێریی |
| خراپ | ە | خراپە |
| پیس | کە | پیسکە |
| سارد | ەمەنی | ساردەمەنی |

ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ڕەگی کار و دەیکەنە ناوی داڕێژراو:

| ڕەگ | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
|---|---|---|
| کوشت | ار | کوشتار |
| نیشت | مان | نیشتمان |
| نوس | ەر | نوسەر |

| | | |
|---|---|---|
| پرس | یار | پرسیار |
| کوت | ەک | کوتەک |

ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵکاری سادە و دەیانکەنە ناوی دارێژراو:

| ئاوەڵکاری سادە | پاشگر | ناوی سادە |
|---|---|---|
| پێش | ین | پێشین |
| پێش | ەوا | پێشەوا |
| بن | ار | بنار |
| شەو | ان (انە) | شەوان (شەوانە) ( واتە؛ لەکاتی شەودا) (شەوێ یان بەشەو) |
| زستان | ان | زستانان ( لە وەرزی زستاندا) زستانێ یان لە زستاندا) |

جگە لەوانە هەندێ پێشگریش هەن ، کە بەڕەگی کردارەوە دەلکێن یان ناوەوە دەلکێن و ناوی دارێژراو دروست دەکەن:

| پێشگر | ڕەگی کار | ناوی دارێژراو |
|---|---|---|
| پێ | ویستن | پێویستن |
| پێ | خەف | پێخەف |
| بەر | کوت | بەرکوت |

| | | |
|---|---|---|
| هاو | دەرد | هاودەرد |
| هاو | ڕێ | هاوڕێ |
| هاو | وڵات | هاووڵات |

بەڵام گیرەکە گەردانییەکان، پۆلە وشەکان ناگۆڕن بەڵکو دەبنە هۆی دروستبوونی دۆخی ڕێزمانیی هەمان پۆلە فۆرم. واتە؛ واتای ڕێزمانیی جیاواز بە پۆلە – فۆرمەکان دەبەخشن، کەواتە ئەمانە هەروەک ئاماژەم پێکرد، لە چوارچێوەی سینتاکسدا کاردەکەن و پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکان دەردەبڕن. وەک:

کوڕ (ناوێکی گشتی ڕەگ)

کوڕ + ەکە ------> کوڕەکە (ناوێکی گشتی ناسراو)

کوڕ + ێک ------> کوڕێک (ناوێکی گشتی نەناسراو)

کوڕ + ان ------> کوڕان ( ناوێکی گشتی کۆ)

کوڕ + ەکان ------> کوڕەکان (ناوێکی کۆی ناسراو)

| |
|---|
| هات ( کارێکی ڕابردووی تێنەپەڕ) |
| دێم ( ڕانەبردووی تێنەپەڕ) |
| هاتبوو ( ڕابردووی دوور) |
| دەهات (ڕابردووی بەردەوام) |
| هاتووە ( ڕابردووی نزیک) |

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەوانەیە نمونەی دژ بەو بۆچوونە لە زمانی کوردیی یان زمانەکانی تردا لەئارادابێت، بە واتایەکی دیکە، هەندێ لە لاگرەکانی گەردانیی ببنە هۆی گۆڕینی پۆلە – فۆرمەکان. بۆ ئەم بابەتە ئێمە سود لەو سەرچاوانە وەگیراوە: ( کاتامبا، ١٩٩٣، ل. ٤٨ – ٥٢. هەروەها مارتن، ٢٠١٠، ل.٩٧ و ٢٥٧ – ٢٦٢).

**١٠ – دەربڕینە بەسەریەکداکەوتووەکان (کەڵەکەبووەکان – فرەئەرکیی)**

بەها مۆرفۆلۆجییەکان لەوانەیە بەشێوەیەکی کەڵەکەبوویی دەرببڕدرێن؛ واتا داڕێژراوەییەکان بەشێوەیەکی کەڵەکەبوویی دەرنابڕدرێن.

ئەم پێوەرە تەنها بەسەر چەند وەچەسێتێکی بچووکی دۆخەکەدا پیادە دەکرێت، بەڵام هەرگیز سەرنجڕاکێش نییە. لەکوردییدا دەتوانرێت مۆرفی فرە ئەرکیشی پێبگوترێت. واتە یەک گیرەک (لێرەدا مۆرف) دەتوانێت چەند ئەرکێک ببینێت، یان یەک مۆرف نوێنەرایەتی چەند مۆرفیمێک بکات. ئێمە لەسەرەوەدا بینیمان کە بەها گەردانییە جۆراوجۆرەکان لەوانەیە بەهۆی تاکە لاگرێکەوە دەرببڕدرێن، ئەمەش زیاتر لە زمانە جیاوازەکان، یان باشتر لە شێوەزارەکانەوە بەدەردەکەوێت. بۆ نمونە، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا مۆرفیمی خستنەسەر کۆمەڵێک ئەرک دەبینێت. وەک بە نمونەوە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١ – ئەرکی خستنەسەر:

- شارێ هەولێرێ شارەکا دیرۆکییە.
- شۆڕەشا کوردی شۆڕەشەکا سەرانسەرییە.

٢ – دیارکردنی ڕەگەز (نێر و مێ):

- خویشکا مەزن،
- برایێ مەزن

٣ – ئەرکی خۆیەتی:

٤ هەسپێ من،

٥ مەهینا تە

٤ – ئەرکی ناسیاری:

- من گایێ ڕەش کڕی.

- تە چێلا قەلەو کڕی.

٥ – لە ڕستەی ئاڵۆزدا، هەندێ جار لە شوێنی جێناوە جوداکانی کۆمەڵەی دووەمیش بەکاردێن.

ئەو بوو، یێ شیر کڕی.

ئەو بوو یا شیر کڕی.

٦ – لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانن شوێنی ناوی ئاماژەکراویش بگرنەوە.

- ئەو کوڕێ هە ← ئەوێ هە

- ئەو کچا هە ← ئەوا هە

-

## ١١ – دووبارەبوونەوە

بەها گەرانییەکان ناتوانن دووبارە ببنەوە، واتا داڕێژراوەییەکان هەندێ جار دەتوانن دووبارە ببنەوە. گەردانکردن زۆر سنووردارە بەوەی کە گیرەکە گەردانییەکان ناتوانن دووبارە ببنەوە، کەواتە، هەرچەندە کە شتێکی لۆجیکییە کە کۆ دووبارەی هەبێت یان دووبارە بکرێتەوە ( بۆ نموونە، *کوڕ – ان – ان، چەند کۆمەڵە کوڕێک) لە ڕاستییدا، ناتوانرێت بە شێوەیەکی واقیعیی پشت بەو جۆرە دووبارە بوونەوەی ئامرازی کۆ ببەسترێت یان یەکێک وا بیربکاتەوە کە مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو دووبارە بکاتەوە بۆ ئەوەی کە واتای ڕانەبردوویەکی دوورتر بدات. (*دەدەخۆم). لە فۆرمسازدانە داڕێژراوەییەکاندا، دووبارەبوونەوە گشتیی و بەربڵاو نییە بەڵام ئەگەرێکە. بۆ نموونە، گیرەکی بچووککردنەوە لە ئەفریقیا بە دووبارەکرنەوەی ( jie- tjie، منداڵێکی زۆر زۆر

بچووک) هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا، بە دووبارەبوونەوەی پێشگر، وەک: پۆست – پۆست – مۆدێرن، هەروەها لە ئەڵمانیشدا ( Ur-Ur-Ur grobvater باپیرەی زۆر زۆر زۆر گەورە. ئەم دیاردەیە، لە کوردییدا، من وای بۆ دەچم کە بە پێچەوانەوە بێت، واتە لاگرە گەردانییەکان بتوانن دووبارە ببنەوە. بۆ نموونە، لاگری (د) لە (خوارد)دا، مۆرفیمی کاتی ڕابردووە و بە زیادکردنی مۆرفیمێکی تری کاتی ڕابردووی وەک (بوو)، دەبێتە (خواردبوو) ڕابردووی دوور، تەنانەت هەندێ جار (بوو) ەش دەتوانێت جارێکی تریش دووبارە بێتەوە بۆ ئەوەی ڕابردوویەکی زۆر دوور بگەیەنێت ( خواردبوو بوو). ئەم تایبەتییە تەنها بەسەر هەندی شێوەی مۆرفۆلۆجیی بچووکدا جێبەجێ دەکرێت. بۆ ئەوانەی کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە ماقوڵن. بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەم بابەتە زۆر سود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:

( کاتامبا، ١٩٩٣، ل. ٤٨ – ٥٢. هەروەها مارتن، ٢٠١٠، ل.٩٧ و ٢٥٧ – ٢٦٢).

# بەشی سێیەم
# وشەی لێکدراو

## پێناسەی وشەی لێکدراو:

دارشتن تاکە ڕێگا نییە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، زۆربەی زمانەکان وشە بە هۆی پرۆسەیەکەوە دروستدەکەن کە پێی دەوترێت لەیەکدان (لێکدان)، زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە لەڕووی لەیەکدانەوە دەوڵەمەندە و لەهەموو پۆلە ڕەگەزەکانی ناو و ئاوەڵناو و کردار و ئاوەڵکرداردا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەکات.

وشەی لێکدراو بەلایەنی کەم دوو بنجی تێدایە کە هەردووکیان وشەن یان هەرچۆنێک بێت مۆرفیمی ڕووتن.(katamba, F, p.٥٤ ,١٩٩٣) بەواتایەکی تر؛ وشەلێکدراوەکان کاتێک دروست دەبن کە دوو وشە یان زیاتر پێکەوە دادەنرێن بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێوە و دەتوانن ئەرکی بەشە ئاخاوتنە جیاوازەکان ببینن. جێی سەرنجە کە مۆرفیمە ڕووتەکان لە زمانەکانی تری غەیری کوردیدا وشەی سەربەخۆن و وەکو لێکسیمێک لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، بەواتایەکی دیکە؛ ناوەڕۆکێکی واتایی دیاریکراویان هەیە و لەڕووی بەکارهێنانەوەش

دەتوانن بەسەربەخۆ بوەستن، بەڵام ئێمە لەکوردیدا ڕووتی سەربەخۆ و بەند نەک تەنها بە دروستکردنی وشەی لێکدراو، تەنانەت بۆ داڕشتنی وشەی داڕێژراویش، بەکاردەهێنین، مەبەستیشمان لە ڕووتە بەندەکان ئەو مۆرفیمانەن کە نە گیرەکن، کە بە وشەی ترەوە بلکێن و حیسابی پاشگر و پێشگریان بۆ بکرێت و نە وشەی سەربەخۆشن کە لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن و لەڕووی واتا و بەکارهێنانەوە بوونێکی سەربەخۆیان هەبێت. بۆنمونە: (پیاوکوژ، کەرپیاو، گابەرد، تەڕەپیاز، ڕەشبەڵەک، مارماسی، سەرتاشین، خۆخوراندن، پاشەکەوت، چاوشین، دەستبڕ، پێپان، سەرگەورە، کەللەسەر، کوڕەپاشا، سوورەچنار، قەڵەڕەش) بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکەی ئێمە وشەی لێکدراوە، بۆیە لە ئێستادا ئەو بابەتە پەراوێز دەخەین و ئەگەر پێویستی کرد لە شوێنی خۆیدا دێینەوە سەری، چونکە نامانەوێ بچینە ناو گێژاوی گفتگۆیەکی ئەوهاوە کە لە مەبەستی بابەتە سەرەکییەکە دوورمان بخاتەوە ، تەنها ئەوە نەبێت کە ئێمە لێرەدا حیسابی وشەی تەواو بۆ ئەو ڕووتانە دەکەین لە داڕشتن و دروستکردنی لێکدراوەکانی کوردییدا.

## ناسینەوەی وشەی لێکدراو

ئێمە چۆن بزانین کە زنجیرە وشەیەک لێکدراوێکە؟ چونکە هەموو کاتێک ڕوون نییە کە چ کاتێک لێکدراوێکمان هەیە. جێی سەرنجە، لەوانەیە نەتوانین بەئاسانی بگەین بەتاکە پێوەرێک کە بۆ هەموو دۆخەکان لەباربێت. بۆ نمونە لەوانەیە ڕێنووس لە کوردییدا بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ببێتە پێوەر لە ناسینەوەی وشەی لێکدراودا، چونکە زمانی کوردی ڕێنوسێکی چەسپاو و یەکگرتووی نییە بۆ چۆنیەتی نووسینی

وشەی لێکدراو. بۆ نموونە، هەندێ وشەی لێکدراو بەسەر یەکەوە دەنوسرێن، واتە؛ پێکەوە و بێ ئەوەی کە بۆشاییەک لە نێوان هەردوو کەرتەکەدا هەبێت. وەک (دەستگرتن، هەڵسوکەوت، خۆشنووس، گۆشتخۆر، ..هتد) هەندێکی تر بە جیا دەنوسرێن، واتە وەک دوو وشەی جیا دەنوسرێن، نموونە: یاری کردن، ڕەش بەڵەک، ماسی گرە، کەچی هێشتا هەندێ وشەی لێکدراوی ترمان هەیە کە تەقەڵێک دەکەوێتە نێوان هەر دوو بنجەکەوە، وەک: فۆرمە — وشە، پۆلە — ڕەگەز، ئاوەڵناو — ئاسا، ..هتد. واتە بە هۆی تەقەڵێکەوە لە یەکتر جیادەکرێنەوە. کەواتە؛ ڕێنووس ناتوانێت یارمەتیمان بدات لە ناسینەوەی وشەی لێکدراودا.

پێوەرێکی باشتر، هێزە؛ هێز لە وشە لێکدراوەکانی کوردییدا هەمیشە دەکەوێتە سەر کەرتی دووەم یان کەرتی دەستە چەپ، کەچی لە فرێزەکاندا هێز هەمیشە لەلای دەستە ڕاستە. ئەم نمونانە بەراورد بکە، (دووزمان) (کەسێکە کە قسە دەهێنێت و دەبات، ناپاکە، لەبەر دەمتدا قسەیەک دەکات و هەڵت دەنێت و لە پاشەملەش قسەیەکی تر دەکات، بە کورتی واتە؛ فیتنەبازە) کەچی (دوو زمان) کەسێکە کە بە دوو زمانی جیاواز قسەدەکات. واتە؛ دوو زمانی جیاواز دەزانێت. بەڵام هەموو کاتێک دۆخەکە بەم شێوەیە نییە، بەوەی کە لە لێکدراوەکاندا هێز هەمیشە بکەوێتە سەر کەرتی دووەمەوە، واتە دەستە چەپەوە. بۆ نموونە، زۆربەی خەڵک کاتێک کە لێکدراوێکی وەک (دەست کرد) گۆدەکەن هێز دەخەنە سەر کەرتی یەکەم، کەچی لە (تەختەڕەش) دا هێزە سەرەکییەکە دەکەوێتە سەر کەرتی دووەم، یان لەوانەیە هەندێ جار هێزەکە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەر دوو کەرتەکەدا دابەش ببێت.

پێوەرێکی تر کە دەتوانرێت تا ڕاددەیەک پشتی پێببەستین و زنجیرەیەک بنجی پێ تاقیبکەینەوە و بزانین وشەیەکی لێکدراوە یان نا؟ ئەوەیە، کە ئایا دەتوانین وشەیەکی دیارخەر بخەینە نێوان هەر دوو کەرتەکەوە و بزانین هێشتا ئەو زنجیرەیە واتادارە، ئەگەر نەتوانرا وشە دیارخەرەکە بخرێتە نێوانیان ئەوا هەر دوو وشە بەدوایەکداهاتووەکە لێکدراوێکە. ئەم تاقیکردنەوەیە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە (مارەکردن) و(بەرەڵاکردن) و (دلخۆش) و (دەستکرد) وشەی لێکدراون، سەرەڕای ئەوەی کە هەر جومگەیەک هێزێکی جیاوازی تایبەت بەخۆی هەیە. بەڵام ئێمە پێمانوایە کە ئەمەش نابێتە پێوەرێکی یەکلاکەرەوە لەکوردییدا، چونکە بەشێکی زۆری وشەی لێکدراو، بەتایبەتیش کردارە لێکدراوەکان کەرتەکانیان لێکدەترازێن و دەتوانرێت کەرەسەی تر بخرێتە نێوانیانەوە، بۆ نمونە کردارێکی لێکدراوی وەک (بەڵێندان) کە لە دوو کەرت پێکهاتووە (بەڵێن) و (دان) دەتوانرێت دیارخەرێکی وەک (بە تۆ) بخرێتە نێوانیانەوە. وەک:

١- من بەڵێنت پێدەدەم کە هەرگیز کاری وا نەکەم.

نەک هەر ئەو کارە بەڵکو ژمارەیەکی زۆری کارە لێکدراوەکانی تریش هەمان هەڵس و کەوتیان هەیە. بۆ نمونە (سوێندخواردن، بۆنکردن، بڕیاردان، ....هتد). شایانی باسە؛ محمد عومەر عەول لە نامەی ماستەرەکەیدا چەند خاڵێکی گرنگی خستۆتەڕوو بۆ جیاکردنەوەی کرداری لێکدراو لە فرێزی کرداری ئاساییدا. بگەڕێوە بۆ (محمد عومەر عەول، ٢٠٠١، ٤٤ – ٤٨). بەڵام جیاکردنەوەکەی ئەو، هەر هەموو وشە لێکدراوەکان ناگرێتەوە و تەنها پەیوەستە بە کرداری لێکدراوەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر، بەراوردکرنەکە لە هەموو ئاستەکانی زماندا نەکراوە. بە واتایەکی تر؛ ئەو پێوەرانەی کە ئەو بۆ جیاکردنەوەی کرداری

لێکدراو لە فرێزی کرداری ئاساییدا خستوونیەتییەڕوو، زیاتر ڕێزمانین. لەکۆتاییدا سەبارەت بە فۆرم و چۆنیەتی نووسینی وشەی لێکدراو من پێشنیاردەکەم کە چوار جۆر وشەی لێکدراو لەیەکترجیابکرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### لێکدراوی داخراو:

ئەو لێکدراوانەی کە وا هەر دوو جومگەکە بەسەر یەکەوە دەنووسرێن و هیچ بۆشاییەک لەنێوانیاندا بەدیناکرێت وەک: دڵخۆش، دڵشاد، خۆشنووس، گۆشتخۆر، ..... هتد

### لێکدراوی تەقەڵدار:

ئەو لێکدراوانەی کە کەرتەکانیان بەهۆی تەقەڵێکەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە. وەک: نوسەر- شاعیر، ئەکتەر- نوسەر، نەخۆش- دکتۆر، تەمن – شەش- ساڵ، ....هتد

### لێکدراوە کراوەکان:

ئەو لێکدراوانەی کە بنجەکانیان بەجیا دەنووسرێن و بۆشاییەک دەکەوێتە نێوان بنجەکانیان، وەک: ***سوێند خواردن، مەلە کردن، شەڕ فرۆشتن، دەست گرتن،.....هتد***

### لێکدراوی بەستراو:

ئەو لێکدراوانەی کە بەهۆی ئامرازی بەستنی (و)ەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. وەک: ڕێک و پێک، توندوتۆڵ، حازروبزر، دایکوباوک، سووروسپی......هتد

سەبارەت بەو وشە لێکدراوانەی کە لە دوو بنج زیاتر پێکدێن و بنجەکانیان بەهۆی ئامرازی تری جگە لە (و) لێکدەدرێن ، دەچێنە جۆری لێکدراوە کراوەکانەوە، وەک: کڵاو بەسەر، گوڵەبەڕۆژە، کوڵێرە بەڕۆن، ..هتد.

## جۆرەکانی وشەی لێکدراو: بەپێی پۆلینەکانی پێشووتر:

بەر لەوەی پۆلێنێکی ورد و زانستی بەپێی پەیوەندییە ڕێزمانیی و واتاییەکانی نێوان کەرتەکانی وشەی لێکدراو لە زمانەکەماندا بکەین، پێویستی بابەتەکە وا خۆی دەسەپێنێ کە هەندێ لەو پۆلینانەی پێش خۆمان بخەینە ڕوو. شایانی باسە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیی و زمانەکانی دیکەشدا لەوانەیە ژمارەیەک ڕێگەی جیاواز هەبێت بۆ دابەشکردن و پۆلینکردنی ، بۆ هەر پۆلینێکیش شتێک کراوەتە بنەمای پۆلینکردنەکە. بۆ نمونە ئێستا با هەندێ لەو دابەشکردنانە لە خوارەوەدا بخەینەڕوو.

• د. ئەورەحمانی حاجی مارف تەنها بەگوێرەی بەشەکانی ئاخاوتن باسی وشەی لێکدراوی کردووە و وشەی لێکدراویشی بۆ چوار بەشی سەرەکی دابەشکردووە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ناوی لێکدراو

٢- ئاوەڵناوی لێکدراو

٣- کرداری لێکدراو

٤- ئاوەڵکاری لێکدراو

• د. محمد معروف فتاح بە پێی ڕیزبوونی دەرخەرودەرخراو ، دووجۆر وشەی لێکدراو جیادەکاتەوە:

**وشەی لێکدراوی سینتاکسی:**

بە پێی دەستووری (سینتاکسی) ی زمانەکە کەرتەکانی ڕیزدەبن وەک:

دڵتەنگ (دڵی تەنگە)، سەرسپی (سەری سپییە)

٢- **وشەی لێکدراوی ناسینتاکسی:**

بە پێچەوانەی دەستووری ڕێزمانەکەوە کەرتەکانی دەدرێنە پاڵ یەک، بەزۆری ئەم جۆرە لەکوردیدا لەناوەڵناوێک وناوێک پێکدێت و بزوێنی /ە/ یەکیانەوە دەبەستێتەوە: تەڕەپیاز ، بۆرەزەلام ، ڕەشەبا، کەڵەشێر ...

" هەروەها لەم جۆرەدا دوو بەشی سەرەکی بەیەک بەشە ئاخاوتن دەدرێنە پاڵ یەکتر و بەهۆی ئامرازێکی پەیوەستەوە گرێدەدرێن، لێکدراوەکە شێوەیەکی وا وەردەگرێ (و+ئامراز+ و) وەک:/ حازر و بزر ،ڕێک و پێک، بەژنوباڵا، شیروتیر، چەپوڕاست ........./. زۆرکات بەشی دووەمی لێکدراوەکە واتای یەکەم خەستدەکاتەوە. (محمد معروف فتاح، ١٩٩٠، ل. ٥؟)

• د. محەمەدی مەحوی: لە گۆشەنیگا و تێڕوانینی هەمانکاتیی/ سینکرۆنیی و دیرۆکییەوە/ دیاکرۆنییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە وشەی لێکدراو لەیەک جیادەکاتەوە وپۆلینیان دەکات:

**یەکەم: تێڕوانینیی هەمانکاتیی**

بەگوێرەی چەشنی لێکدانەوەی سیمانتیکیان، لە گۆشە نیگای هەمانکاتییەوە/ سینکرۆنییەوە .(٣) سێ جۆر وشەی لێکدراو لەیەکتر جیادەکاتەوە:

(١) **لێکدراوی جڵەوگیرانە:** ناتوانرێت جێگۆڕکێ بە جومگەکانی ئەو لێکدراوە بکرێت و لە جێگەی یەکتریدا دابنرێن، بەواتا؛ کە

جومگەیەک بە سینتاکسیی وابەستەیە و بەستراوەیە: بۆ نمونە لە زمانی ئەڵمانیدا ( دۆڵابی دیوار، مێزی کۆنفراس) واتە دەبێت جومگەی یەکەم لەرووی سیمانتیکییەوە لەلایەن جومگەی دووەمەوە دیارییبکرێت. بۆنمونە (چاپاڵێو) بەواتای ئامێرێک بۆ پاڵاوتنی چا نەک پاڵاوتنی چا. ئامـاژەی بەوەش داوە کە داتاکـان ئەوە ئاشکرا دەکەن ئەم چەشنە لێکدراوانە لە زمانی کوردییدا بە گشتی بە فرێز دەردەبڕدرێن. (بڕوانە >مێزی تەختە، گوارەی ئاڵتوون و ...هتد< !) هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم جڵەوگرتن و دیارییکردنە سیمانتیکییە هەمیشە پەیوەندی بە سەری ڕێزمانیی یان جێکەوتەی دەرخەر و دەرخراوەوە نییە. بۆ نمونە لێکدراوێکی وەک ( کوڕەپاشا، سووره چنار، قەڵەڕەش، کەللە سەر) جومگەی دووەم کە ئاوەڵناویکیش نییە، بە سیمانتیکی جومگەی یەکەمی دیاریکردووە. کەواتە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە وشەی لێکدراوی تەواو لێڵ و نادیار پەیوەست بە جڵەوگرتنی سیمانتیکییەوە هەبن. بە واتایەکی تر، لە ئەنجامی یەکگرتنی هەر دوو جومگەکە لێکدراوەکە واتایەکی دەرەکیی وەربگرێت و هێمایەکی نوێ دروستبکات. وەک (سەرچنار، چواردە) پەیوەندی ڕێزمانیی لە ناو ئەم وشە لێکدراوەدا نەماوە و سەرە و ڕیزبوونی توخمەکانی یان کەرەستە بەراییەکانی یان جومگەکانی جڵەوی لێکدانەوەکەی ناگرێت. لە لێکدانەوەی پەیوەندییە واتایەکەیدا — لە نێوان جومگەی یەکەم و جومگەی دووەمیدا کاتیگۆریی پەیپێبراو و بینراوی وەک: ڕوو یان ڕواڵەت (دەرکەوتنی سیما)، قەوارە، گۆکردن، چۆنیەتی پێکهاتە و ڕۆنان: سەر ئاسن، کەللە ڕەق، چرپایەی ئاسنین، گوارەی ئاڵتوون و ...هتد) هەن .

## (٢) لێکدراوی خاوەندارێتیی

لێکدراوی خاوەندارێتیی وەچەگرووپێکی (١) ە، کە تێیدا جومگەی دواوە لەرووی سیماتیکییەوە و بەسێماتیکیی جومگەی پێشەوە دیاریدەکات بەڵام لێکدراوەکە بەگشتی ناگەڕێتەوە بۆ بەشێکیی و پەیوەست نییە بە بەشێکییەوە.

(سەرخڕ) واتە؛ کەسێکی سەرخڕ نەوەک خڕیی سەرێک

(چاوشین) واتە؛ کەسی چاوشین نەوەک شینیی چاو یان چاوی شین

(سەرکردە) واتە؛ کەسی سەرکردە~ سەرۆک و رابەر، نەوەک گەورەیی سەر، یان سەری گەورە.

(قەلەڕەش) کەسانێک کە پێستیان ڕەشە

(نانخۆر) واتە؛ کەسانێک، کە بەنانی کەسانێکی دیکەوە دەژیین~ دەست و پێوەند.

(تەختەڕەش) بەواتای تەختە، ئاسن یان پلاستیکی سپیی یان ڕەشکراو بۆ نووسیین لەسەری...... هتد. هەرچەندە هەندێ وشەی لێکدراوی وا هەن کە خاوەندارێتین و لێکدراوەکە بەگشتی بۆ بەشێکی لێکدراوەکە بگەڕێتەوە. وەک: (شارەزوور، قەڵاچواڵان، شاربازێڕ) بەڵام ئەمانە بوون بە ناوی تایبەتیی شوێن و ئەو تایبەتییەیان وەرگرتووە.

## (٣) لێکدراوی گونجێندراو

بە پێچەوانەی لێکدراوی جڵەوگیرانەوە، جومگەکانی لێکدراوی گونجێندراو لەڕووی سینتاکسیی و بە سینتاکسیی لە پەیوەندییەکی ڕێکخستن و گونجاندن لەگەڵ یەکتریدان و لەڕووی سیمانتیکییەوە هاونرخن و پێکەوە

چشتێکی نوێ دروستدەکەن. کەواتە جومگەگانی ئەم جۆرە لێکدراوە لەڕووی سیماتیکییەوە هاونرخ و هاوتشان و وەک ((وشەیەکی لێکدراو ((هێمایەکی نوێ)) یان ((ناوێو دانراوێک))ی نوێیە. وەک:

کەڕولاڵ

دەموچاو

خاکوخۆڵ

ترشوشیرین

دایکوباوک

ڕەشوسپیی

## دووەم: گۆشەنیگای دیاکرۆنیی:

لەڕووی دیاکرۆنییەوە جیاکردنەوەکان بەپێی فۆرم کراون ودوو جۆرن:

(ا) لێکدراوی تەکیەکخراو: وەک فۆرمە کۆنەکانی لێکدراون بە لێکدراوی ڕاستەقینە دەناسرێن، نەپێشناوێکیان تێدایە و نەکەرەستەیەکی شکاندنەوە. واتە بەپێچەوانەوەی ئەم نموونانەوەن: / پیرەمێرد، ڕەشەبا، گەردەلوول، سەرەڕۆ/ کە پێشناوی / ە / یان تێدا هەیە. یان لێکدراوی وەک / شاژنێ / ، /گەورەپیاوان / کەتوخمێکی شکاندنەوەیان تێدایە، لە داڕشتن و نواندنە مێژووییەکەیاندا بە لێکدراوی ناڕاستەقینە ناسراون.

### (ب) لێکدراوە بە بەردبووەکان:

بۆیە ئەم جۆرە وشە لێکدراوە بە لێکدراوی پەردە بەسەردادراوە یان لێلبووەکان ناسراوە، چونکە بەهەمانکاتیی ناتوانرێن جیدیی پێکبهێنرێنەوە. واتە شەفافیەتە ئیتمۆلۆجییەکەی لەدەستداوە. وەک

(دەزگیران) لە دەستگرتن ەوە و (دەزگا) لە دەستگا وە و لێکدراو لە لەیەکدراو ەوە. بڕوانە: (د. محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠، ل. ٩٩_ ١٠٨) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

**• د. ڕەفیق شوانی یش بەم شێوەیەی خوارەوە وشەی لێکدراوی لە کوردییدا پۆلینکردووە:**

١. وشەی لێکدراوی ئاسایی: وەک ( ئێسکسوک، ناودەشت، سەرتاپا، سەران سەر، کەین وبەین ...هتد)

٢. وشەی لێکدراوی دەرخەری: وەک: (باڵابەرز ، تەڕەپیاز، گەلامێو، سەرەڕۆ، دڵەکوتێ ، سەرکارێز ...هتد)

٣. وشەی لێکدراوی ڕەگی (ڕیشەیی) وەک: (خۆکوژ، کاسەلێس، سەریەست، خۆکرد، جوانرۆ، گورگان خوارد.هتد)

٤. وشەی لێکدراوی داڕێژراو: وەک : ( ڕەنجەڕۆ، بارگرانی ، یەکتاپەرستی، سەرکەوتوو، بناوەسوتە، سواڵکەر،سەرپەرشتیاری، بابردەلە)

٥. وشەی لێکدراوی هاووتایی: وەک: (بەژنوباڵا، پارەوپول، دەردویەڵا، دۆست و برادەر، سوک و ڕیسوا..هتد)

٦. وشەی لێکدراوی دژ واتا: وەک : (چاک و خراپ، دۆست ودوژمن، سەروخوار، بەرزونزم، گەرماوسەرما، بگرە وبەردە...هتد)

٧. وشەی لێکدراوی ئاڵۆز: وەک : (لاتولوت، نازونوز، مرچومۆن، کەشوفش، جرۆجانەوەر،شێت وێت، توندوتۆڵ)

٨. وشەی لێکدراوی پایەیی _ قەدی: وەک : ( مانگەشەو، تاریکەشەو، شاربازێر، بان نەرمە،سەپان... هتد)

٩. وشەی لێکدراو بە دووبارەکردنەوەی گۆڕینی دەنگێک: وەک : (چیت ومیت، گوڵ ومولّ،شەرومەڕ،پارەوماره ...هتد)

١٠. وشەی لێکدراوی چاوگی: وەک (چاولێکردن، کۆتاپهێنان، شاگریەردان، خۆگێلکردن، ڕێگەگرتن، خۆهەڵکێشان، لەدەست چوون)

١١. وشەی لێکدراوی دووبارە (وشەی لێکدراو بە دووبارەکردنەوە): وەک : (دەمدەم، چاو چاو ، چوارچوار، سێ بەسێ، دوو بەدوو)

١٢. وشەی لێکدراوی دەرخەری پێش ناوی (لێکدراوی وابەستەیی): وەک : (هەرکام، هەرچەند، هەرهەموو، چ ڕادە، چۆن دارێک ، چەندلا، چەندجار، هەرکەس،ئەملا،ئەولا، هەمووخەڵک )

١٣. وشەی لێکدراوی ڕێژە ئاوازگۆڕانی چینی دەنگ : وەک : (ئای ئای ، دەی دەی، وەی وەی، دەلالۆ، دەلێ لێ ، وای وای ).

١٤. وشەی لێکدراوی بەندی (ئیزافەکردن) : وەک : لەئێمە باشتر ، لەخۆڕازی ، لەخوا بێ ئاگا، بەبێ ڕێ و شوێن، بەبێ جێگا).

١٥. وشەی لێکدراو بەهۆی لادانی فرمانەوە: وەک : ( خوا ئاگادار، خواقوەت ، خوا حافیز)

١٦. وشەی لێکدراوی بەستراو: وەک : ( گورگان خواردوو، بنچک بابردوو، سەرتاشراو، نانبڕاو، کەللەتەزێن) (ڕەفیق شوانی ، ٢٠١١ ، ١٠٨ – ١١١)

● د. عبد الوحد مشير دزەیی لە لایەنی (مۆرفۆلۆژی) یەوە سێ جۆرە وشەی لێکدراوی جیاکردۆتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

لێکدراوی کراوە کە پارچەکانی بەبزوێنی / ە/ پێک بەستراوەتەوە وەک :

(کورەمەلا ، تەرە پیاز ، جوونە سوار ، بێچووە پشیلە ، بوومە لەرزە )

_ئەو وشە لێکدراوانەی بە (و) پێک بەستراون وەک :

( دەنگ و باس ، کار و بار ، بەژن و بالا ، تەنگ و چەمەڵە )

-ئەو وشە لێکدراوانەی هیچ بزوێنێکیان نییە بۆ بەستانەوە و لەتەک یەک دانراون وەک :

( سەر ئێشە ، سەرباز ، دار فرۆش ، پیاو کوژ ، بەرگ دروو ، رۆژ نامە ) ( دزەیی ، ٢٠١٤ ، ١٢٩)

• د. یوسف شەریف: لە بارەی وشەی لێکدراو تەنیا تیشکی خستۆتە سەر وشەی لێکدراوی بەستراو بەم شێوەیەی خوارەوە: ئەو کۆمەڵە وشانەیە ، کە لە جۆری ( ترس و لەرز ، هات و چۆ) دان، کە لە ئەنجامی بە یەکەوە هاتنی دوو ڕەگی جیاواز دووکاری سەربەخۆی جیاواز پێکهاتوون بە یارمەتی مۆرفیمی بەندی (و) بە یەکەوە گرێ درابن بە وشەی لێکدراوی گرێ دراوی بەستراو ناودەبرێن. ( یوسف شەریف سعید، ٢٠١٣: ١١)

•ئەرمین عومەر: لەنامەی ماستەرەکەیدا، بە پێی بوون و نەبوونی سەری واتایی لێکدراوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە وشە لێکدراوەکان لەیەک جیادەکاتەوە:

-ئەو لێکدراوانەی سەریان هەیە:Endocentric compound

سەر لەناو لێکدراوەکەدایە، سەرلەم جۆرەدا وەکو سەرەی پێنانی فرێزە، ئەم جۆرەی وشەی لێکدراو لەهەمووجۆرەکانی ناوی لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو، ئاوەڵکرداروکرداری لێکدراودا، دەبینرێت: گوڵەباخ، بەردەنوێژ، بەردەپێ، سوورەچنار، گوڵەگەنم، نیوەشەو، نیوەڕۆ، گەورەکچ، شێخەژن، سەرەژن، شۆڕەبی، شنەبا، گوڵەبەڕۆژە، دارەتوو ،داربەڕوو، تەپەپیان، بۆرەزەلام، ڕەشەبا، شاژن، شارێ، دارەبەن ، کێوەڕەش ، گوڵێرەبەێن، ....

**ئەو لێکدراوانەی کە لەناو پێکهاتەکەدا سەریان نییە: Exocentric Compound**

سەر لە دەرەوەی لێکدراوەکەیە ، واتە هەردوو جومگەی وشە لێکدراوەکە ئاماژەن بۆ شتێک لە دەرەوەی وشەکە، بۆ نمونە: چاوشین، مەبەست لە کەسێکە ، کە چاوی شینە . ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا زۆرە ، بە تایبەتی لە ئاوەڵناوی لێکدراو و ئیدیەمدا.

**ئاوەڵناوی لێکدراو:**

سەرزل، ملخوار، چاوشین، پۆپنەلار، گوڵبەدەم، دارتاش، سەرشکاو ، جەرگسووتاو، کورتەبالا...../

**وشەی لێکدراوی ئیدیەمیی:**

دەستکورت، دەستبڵاو،دەسترەش،دەستسپی، سەربەگۆبەند، سەرشۆڕ، دەستبڕ، دەممردوو، دووزمان ، چوارچاو، قوڵبڕ،ڕەشبین، خۆشباوەڕ......./

جیاوازی نێوان جۆری یەکەم ودووهەمی لێکدراو هەندێک کات لەڕێگەی شیکردنەوەوە روونەدەبێتەوە ، زۆرکاتیش لە ڕێگەی هەبوونی

سەر لەناو لێکدراوەکەدایە، سەرلەم جۆرەدا وەکو سەرەی پێلانی فرێلە، ئەم جۆرەی وشەی لێکدراو لەهەمووجۆرەکانی ناوی لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو، ئاوەڵکرداروکرداری لێکدراودا، دەبینرێت: گوڵەباخ، بەرەڵمالێ، بەردەپێ، سوورەچنار، گوڵەگەنم، نیوەشەو، نیوەڕێ، گەورەکچ، شێخەڵێ، سەرەژن، شۆڕەبی، شنەبا، گوڵەبەڕۆژە، دارەتوو ،داربەڕوو، تەپەپیان بۆرەزەلام، ڕەشەبا، شاژن، شاڕێ، دارەبەن ، گێوەڕەش ، گوڵێرەبەڕێ، ....

## ئەو لێکدراوانەی کە لەناو پێکهاتەکەدا سەریان نییە: Exocentric Compound

سەر لە دەرەوەی لێکدراوەکەیە ، واتە هەردوو جومگەی وشە لێکدراوەکە ئاماژەن بۆ شتێک لە دەرەوەی وشەکە، بۆ نمونە: چاوشین، مەبەست لە کەسێکە ، کە چاوی شینە. ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا زۆرە ، بە تایبەتی لە ئاوەڵناوی لێکدراو و ئیدیەمدا.

## ئاوەڵناوی لێکدراو:

سەرزل، ملخوار، چاوشین، پۆپنەلار، گوڵبەدەم، دارتاش، سەرشکاو ، جەرگسووتاو، کورتەبالا...../

## وشەی لێکدراوی ئیدیەمیی:

دەستکورت، دەستبڵاو،دەستڕەش،دەستسپی، سەربەگۆبەند، سەرشۆڕ، دەستبڕ، دەممردوو، دووزمان ، چوارچاو، قوڵبڕ،ڕەشبین، خۆشباوەڕ......./

جیاوازی نێوان جۆری یەکەم ودووەمی لێکدراو هەندێک کات لەڕێگەی شیکردنەوەوە ڕووندەبێتەوە ، زۆرکاتیش لە ڕێگەی هەبوونی

پەیوەندییەکی گشتییە، بۆ نموونە / Green house / دەڵێین، کە لە جۆری یەکەمە، چونکە جۆرێکە لە خانوو.

**ئەم لێکدراوانەی زیاتر لە یەک سەری واتاییان هەیە: -co coordinative**

ئەم جۆرە لێکدراوانەدا هەردوو جومگەکە وەک یەک یەکسانن و هەردووکیان بەسەر دادەنرێت، ئەم جۆرەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا بە مۆرفیمی /- و -/ بەستراون بە یەکەوە، بۆ نموونە /دەموچاو/ بەرامبەر بە /روو/، یەک وشەیان بە تەنها ناتوانێت ئەو واتایە بگەیەنێت، کە مەبەستە، هەندێک جاریش هاتنی ئەو دوو وشەیە پێکەوە بۆ مەبەستی پتەوکردنی واتاکەیە، بۆ نموونە : /شۆخوشەنگ/. (دەموچاو ، سەروپێ، دەستوپێ، دایکوباوک، شەووڕۆژ، تێروتەسەل، تێروپڕ، شۆخوشەنگ....../ لەزمانی کوردیدا کرداری لێکدراو لەڕووی هەبوونی سەری واتاییەوە دەکەوێتە ئەم جۆرەی لێکدراوەوە. کارکردن ، نانخواردن ، خۆشتن ، چاککردن ، ونبوون ......../

**ئەولێکدراوانەی هەردوو جومگەکە هاوتاماژەن / appositional**

بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ، لێکدراوی / Poeta pintor- شاعیر - وێنەکێش / واتە (ئەو شاعیرەی ، کەوێنەکێشیشە)

لە زمانی کوردیدا، ئەم جۆرە لە ئێستادا نییە، بەلام بە پێی پێویستی زمان دەکرێت لێکدراوی وەک / شاعیر – چیرۆکنووس/ ،/ئەکتەر – نووسەر/ .......هتد دابرژێرێت.

## پۆلینێكی نوێ بۆ وشەی لێكدراو لەكوردییدا:

### بەسەرەبوونی لێكدراو:

بۆ ڕوونكردنەوەی جۆرە جیاوازەكانی لێكدراو، زاراوەیەكی پێویست هەیە كە دەبێ پێشكەشبكرێت ، ئەویش سەری لێكدراوە . لە لێكدراوەكاندا سەر ئەو كەرەستەیە كە دەتوانێ هەر دوو بەشە ئاخاوتنەكە و جۆری واتاكەشی دیاریبكات كە لێكدراوەكە بە گشتی ئاماژەی بۆ دەكات. بۆ نمونە: لە كوردیدا ئەو بنجەی كە هەمیشە بەشە ئاخاوتنەكانی لێكدراوێك دیاریدەكات ئەوەی دووەمە، واتە كەرتی دووەمی لێكدراوەكەیە. بۆ نمونە، لێكدراوێكی وەك (دڵخۆش) ئاوەڵناوە، وەك چۆن كەرتی دووەم ( خۆش) ئاوەڵناوە. هەروەها لێكدراوێكی وەك (تەڕەپیان) ناوە، وەك چۆن ئەوەی دووەم ( پیاز) ناوە. بەهەمان شێوە، بنجی دووەم كاتیگۆرییە سیمانتیكییەكەیشی دیاریدەكات، لەوەی یەكەمدا بارێكی دەروونییە كە خۆشییە و لەوەی دووەمیشدا جۆرە سەوزەیەكە، بۆیە دەتوانرێت بە لێكدراوەكانی كوردی بوترێت سەر كۆتایی واتە لای دەستەچەپ. (ڕێساناسا، سەرە وریزبوونی جومگەكانی وشەی لێكدراو لەزمانی كوردییدا بەپێی >>ڕێسای سەركۆتایی<< ە . ). (د. محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠، ل. ٨٤) لە زمانی ئینگلیزییشدا سەرەی لێكدراو دەتوانێت ئەوەی دووەم بێت یان بنجی دەستە ڕاست بێت (lieber, ٢٠١٢, p.٤٦) بۆ ڕوونكردنەوەی ئەمەی سەرەوە با هەندێ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا وەربگرین. بۆ نمونە لە لێكدراوێكی وەك (green house) و (sky blue) دا، سەرە هەمیشە بنجی دووەمە و لە لای ڕاستدایە. لێكدراوی (green house) ناوە، وەك چۆن كەرتی دووەم (house) ناوە، هەروەها (sky blue) یش

ئاوەڵناوە، وەک چۆن (blue) ئاوەڵناوە. بە هەمان شێوە، بنجی دووەم جۆری کاتیگۆریی لێکدراوەکەش دیاریدەکات. لەوەی یەکەمدا جۆرەخانووێکە، ئەوخانووە پلاستیکییانەی کە بۆ چاندنی بەرووبوومی کشتوکالی بەتایبەتیش سەوزە وهەندێ جۆری مێوە بەکاردەهێنرێت، ئەوەی کۆتایش ڕەنگێکە. بۆیە بە لێکدراوەکانی ئینگلیزیی دەگوترێت (right_ headed) (ڕاست _ سەرەیی). بەهەرحال لە زمانەکانی دیکەدا، بۆنموونە، فەرەنسی و ڤیێتنامی سەرەی لێکدراو دەتوانێت ئەوەی یەکەم بێت یان بنجی لای چەپ بێت. کەواتە دەتوانرێت بوترێت لێکدراو لەو زمانانەدا چەپ _ سەرەییە. (هەمان سەرچاوە. ل. ٤٦).


هەروەهابیرۆکەی‌سەریانسەرەلەبەرهەمەکانی مۆرفۆلۆجیستە بەرهەمهێنەکانیشدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بۆنموونە وەک ویلیامس (١٩٨١ا، ١٩٨١ب)، دی سکیولیۆ و ولیامس (١٩٨٧)و سێلکیرک (١٩٨٢)دا، ئەوان لە بەکارهێنانی سینتاکسی ئێکس بار- X-bar syntax دا تیشکدەخەنە سەر ئەو ڕاستییەی کە وشە لێکدراوەکانیش بەهەمان شێوەی فرێزەکان سەریان هەیە. ( katabma ١٩٩٣, p. ٣٠٣)

لەم تیۆرەدا نواندنی کاتیگۆرییەکی سینتاکتیکی دوو پێکهێنی هەیە. یەکەمیان جۆری کاتیگۆرییەکەیە، بۆ نموونە: فرێزی ناوی، فرێزی کاری، ناو، هتد و دووهەمیان ئاستەکەیە، کە بەهۆی ژمارەیەک باڕ لەسەر کاتیگۆرییەکەوە دەنوێنرێن. لەبەر گرینگی و ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی کەسەرە لە ڕۆنانی لێکدراودا دەیبینێت، وا پێویستدەکات، کە ئاماژە بە هەندێ لە خاسیەتەکانی سەرە بکەین. بۆ نموونە سەرەیەک لەوانەیە ئەم تایبەتییانەی خوارەوەی هەبێت:

(ا) دیاریکردنی سەر، یان هەبوونی سەر لە لێکدراودا تەنها بە تایبەتمەندیی فۆرمەوە پەیوەست نییە، بەڵکوبەشیکردنەوەی سیمانتیکیشەوە پەیوەستە، واتە بۆ شیکردنەوەی ڕۆنانی لێکدراو هەردوو سەری ڕیزمانی و سەری واتایی گرنگن.

(ب) سەر سیما کاتیگۆرییەکانی خۆی بەو پێکهێنە دەبەخشێت کە تیایدا بۆتە سەر، بۆنمونە سەرەی فرێزێکی ناوی ناوێکە، و سەرەی فرێزێکی کاریش، کارێکە، ....هتد. کەواتە؛ لەبەر ئەوەی ئەو ناوەی کە بۆتە سەرەی فرێزێکی وەک (کوڕێکی زیرەک)، هەر هەموو فرێزەکە [کوڕ] ناو [ێک] دیاریکەر [ی] خستنەسەر [زیرەک]ئاوەڵناو، فرێزێکی ناوییە.

(پ) سەرە لە هەڕەمی ئێکس – باڕدا ئاستێکی نزمترە لەو پێکهێنەی کە تیایدا بۆتە سەر، هەروەک لە درەختی (١٢.١٧) دا بینیمان کە فریزە ناوییەکە بەبەکارهێنانی بیرۆکەی ئێکس –باڕ ەوە پێشکەشکراوە، ناوەکە ئاستێکی نزمترە لە فرێزە ناوییەکە و ..... هتد. کاتیگۆرینکی فەرهەنگیی وەک ناوەکە (کوڕ) ئاستێکی سفر باڕی هەیە. (واتە بێباڕ یان باڕی نییە).



مەرجی فۆرم دروستی کە بە (پاڵاوتن/ هەڵزنان) ناسراوە، گەرەنتی ئەوە دەدات کە ئەو سیمایانەی کە سەرەی پێ دیاریدەکرێت دەقاودەق وەک ئەوسیمایانەن کە هەموو پێکهێنەکەی پێ دیاریدەکرێت. هەروەها بەپێچەوانەوەش. هەرچەندە کە بەپێی یاسای هەڵزنان گشت خەسڵەتی ئەڵقەکانی خوارەوە، بەرەو ژوور هەڵدەزنن و قەت خەسڵەتی ئەڵقە باڵاکان بەرەو خوار داناخزن، چونکە دایک گشت خەسڵەتی بێچووەکانی تێدایە، بەڵام بێچووەکان تەنها بەشێک لە خەسڵەتەکانی دایکیان تێدایە و نابێت خەسڵەتی بێچووەکان دژی یەک بوەستنەوە، وەک تاک و کۆ، یاخود نێر و مێ. ئەمەش ئەوە دەسەپێنێ کە سەرەی فرێزێکی ناویی ناوێکە، سەرەی فرێزێکی کاریی کارێکە، سەرەی فرێزێکی بەند ئامرازێکی پەیوەندییە و .......... هتد. (سەرووەت

سێکلیرک پێشنیاری شیکردنەوەیەکی ئێکس بارپی بۆ لێکدراوەکان دەکات کە هاوتەریبە لەگەڵ شیکردنەوەی سینتاکتیکیی فرێزە ناوییەکان. وەک ئەوەی کە لە خوارەوەدا پێشاندراوە.( katabma ١٩٩٣, p.٣٠٤ )

لەکاتی ئێستادا هەندێ لەو بابەتانە پشتگوێدەخەین کە پەیوەستن بەگەردانکردنی لێکدراوەوە. لێکدراوەکان لەکوردیدا سەر بە پۆلە وشەی جیاوازن، وەک ناو، کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کە بەلایەنی کەم لە دوو پێکهێنی بنج پێکهاتوون.

## جۆرەکانی وشەی لێکدراو لە کوردیدا:

لە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەشدا لەوانەیە ژمارەیەک ڕێگەی جیاواز هەبێت بۆ پۆلینکردنی جۆرەکانی لێکدراو. لەبەر ڕۆشنایی ئەو پۆلین و دابەشکردنانەی کە لەپێشەوە خرانەڕوو و بەپێی ڕوپێویکی وردی ئەو داتا و نموونانەی کە لەوێدا دراون، ئێمەش هەوڵدەدەین کە بەپێی خاسیەتە سینتاکسی و سیمانتکییەکانی کەرتەکان، پۆلینێکی نوێ بۆ جۆرە جیاوازەکانی وشەی لێکدراو لە کوردییدا بکەین و بەشێوەیەک لە یەکتریان جیابکەینەوە کە جیاواز بێت لە پۆلینەکانی دیکە، بەو ئامانجەی کە ئەم پۆلینەی ئێمە ببێتە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو بۆ دابەشبوون و پۆلینکردنی وشەی لێکدراو لە زمانەکەماندا...

ڕێگایەکی گشتی بۆ دابەشبوونی لێکدراوەکان، دابەشبوونیەتی بۆ دوو جۆر: جۆرێکیان ئەوەیە کە یەکێک لە کەرتەکانی یان لێکسیمەکانی، لێکسیمێکی لەکار کەوتووە، واتە؛ لە کارەوە وەرگیراوە و دەتوانرێت پێیان بگوترێت لێکدراوە پێکهاتەییەکان یان لەکارکەوتووەکان واتە لێکسیمی دووەم لە کارەوە داتاشراوە. جۆری دووەمیان ئەوەیە کەهیچ کام لە کەرتەکانی لێکدراوەکان، لەکارەوە وەرنەگیراون و دەتوانرێت پێیان بگوترێت لێکدراوە رووتەکان یان سەرەتاییەکان (بەواتای سەرەکییەکان).

لێکدراوە لەکارکەوتووەکان لە دوو لێکسیم پێکدێن، کە لێکسیمی سەرە لە کارەوە داتاشراوە و کەرتە ناسەرەکەش بەوە لێکدەدرێتەوە کە ئارگیومێنتێکی کردارەکە بێت. وەک (خوێنمژ، دستشۆر، دەستکرد، سوێندخواردن، دارتاش، ڕۆژهەڵات، سکچوون، بەفرانبار، کۆنەپارێز، خۆفرۆش، پیاوکوژ، ماسییگر، سەگوەڕ ........ هتد). دەتوانرێت بەم جۆرە لێکدراوە بگوترێت لێکدراوی پێکهاتەیی.

لە بەرامبەر ئەوەدا لێکدراوە ڕووتەکانن، کە لە دوو لێکسیم پێکدێن کە لەوانەیە ناو بن یان ئاوەڵناو بن یان کار بن. کەواتە؛ لێکسیمی دووەم لە کارەوە وەرنەگیراوە یان لەکارەوە دانەتاشراوە.

لێکدانەوەی پەیوەندێتیی سیمانتیکیی نێوان سەرە و ناسەرە لە لێکدراوە ڕووتەکاندا ، مادام وەکو پەیوەندی نێوان کار و ئارگیومێنتەکەی نییە وەک ئەوەی لە لێکدراوە لەکارکەوتووەکاندا دەبینرێت، کەواتە دەبێت تەواو ئازاد بێت. وەک (دڵخۆش، دارخورما، سەرگەورە (بەواتای سەرزل)، ئەوانە هەموویان لێکدراوی ڕووتن.

بۆ ماوەیەکی کەمیش وشەی لێکدراوی بەستراو( ئەو وشە لێکدراوانەی کە بەهۆی ئامرازی بەستنەوەی ( و ) ەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە وەک( ڕێکوپێک ، توندوتۆڵ، نەرمونیان، شۆخوشەنگ، ئێسکوپروسک، وردوخاش،.....هتد.) و ئەو وشە لێکدراوانەی- ئەگەر نەڵێین بێ نرخ و کەم بەها- دەتوانین بڵێین ئەو لێکدراوە زۆر لاوەکییانەی کە بەهۆی دووبارە بوونەوەی هەمان وشە دروست دەبن. وەک (پۆل پۆل، کون کون، خێراخێرا، دەستەدەستە، ڕەش ڕەش، ... هتد) فەرامۆش دەکەین. هەرچەندە ئەو دوو جۆرەی وشە لێکدراوە لە زۆربەی سەرچاوە ڕێزمانییەکاندا بە جیا لێیان کۆڵراوەتەوە و بەدەگمەن نەبێت نەخراونەتە نێو چوارچێوەی ئەو پۆلێنانەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ وشەی لێکدراو لە زمانی کوردییدا کراون، بوونی ئەو جۆرە وشە لێکدراوانە نەک هەر کێشە بۆ پۆلینەکەی ئێمە دروست ناکات بەڵکو لەرووی زانستییەوە پۆلینەکە تۆکمەتر دەکات و دەتوانرێت لەژێر جۆری دووەمی ئەو وشە لێکدراوانەوە ریزبکرێن کە وا ئێمە لە پۆلینەکەدا پەیڕەوی دەکەین.

هەروەها ئێمە دەتوانین زۆر وردتر لێکدراوەکان پۆلین بکەین ئەویش بەپێی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانی و واتاییەی کە لەنێوان ئەو کەرتانەوە دێتە ئاراوە کە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە. یەکێک لەو پۆلینە بەسوودانەی کە لەلایەن ( Bisetto and scalise, ٢٠٠٥
پێشنیارکراوە (lieber, ٢٠١٢, p.٤٧) کە سێ جۆرەپەیوەندی دەناسێنن:

## جۆری یەکەم: دەتوانرێت پێی بگوترێت لێکدراوە وەسفییەکان

لە لێکدراوە وەسفییەکاندا ئەو کەرتەی کە ناسەرەیە وەک دیارخەرێکی سەرەکە کاردەکات. بۆ نمونە لێکدراوێکی وەک (پەلەپۆست) لەڕووی مێتافۆرەوە جۆرە پۆستێکە، ئەو پۆستەی کە بەپەلە دەگات، واتە؛ (پەلە) وشە ناسەرەکەیە و ڕۆڵی دیارخەری بینیووە بۆ وشە سەرەکە کە (پۆست)ەکەیە. هەروەها لە لێکدراویکی وەک (دارخورما)دا، لێکدراوێکی وەسفییە و وشەی (خورما) بۆتە دیارخەر بۆ (دار)ەکە. لە لێکدراوە وەسفییەکاندا وشە ناسەرەکە لەوانەیە تەنها بۆ دەربڕینی هەر ئەو پەیوەندییانە بێت کە لەگەل سەرەکەدا هەیەتی. بۆ نمونە لە لێکدراوێکی وەک (گابەرد)، مەبەست لێی بەردێکی گەورەیە کە بەقەد گایەک بێت، ئەمەش لەوانەیە تاڕادەیەک بچێتە ناو سنووری مێتافۆرەوە بەڵام هێشتا سنوورەکەی تەواو کاڵ نەبۆتەوە چونکە زۆر ئاساییە کە بەرد هەبێت بە قەبارەی گا گەورە بێت. گرنگ ئەوەیە مەبەست لە لێکدراوەکە ئەوەیە کە جۆرە بەردێکە کە وەک گا بێت، نەوەک جۆرە گایەک کە وەک بەرد بێت، هەروەها لە لێکدراوێکی وەک ( بەردەنوێژ)، ئەو بەردەیە کە نوێژی لەسەر دەکرێت. مەبەست لە لێکدراوێکی وەک (خڕکەبەرد)یش ئەو بەردەیە کە

خۆ بێت، بۆ نمونە ئەگەر ئێمە خۆمان لێکدراوێکی وەک (دەست ئاسن) دروست بکەین، لەبەرئەوەی پەیوەندیی نێوان بنجەکانی ئەم جۆرە لێکدراوە دیارخەر و دیارخراوە، بۆیە ئێمە ئازادین لەوەی کە بتوانین کۆمەڵێک پەیوەندیی واتایی ماقوڵ لەنێوان هەر دوو بنجەکەدا بدۆزینەوە، لەوانەیە بەواتای دەستێک بێت کە لە ئاسن دروستکرابێت، یان دەستێک کە وەک ئاسن بەهێز بێت، یان دەستێک کە بە ئاسن داپۆشرابێت. بێگومان یەکێک لەپەیوەندییەکان ماقوڵتر دێتە پێش چاو، بەڵام بەپێی یاسا هیچ یەکێکیش لەو پەیوەندییانە ڕەتناکرێتەوە.

## جۆری دووەم: لێکدراوە هاوپایەکان:

لە لێکدراوە هاوپایەکاندا کەرتی یەکەم نابێتە دیارخەر بۆ کەرتی دووەم بەواتایەکی ڕوونتر، پەیوەندی نێوان دوو بنجەکە دیارخەر و دیارخراو نییە، لەباتی ئەوە، هەردووکیان هەمان نرخ و بەهایان هەیە. لە کوردیدا لەو جۆرە لێکدراوەدا شتێک دەسنیشان دەکرێت و هەر دوو کەرتەکەش بەیەکسانی هاوبەشی لە ئاماژەکردن بۆ شتەکەدا دەکەن. نمونە بۆ لێکدراوی هاوپایە (شاعیر _ نووسەر، خۆشنووس _ وێنەکێش ، ئەخۆش _ دکتۆر، مەلا _ شێخ، سوورەسپی، کەسکوسوور،.....هتد). هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا هەندێ لەو جۆرە لێکدراوانە ئێستا لە کوردییدا نییە، بەڵام دەکرێ بەپێی پێویستی زمان لێکدراوی، وەک: شاعیر _ وێنەکێش، ئەکتەر _ نووسەر دابڕێژرێت، چونکە تا ئێستا ئەم جۆرە لێکدراوانە بەشێوەی فرێز دادەڕێژرێن، وەک: شاعیر و وێنەکێش، ئەکتەر و نووسەر، ...هتد. لەم جۆرە لێکدراوەدا دەتوانین بڵێین هەر دوو بنجەکە سەری واتایین.

## جۆری سێیەم: لێکدراوی شوێنکەوتوخواز

جۆری سێیەمی پەیوەندیی، ئەوەیە کە پەیوەندێتیی ڕێزمانیی / واتایی لە وشە لێکدراوە شوێنکەوتوخوازدا بدۆزینەوە. لەلێکدراوی شوێنکەوتوخوازدا کەرەستەیەک وەک ئارگیومێنتێکی کەرەستەیەکی دیکە لێکدەدرێتەوە، واتە وەک تەواوکەرێکی کارەکە لێکدەدرێتەوە، تەواوکەرەکانی کاریش بکەر، بەرکار، یان بەرکاری ناڕاستەوخۆن.. ئەمەش بەتایبەتی کاتێک ڕوودەدات کە کەرەستەیەکی لێکدراوەکە کارێک بێت یان لە کارێکەوە داتاشرابێت، کەواتە لە کوردییدا، لێکدراوی پێکهاتەیی کە لەسەرەوەدا بینیمان، لێکدراوێکی شوێنکەوتوخوازە. وا لە خوارەوەدا چەند نمونەیەکی جۆراوجۆر بۆ ئەو جۆرە لێکدراوە دەهێنینەوە:

تەنها دوو ڕووت: خوێنمژ، قۆڵبڕ، دەستنووس، چیرۆکنووس، گۆشتخۆ

لەگەڵ _ ەر: چێشتلێنەر، بیرلێدەر، وەبەرهێنەر،ماڵتێکدەر.

لەگەڵ _ مۆرفیمی رابردوو: دەستکرد، دەستوبرد، خۆکرد.

لەگەڵ _ مۆرفیمی رابردوو + ن : سوێنخواردن، مەلەکردن، بۆنکردن.

لەگەڵ _ او: دڵشکاو، جەرگسوتاو، دەستبڕاو.

لەگەڵ _مۆرفیمی رابردوو+وو: دەممردوو، دەستڕۆیشتوو، مارانگەستوو.

ئاساییە ئەگەر ببینین لێکدراوێکی شوێنکەوتوخواز بە ڕێگایەکی زۆر تایبەتیی شیبکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە کەرەستەی یەککەمی لێکدراوەکە وەک بەرکارێکی کارەکە لێکدەدرێتەوە و ببێتە بناغەی ناوە لەکارکەوتووەکە. بۆنمونە (نانخۆر) ئەو کەسەیە کە زۆر دەخوات، (پیاوکوژ) ئەو کەسەیە کە بکوژە و خەڵک دەکوژێت، (چێشتلێنەر) ئەو کەسەیە کە چێشت (خواردن) لێدەنێت و ئامادەی دەکات،.... هتد

لێکدراوی پێکهاتەیی تاکە لێکدراوی شوێنکەوتوخواز نییە، بەهەرحاڵ. هەندێ لێکدراوی شوێنکەوتوخوازی دیکە هەن کە بەکارهێنانیان لە کوردییدا هەژارە و لەوانەیە لە زمانەکانی تردا زیاتر بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە وەک: **دەستشۆر، دەستکرد،** ...**هتد**. لەم جۆرە لێکدراوانەشدا کەرتی دووەم کارە و کەرتی یەککەمیش هەڵگری پەیوەندیییەکی ئارگیومێنتییە بۆ کەرتی دووەم. جارێکی دیکەش بەشێوەیەکی نموونەیی پەیوەندێتیی تەواوکەرە. لە شوێنی دیکەدا- ئەگەر پێویستی کرد – ئەوا بەکورتی دێینەوە سەر ئەو بابەتە.

دیسان دەتوانین لێکدراوەکانی وەسفیی، هاوپایە و شوێنکەتوخوازەکان دابەش بکەین بۆ ئەولێکدراوانەی کە سەریان هەیە و ئەو لێکدراوانەی کە سەریان نییە. (endocentric and exocentric )

**ئەو لێکدراوانەی سەریان هەیە**

وەسفیی: مارماسیی، دارخورما، باڵابەرز، گابەرد.

هاوپایە: کەسکوسۆر، سۆروسپی، شاعیر-وشێنەکێش.

شوێنکەتوخواز: چێشتلێنەر، پیاوکوژ، بیرلێدەر.

**ئەو لێکدراوانەی کە سەرەکانیان لە دەرەوەی لێکدراوەکانە**

سەر لە دەرەوەی لێکدراوەکەیە، واتە هەر دوو جومگەی وشە لێکدراوەکە ئاماژەن بۆ شتێک کە لە دەرەوەی وشەکەیە. بۆنموونە: (ملخوار) مەبەست لە کەسێکە، کە ملی خواربێت. ئەم جۆرە لێکدراوە لەزمانی کوردیدا ئەرە. بەتایبەتیش لە ئاوەڵناوی لێکدراو و ئیدیەمدا.

ئەو جۆرە لێکدراوە بۆیە پێی بگوترێت بێ سەر چونکە سەرەکەی لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکەیە، بەواتایەکی تر؛ ئەو شتەی کە کۆی وشە

لێکـدراوەکە ئامـاژەی بـۆ دەکـات جیـاوازە لەوەی کە سـەرەی وشـە لێکدراوەکە ئاماژەی بۆ دەکات، واتە؛ هـاو ئامـاژە نـین و هەمـان ئاماژە بۆکراویان نییە. بۆنمونە، لێکدراوێکی وەسفیی وەک: (چاوشین) ئامـاژەیە بـۆ کەسـێک کە چـاوی شـینە، نەک بـۆ چاوێـک کە شـین بێـت. یـان (دەسـتکورت) ئامـاژەیە بـۆ کەسـێک کە هەژار و نەدار بێـت نەک بـۆ دەستێک کە کـورت بێـت. هەروەک پێشـتریش ئاماژەمـان پێکرد کە ئەم جۆرە لێکدراوانە لەزمانی کوردیدا زۆرە، بەتایبەتیش لە ئاوەڵناوی لێکدراو و ئیدیەمدا. ( بڕوانە: ل. ١٦)

## ئەولێکدراوانەی کە سەریان نییە:


لێکـدراوە وەسـفییەکان: سـەربڵند، چاوشـین، مێشکەسـتوور، کەللەپـوچ، نینۆکبڕ.

لێکـدراوە هاوپایەکـان: دایکوبـاوک، کەسکوسـۆر، دەموچـاو. نەخـۆش – دکتۆر.

لێکدراوە شـوێنکەوتوخوازەکان: قـۆڵبڕ، دەممـردوو، دووزمـان، چوارچـاو، رەشبین.

لە لێکـدراوە هاوپایەکـانی وەک دایکوبـاوک یـان نەخـۆش – دکتـۆر دا سـەرەکان ئامـاژە بـۆ جـۆرە کەسـێک دەکەن بەڵام لێکدراوەکە بەگشـتی ئاماژە بۆ جۆرە پەیوەندێتییەک دەکات کە لەنێوان کەرەستەکاندا هەیە.

جـۆرە جیاوازەکـانی لێکـدراو لەم وێـنە هێڵکـارییەی خـوارەوەدا کورتکراوەتەوە.




جێی سەرنجە کە ئەم بابەتە باسێکی هاوبەش بوو لەلایەن من و م.ی ئازاد عزیز سلێمان، لە گۆڤاری الاستاذ، ژمارەی تایبەت بە کۆنفراسی زانستی پێنجەم بۆ زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە- ئیبن روشد – زانکۆی بەغدا، ٢٠١٧

**کلیتیک (نوسەک):**

جگە لە گیرەکی گەردانکردن، جۆرێکی دیکەی مۆرفیمی بەند هەیە کە پێی دەگوترێت کلیتیک (نووسەک). کە بەهۆی چەند یاسایەکی سینتاکسی بەوشەی سەربەخۆوە دەلکێنرێت. ئەو وشانەی کە کلیتیک وەریان دەگرێت پێیان دەگوترێت خانەخوێ - (anchors or hosts)

کلیتیک: وشەیەکە، خانەیەک لەڕستەیەکدا داگیردەکات، بەڵام بەندە بە وشەی دیکەوە، وەک: ( is ) لە (Hes)

کلیتیک: زاراوەیەکە لەڕێزماندا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە فۆرمێک کە لەوشە دەچێت بەڵام ناتوانرێت وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و بە تەنها

بەکاریهێنرێت. لەبەرئەوەی لەڕووی ڕۆنانەوە بەندە بە یەکێک لە وشە دراوسێکانییەوە.

زاراوەی کلیتیک لە وشەیەکی گریکی وەرگیراوە بە واتای (leaning) واتە؛ لاربوونەوە. نمونەش بۆ ئەمە؛ شێوە کورتکراوەکانی کاری بوون. وەک:

He is ⟶ He s      I am ⟶ I m

هەروەها ئامرازەکان لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا بە کلیتیک ناودەبرێن. شێوەیەکی وەکو (the) ناتوانێت بەتەنها بەکاربێت بەڵام لەلایەن قسەکەری ڕەسەنیی زمانەکەوە بە وشەیەکی سەربەخۆ دادەنرێت.

کلیتیک کەرەستەیەکە کە هەڵسوکەوتەکەی دەکەوێتە سنوری نێوان ( وشەو گیرەک). بەشێوەیەکی نمونەیش کلیتیک شێوەیەکی فۆنۆلۆجیی وشەیەکی جیایە، بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانێت هێز وەربگرێت بۆیە بەناچاریی لە شوێنێکی دیاریکراوی ڕستەیەکدا دادەنرێت و تیایدا شێوەیەکی فۆنۆلۆجیی بەندکراو وەکو میوانێک بە یەکێک لە وشەکانی دەوروبەرییەوە. وەردەگرێت. بۆ نمونە:

Is not ⟶ Isn't

Could not ⟶ Coud'nt

کلیتیکیش دەکرێت بە دوو جۆر یان دوو شێوەوە :-

١- پرۆکلیتیک ( کلیتیکی سەربەخۆ) : بە سەرەتای وشەی خانەخوێوە دەلکێنرێت. وەک ئامرازی کورتکراوەی ناسراوی تاک لە فەرەنسیدا (l)

٢- ئینكلیتیك ( نیمچە كلیتیك) : بە دواوەی وشەی خانەخوێوە دەلكێنرێت، وەكو هەندێ جێناو و وشەی زیادە بۆ كۆتایی شێوەی كار، وەك: (S) ی خاوەنداریێتی لە زمانی ئینگلیزیدا. بۆ نموونە:

Marys car

كلیتیك بەجۆرێكی تریش پۆلیندەكرێت :

ا كلیتیكی سادە: كلیتیكی سادە بۆ هەمان پۆلە – وشە دەگەڕێتەوە وەك هەندێ وشەی سەربەخۆی زمان واتە هەمان شێوەی وشە تەواوەكانی خۆیان هەیە و كە دەتوانرێت لە شوێنێكی سینتاكتیكیدا شوێنی بگیرێتەوە وەك:

| | |
|---|---|
| They have eaten | They've eaten |
| She has eaten | she's eaten |
| The bag is empty | the bag's empty |

كەواتە: 's, 's, 've بە كلیتیكی سادە دادەنرێن چونكە هەمان ئەرك و شوێنی سینتاكسییان هەیە لە گەڵ شێوە تەواوەكانیاندا.

جیاوازی لە نێوان كلیتیكی سادەو وشەدا ئەوەیە كە كلیتیكی سادە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە دەبێ بەخانەخوێیەكەوە بلكێنرێت چونكە كەموكوڕی هێزیان هەیە و بەم شێوەیەش ناتوانن بە تەنها بەكاربهێنرێن.

لە زمانی ئینگلیزییدا كلیتیكی سادە هێزی سەرەكی وشەی نییە چونكە بزوێنی تێدا نییە بۆیە هەر دەبێ بە خانەخوێیەكەوە بلكێنرێت. ئەو كاتەش وەك بەشێكی هێز هەڵنەگر گۆدەكرێت لە نێو پێكهاتەیەكی فۆنۆلۆجیی گەورەتردا كە بە گروپی كلیتیك ناودەبرێت.

کلیتیکی تایبەتیی: ئەو کلیتیکانە شێوەی کورتکراوەی وشەی تەواو نین، بەڵکو ئەوانە تەنها چەند شێوەیەکن کە تەنها وەک مۆرفیمی بەندی لکێنراو بە خانەخوێیەکانیانەوە دەلکێنرێن لە چەند سیاقێکی سینتاکسیی دیاریکراودا. لە ئینگلیزیدا (S) ی خاوەنیەتی باشترین نموونەیە کە هەرگیز بە تەنها نابینرێت و هەمیشە دەبێ لەگەڵ خانەخوێیەکدا بێت.

## کلیتیک لە کوردییدا:

لە زمانی کوردییدا زاراوەی نوسەک بۆ کلیتیک بەکارهاتووە، بەپێی ئەو داتاو زانیاریی و رونکردنەوانەی کە لە بەشی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد و هەروەها بەپێی ئەو سەرچاوە زمانەوانیانەی کە من لەبەردەستمدان یان لەوێدا ئاماژەیان بۆ کراوە لەلایەک و لەلایەکی تریشدا بە پێی ئەو هەڵس و کەوت و رەفتار و خاسیەتانەی کە کلیتیک لە زمانەکانی تردا ( بەتایبەتیش ئینگلیزیی) هەیەتی، دەبی چ کەرەستەیەک لە زمانی کوردییدا بە کلیتیک دابنرێت.

هەندێ سەرچاوە تەنها جێناوە لکاوەکانی بە کلیتیک داناوە ( بڕوانە: د. محەمەدی مەحویی، ٢٠١١، ل١٨، - ١٢٦) و حیدر حاجی خدر،٢٠١٠، ل ٨٨ و ئەو سەرچاوانەی کە لەوێدا ئاماژەیان بۆ کراوە) هەندێ سەرچاوەی تر جگە لە جێناوە لکاوەکان هەندێ ئامراز و کەرەستەی تری وەک: مۆرفیمەکانی نەفیکردن، نیشانەی ناسیاری (ەکە) و ئەلۆمۆرفەکانی ( بڕوانە : بازیان یونس محی الدین ، ل ٢٦ و ئەو سەرچاوانەی کە لەوێدا دراون. هەندێ سەرچاوەی تر هەندێ مۆرفیم و دانەی تریان بە کلیتیک داناوە: ( بڕوانە: Muhammad Maruf Fattah, ١٩٩٧, P.٨٤) و ئەو سەرچاوانەی کە لەوێدا باسکراون.

ئێمەش بەسوود وەرگرتن لەو سەرچاوانە و بەپێی تێگەیشتن و تێڕوانینمان بۆ کلیتیک هەوڵدەدەین کە هەندێ زانیاری پێویست دەربارەی ئەو کەرەستەیە لە زمانی کوردیدا بخەینە ڕوو:

لە زمانی کوردییدا کۆمەڵێک فۆرمی جیاواز هەن کە وەکو کلیتیک ڕەفتار دەکەن و خاسییەتەکانیان وەکو کلیتیک وایە، ئەو فۆرمانەش بریتین لە: جێناوی لکاوی بکەریی، جێناوی لکاوی بەرکاری، نیشانەکانی ڕێککەوتن، پاشگرە پێچراوەکانی (ەوە) و (دا) کە بە ئامرازە پەیوەندییە بەرپێتییەکانەوە دەلکێن، نیشانەی کۆ و ئالۆمۆرفەکانی، نیشانەی ناسیاری و ئالۆمۆرفەکانی. ئەم فۆرمانەش دەتوانرێت لە گیرەکەکانی تر جیا بکرێنەوە بەپێی پیادەکردنی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:

**-کلیتیک مەودایەکی تەسکی هەڵبژاردنی هەیە سەبارەت بە خانەخوێیەکانییەوە.** بۆ نموونە کلیتیکی جێناویی لە کوردییدا وەکو گیرەکەکانی تر نییە، بەوەی کە دەتوانێت بە هەموو جۆرە وشەیەک بلکێت، جا ناو بێت، ئاوەڵناو بێت، کردار بێت، ڕادە بێت، نیشانەی نەرێکردن بێت.....هتد.

ڕوونکردنەوەکان ئەم نموونانەی خوارەوەن:

- نامەکەم نووسی. بە ناوەوە لکاوە.
- کوڕە زیرەکەکەم بە یەکەم دەرچوو. بە ئاوەڵناوەوە لکاوە.
- دەخوێنم. بەکردارەوە لکاوە.
- نەدەم گوت. بە ڕادەوە لکاوە.
- دەمخوارد. بە ئەسپێکتەوە لکاوە.

بەپێچەوانەوە گیرەکەکان زۆر وردن لە هەڵبژاردنی خانەخوێیەکانیاندا. واتە زۆر تایبەتمەندن و پلەیەکی بەرز لە هەڵبژاردن نیشان دەدەن. بۆ

نمونە نیشانەی نەناسراوی بەشێوەیەکی نەگۆڕ و ئاراددەیەک چەسپاو بەناوەوە دەلکێت. وەک: کوڕێک و نیشانەی نەرێکردنیش بەکارەوە. وەک: ناخۆم، نیشانەکانی بەراورد و بالآش بە ئاوەڵناوەوە دەلکێن و کەمتر بە ئاوەڵکارەوە دەلکێن. وەک: جوانتر، جوانترین ، زووتر هات.

**٢- لەکوردییدا هەندێ لە کلیتیکەکان بە پێچەوانەی گیرەکەکانەوە فۆرمی تەواوی جۆراوجۆریان هەیە بەهەمان شێوەکانی خۆیان.** بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| من | م |
| ئێمە | ان |
| ئێوە | تان |
| ئەوان | یان |
| تۆ | ت — یت |
| ئەو | ی |

هاوکات گیرەکەکان تەنها لە شێوە کورتکراوەکانیاندا دەبینرێن، هەرچەندە لەڕووی مێژوویییەوە وا پێدەچێت کە هەندێ لەو گیرەکانە فۆرمێکی کورتکراوەی وشەیەکی تەواو بن. بۆ نمونە: (یەک) و (ێک) یەک پیاو، پیاوێک. بەشداری کلیتیکەکان لە مانای ڕستەدا هاوئاهەنگە لەگەل فۆرمە تەواوەکانیانن. هەرچەندە کە ناکەونە هەمان جێکەوتەی سینتاکسیی فۆرمە تەواوەکانیانەوە. ئەمانە کلیتیکی تایبەتین کە هەمان هاوبەشی فۆرمە تەواوەکانی خۆیانیان نییە. سەیری ئەم نمونانەی خوارەوە بکە:

- من تۆم گرت ⟵ گرتمیت
- ئەوان ئێمەیان برد ⟵ بردیانین

**٣- کلیتیکەکان دەتوانن بەو وشانەوە بلکێن کە پێشتر گیرەکێک یان کلیتیکێکی تریان پێوە لکابێتن بەڵام گیرەکەکان ناتوانن.**

- من قوتابییەکانم بینی.
- قوتابییێکم بینی.

**٤- گیرەکەکـان نـاوێزەیەکی مۆرفۆلـۆجیی زۆر زیـاتر لە وشـە بە کلیتیکراوەکان نیشاندەدەن.** واتە؛ هیچ حاڵەتێک نادۆزیتەوە کە تیایدا یەکگرتنی کلیتیک و خانەخوێیکی تایبەت شکستی هێنابێت. ئەم جۆرە ناوێزەیی و بۆشـاییە مۆرفۆلـۆجییە زۆر بەئاسایی لەکاتی یەکگرتنـی مۆرفیمەکـانی گەردانـی و دارشـتندا لەگەڵ رەگ و قەد و بنجەکانیانـدا روودەدەن. بۆ نموونە گیرەکی خاوەندارێتی زۆربەی جار شکست دەهێنێت کاتێک کە بەهەندێک ناوەوە دەلکێت بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو. بۆ نموونە فۆرمەکـانی وەک: مەڕم، بەرخـی، زۆر بـاوەڕپێکراو نـین. واتە ئەوفۆرمانە زۆرجێی متمانە نین و بەکارهێنانیان کەمە.

**٥- وشـە گیرەکـدارەکان نـاوەیزەی واتاییـان زۆر زیـاترە لەگروپـی کلیتیکەکـان.** واتە؛ ئەو بەشـدارییە واتـاییەی کە بەهـۆی گروپـی کلیتیکەکانەوە لە رستەیەکدا دروست دەبێت هەمان ئەو هاویەشییەیە کە وشیەکی تەواو دەیکات. بۆ نموونە ئەو گروپە کلیتیکانەی کە (م) یان تێدایە لە رووی واتاوە هەمیشە کتومت وەکو فۆمەتەواوەکانی خۆیانن. واتە بەهەمـان شـێوەی (من)ن. بەپـێچەوانەوە مـۆرفیمە گەردانییەکـان هەندێ جار خـوارو‌خێچی نیشاندەدەن. بۆ نموونە گیرەکی (ان) ی کۆ لەدرجـار بەواتـای گواسـتنەوە و گەیانـدنی کـاتێکی زەمەنیـی دێت. بەواتایەکی تر؛ مەرج نییە هەموو کاتێک بەواتای کۆکردنەوە بەکاربێت و

کۆی ئەو وشەیە بگەیەنێت کە پێیەوە دەلکێت، وەک: ساڵان، جاران، بەهاران، شەوان، ...هتد.

سیستەمی کلیتیک لە زمانی کوردیی - دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست، جێناوە کەسیەکان و جێناوی خاوەندارێتی و ئامرازی ناسیاری و نیشانەکانی کۆ و پاشگرە پچڕاوەکانی بەرکاریی دەگرێتەوە، جا ئەگەر ئامرازە پەیوەندییەکە بکەوێتە پێش یان دوای فرێزەناوییە بەرکارەکەوە تەنها لە جێناوەکاندا فۆرمەکانی کلیتیک لەگەڵ فۆرمە تەواوەکانیاندا بەرامبەر دەوەستن. جیاوازیی لەنێوان فۆرمی کلیتیک و فۆرمە تەواوەکانیدا ئەوەیە کە فۆرمە تەواوەکان دەتوانن هێز وەربگرن و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن و بەشێوەیەکی سینتاکسیش جووڵە بکەن یان نەرم و نیانی بنوێنن. کەچی لەلایەکی تردا فۆرمەکانی کلیتیک ، بەندن و هەر بەزگماکیش ناتوانن هێز وەربگرن بەشێوەیەکی چەسپاویش ڕیزدەبن سەبارەت بە خانەخوێیەکانی دیکەوە.

# بەشی چوارەم

# پرۆسێسەکانی وشەسازدان و داهێنان و بەرهەممهێنیی

## ١- لێکدان:

زۆربەی زمانەکان وشە بە هۆی پرۆسەیەکەوە دروستدەکەن کە پێی دەوترێت لەیەکدان (لێکدان)، زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە لەرووی لەیەکدانەوە دەوڵەمەندە و لەهەموو پۆلە رەگەزەکانی ناو و ئاوەڵناو و کردار و ئاوەڵکرداردا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەشێکی تایبەتیی و سەربەخۆ و لەروانگەی وشەی لێکدراوەوە زۆر بەوردی باسمان لەپرۆسەی لەیەکدان کرد، بۆیە لەوانەیە لێرەدا زۆر بەخێرایی باس لەو پرۆسەیەی وشە سازدان بکەین. لێکدان بەسادەیی بریتییە لە یەکگرتنی دوو وشە یان زیاتر بۆ تاکە وشەیەک، وەک لە چاوشین، تەختەرەش، پیرەمێرد، گوڵەگەنم، گورگانخواردوو، سەرتاشراو، چاپاڵیو، شاژن، سەرخڕ، خڕکەبەرد، دەنگوباس، بۆرەزەڵام، سوێندخواردن، مەلەکردن، دارخورما، کورەپاشا، دەموچاو، سەروپێ، چیرۆکنووس، ....هتد. وەک ئەوەی کە لە بەشەکانی پێشووتریش پیشانماندا، سەبارەت بەفۆرم و چۆنیەتی نووسینی وشەی لێکدراو چوار جۆر وشەی لێکدراو لەیەکتر جیادەکرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لێکدراوی داخراو:**

ئەو لێکدراوانەی کە وا هەر دوو یان زیاتر لە جومگەکانی بەسەر یەکەوە دەنووسرێن و هیچ بۆشاییەک لەنێوانیاندا بەدیناکرێت وە: دڵخۆش، دڵشاد، خۆشنووس، گۆشتخۆر، ..... هتد

**لێکدراوی تەقەڵدار:**

ئەو لێکدراواەی کە کەرتەکانیان بەهۆی تەقەڵێکەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە. وەک: نوسەر-شاعیر، ئەکتەر-نوسەر، نەخۆش-دکتۆر، تەمن-شەش-ساڵ، ....هتد

**لێکدراوە کراوەکان:**

ئەو لێکدراوانەی کە بنجەکانیان بەجیا دەنووسرێن و بۆشاییەک دەکەوێتە نێوان بنجەکانیان، وەک: سوێند خواردن مەلە کردن، شەڕ فرۆشتن، دەست گرتن،......هتد

**لێکدراوی بەستراو:**

ئەو لێکدراوانەی کە بەهۆی ئامرازی بەستنی (و)ەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. وەک: ریک و پێک، توندوتۆڵ، حازروبزر،دایک و باوک، سۆروسپی......هتد

سەبارەت بەو وشە لێکدراوانەی کە لە دوو بنج زیاتر پێکدێن و بنجەکانیان بەهۆی ئامرازی تری جگە لە (و) لێکدەدرێن ، دەچێتە جۆری لێکدراوە کراوەکانەوە، وەک: کڵاو بەسەر، گوڵەبەڕۆژە، کولێرە بەڕۆن.

**٢- داڕشتن:**

یەکێک لەڕێگا هەرە گرنگەکانی دروستبوونی وشەی نوێ لە زمانی کوردییدا داڕشتنە. داڕشتن بریتییە لە فۆرماندنی وشەی نوێ بەهۆی یەکگرتنی گیرەکەکانی داڕشتن لەگەڵ وشەیەکدا یان لەگەڵ هەندێ لە

پێشگرو پەیوەندەکاندا، داڕشتن بۆ گشت بەشەکانی ئاخاوتن بۆ نموونە ناو، ناوەڵناو ئاوەڵکار و کار جێبەجێدەکرێت. بۆ نموونە : کوردستان، زانا، هۆشمەند، فرۆکەوان، ئاسنگەر، دانا، نەخۆشخانە، فێڵباز، ساردەمەنی، کرێچی، گوڵدان، گوڵزار، براله، چاویلکە، لەتکە، ڕۆژگار، سەروەر، شەوە، باڵندە، زەردێنە، بەهێز، نەخۆش، پێویست، ئەستورک، نەرمین، کوشتار، خۆراک، گەڕیدە، هاوڕێ، کورتێنیی، دوژمنایەتیی، جوانیی، کڕیار، پێشەوا، بنار، پێشین ...هتد.

ئاشکرایە کە مەبەست لە گیرەک لێرەدا ئەو پێشگر و پاشگرانەن کە دەچنە سەر وشەیەکی سادە یان ڕەگێکی بەند و وشەیەکی دارێژراو دروستدەکەن. جێی سەرنجە پاشگرەکان لە کوردییدا زۆر چارکتر و بە بەرهەمترن لە پێشگرەکان بە واتایەکی دیکە ژمارەی ئەو وشە دارێژراوانەی کە بەهۆی پاشگرەکانەوە دروستدەکرێت زۆر زیارە لە ژمارەی ئەو وشانەی کە بەهۆی پێشگرەکانەوە دروست دەبن. هەروەها پلەی بەبەرهەمیی لە بەشەکانی تری ئاخاوتن بەرزترە، واتە، واتە پاشگرەکان دەتوانن ناوی دارێژراو زیاتر بەرهەم بهێنن لە بەشەکانی تری ئاخاوتن.

### ٢ـ داهێنان (لەسکەدان)

بێگومان ژمارەیەک لەڕێگای لاوەکی یان کەمتر باوی دروستکردنی وشەی نوێ لەزماندا لەئارادا هەن، یەکێک لەو ڕێگایانەش داهێنانە (invention) کە لەهەندێ سەرچاوەدا زاراوەی (coinage)ی بۆ بەکارهاتووە کە بەواتای لەسکەدان دێت. مەبەست لەسکەدانیش ئەوەیە کە وشەیەکی تەواو تازەو نوێ لە کۆی بەرگەکەوە دروستبکرێت. بەڵام ئێمە زۆر بەدەگمەن وشەی نوێ لە سکەدەدەین، لەبری ئەوە بنجێک و گیرەکێک هەڵدەبژێرین دوویارە

لەیەکگرتنێکی نوێدا داپاندەڕێژینەوە، وەک: کۆداک، نایلۆن، کۆمپیوتەر، کلینکس، سەرچاوەیەکی تایبەتیش بۆ پرۆسەی داهێنان کۆمپانیا بازرگانییەکانن کە وشە بۆ بەرهەمەکانیان دادەنێن (وەک نمونەکانی سەرەوە). (ئەم وشانە بنەڕەت یان ئەسڵێکی تەکنیکی شاراوە و نادیاریان هەیە،بەڵام هەر کە سکەکەی لێدرا دەبێت بە وشەیەکی ڕۆژانە و ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت، بەڵام بۆ زمانی کوردی، ئەو وشانە وشەی بیانیین، کاتی خۆی کە هەورامییەکان وخێڵی چالاک و بەبەرهەمی وەک دۆم و خەراتەکان بەرهەمی کوردیی وەک (شاڵ وکەوش و کڵاش و پانیبەرز و دەفر و کەوچکی دار و هتد.یان بەرهەمهێناوە، وشە نوێکانیان ڕۆژانە بەکارهێنراون و بونەتە کەرەستەی گەنجی وشەی کوردیی) (د. محەمەدی مەحویی،٢٠١٠،ل ١٢٢) بەڵام کەمێک لەو وشە نوێیانە ڕێگاکانی خۆیان دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی ببنە وشەیەکی باو و ڕۆژانە بەکاربهێنرن (Norman C.Stageberg, ١٩٨١, p.١٢١. چونکە وشەکان خۆیان هیچ ئاماژەیەک یان بیرۆکەیەک بە ماناکانیان نابەخشن. زۆرجار دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەی کە وشەکە بۆ چ مەبەستێکە، بەڵام بێ ئاماژەکردن بۆ دەوروبەرێک واتای وشەکە تا ڕاددەیەک تەمومژو نادیار دەبێت. هیچ مایەی سەرسوڕمانیش نییە کە وا زۆیەی ئەو وشە لەسکەدراوانەی کە خزاونەتە ناو زمانی کوردییەوە لە ناوی بەرهەمە ڕەسەنەکەوە هاتووە. پەیوەندیی وشەکە بەو ناوەی کە بۆ بەرهەمەکە داڕێژراوە واتای وشەکە ڕوندەکاتەوە. زۆرجار وشەکە گشتاندنێکی بۆ هەموو جۆرێکی ئەو بەرهەمە دەکرێت، هەتا ئەگەر لەلایەن کۆمپانیای جیاوازیشەوە دروست کرابێت.

## ٤- گۆڕین (وەرچەرخان):

هەرچەندە کە ئێمە زۆربەی جار بەهۆی گیرەک لکاندن یان لێکدانەوە لێکسیمی نوێ دروستدەکەین. لە کوردیدا دەکرێت کە بەبێ زیادکردنی هیچ گیرەکێک بەڵکو تەنها بەگۆڕینی یان وەرچەرخانی هەمان ئەو کاتیگۆریەی یان ئەو بەشە ئاخاوتنەی کە هەیە لێکسیمی نوێ دروست بکەین. ئەو جۆرە سازدانەی وشە زۆرجار پێی دەوترێت گۆڕین یان وەرچەرخان یان هەڵگەڕانەوە یان گۆڕینی ئەرکیی. سەیری ئەم نمونانەی خوارەوە بکە:

- نوستن خۆشە — نوستن وەک ناو بەکارهاتووە.
- ئەوان نوستن. — نوستن وەک بەکار هاتووە.
- جوان هات. — جوان وەک ناو بەکارهاتووە.
- کچێکی جوان هات. — جوان وەک ئاوەڵناو بەکارهاتووە.
- کچەکە زۆر جوان دانیشتووە. — جوان وەک ئاوەڵکار بەکارهاتووە.

هەرچەندە من هەندێ گومانم لە ڕێزمانێتیی ڕستەکەی کۆتایی هەیە، چونکە بەبۆچوونی من یەکێک لەڕێگاکانی دروستکردنی ئاوەڵکار لەزمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئاوەڵناو (جوان) + مۆرفیمی ناوی مەعنەوی (یی) ⟵ ناوی مەعنەوی (جوانیی)

ئامرازی پەیوەندیی (بە) + ناوی مەعنەوی (جوانیی) ⟵ فرێزی بەند (بەجوانیی) لەئەرکی ئاوەڵکاردا)

واتە هەر دوو مۆرفیمەکە لە یەک کاندا ناچنە سەر ئاوەڵناوەکە، بەڵکو یەکەم جار مۆرفیمی (یی) دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە و

ناوێکی واتایی (جوانیی) دروستدەکات، ئینجا دواتر مۆرفیمی (بە) دەچێتە سەر ناوە واتاییەکە و ئاوەڵکارێکی چۆنیەتی دروستدەکات. بڕوانە هاوکێشەکانی سەرەوە.

شایانی باسە ئەو ئاوەڵناوانەی کە لە ناو وەردەگیرێن، بەهۆی ئامرازی (بە) — کە زۆربەی جار بەواتای هەبوون دێت، لەوانەیە پەیوەندی واتایی جۆراوجۆریان هەبێت. بۆیە پستەکە پلە ڕێزمانییەکەی زیاتر دەبێت ئەگەر بەم شێوەیە بێت:

کچەکە زۆر بەجوانیی دانیشتووە.

بەڵام ئەمە هیچ کێشەیەک بۆ بابەتەکە دروست ناکات، چونکە بە دەیان نمونەی دیکە لە ئارادان کە دەتوانرێت بەبێ زیادکردنی هیچ گیرەکێک وشەیەکی نوێ لەهەمان وشەدا دروست بکەن. بڕوان نمونەکانی سەرەوە و ئەم نمونانەی خوارەوەش لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکە:

(هێز) ناوە، کەچی بەهێز (ئاوەڵناوە) و بەواتای ئەوە دێت کە کەسێک هێزی هەبێت یان خاوەن هێز بێت. جا گرنگ نییە هێزەکە، هێزی بازووە یان هێزی دەسەڵات و پلە پایە و هتد.

(جەرگ) ناوە، (بەجەرگ) ئاوەڵناوە، بەڵام لێرەدا (بە) یەکە بەواتای هەبوون نایەت، واتە کەسێک کە جەرگی هەبێت، بەڵکو بەواتای کەسێکی ئازا و چاونەترس دێت واتە لێرەدا بەشێوەی مێتافۆر بەکار هاتووە و واتایەکی ئیدیەماتیکی هەیە.


(دەم) ناوە، بەڵام ( بەدەم) ئاوەڵناوە لێرەش ( بە) یەکە بەواتای کەسێک نایەت کە (دەم) ی هەبێت، بەڵکو بەواتای کەسێکی قسەزان و قسە خۆش دێت. دیسان ئەمەش هەر ئیدیەمە.

سەیری ئەم نمونانەی خوارەوەبکە:

بەقسە، بەدەمار، بەزمان، بەدڵ، ...هتد.

هەرچەندە هەندێ زمانەوان باوەڕیان بەوە نییە کە ئەمە وەرچەرخان یان گۆڕین بێت، بەڵکو پێیان وایە کە ئەمەش دەچێتە خانەی بەگیرەککردن و مۆرفیمی (بە) بەگیرەک دادەنێن.

زمانەوانەکان سەبارەت بە چۆنیەتی شیکردنەوەی وەرچەرخان دابەشبوون، هەندێکیان وایدادەنێن کە وەرچەرخان هەر گیرەک لکاندنە، تەنها ئەوە نەبێت کە گیرەکە سفرە یان بەتاڵە و بوونی نییە .واتەلەڕووی فۆنەتیکییەوە بوونی نییە وگۆناکرێت.کاتێک وەرچەرخان بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە پێیدەگوترێت: (سفر-گیرەک) کە لەوانەیە بتوانرێت لەڕووی ڕۆنانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بنوێنرێت:




هەندێکی دیکە پێیان وایە، کە وەرچەرخان جیاوازە لە گیرەک لکاندن و بەئاسانیش ئەوها لێکدەدرێتەوە کە تەنها گۆڕینی کاتێگۆرییەک بێت بەبێ گۆڕینی شێوەکەی. بڕوانە نمونەکەی سەرەوە.

بەپێی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، ناوە وەرچەرخاوەکان هیچ جۆرە ڕۆنانێکی ناوەوەیان نابێت، بەڵکو ئەوها حیسابیان بۆ دەکرێت کەجارێکی

دیکە بەکاتیگۆری کراین یان لە فەرھەنگی مێشکماندا لیستمان کردین. ئێمەش لێرەدا هیچ بڕیارێک لەبارەی ئەو دوو پۆلینکردنە نادەین.

## ٥ـ ئەکرۆنیم(ئەکرۆنیمی)

کاتێک پیتی یەککەمی وشەیەک ناوێک یان فرێزێک دروستدەکات و بۆ داهێنانی وشەی نوێ بەکاردەهێنرێت، بەرھەمهاتووەکە پێیدەوترێت ئەکرۆنیم. لە ئەکرۆنیمدا وشە نوێیەکە وەکو وشەیەک گۆدەکرێت زیاتر لەوەی وەکو زنجیرە وشەیەک گۆبکرێت. بۆ نموونە:

**پەکەکە پارتی کرێکارانی کوردستان**

سەبارەت بە وشەی پەکەکە بۆتە وشەیەکی باو و زۆربەی ئاخێوەرانیش پێی ئاشنان، بەڵام زۆربەشیان نازانن کە ئەمە ئەکرۆنیمە واتە؛ کورتکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستانە. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

**پەیەدە پارتی یەکێتی دیموکرات**

**پەیەژە پارتی یەکێتی ژنان**

کەواتە یەکێک لەڕێگاکانی دیکەی پەیدابوونی وشەی نوێ لە زماندا بریتییە لە ئەکرۆنیم. بێگومان ئەمەش ڕێگایەکی زۆر باوە کە بریتییە لەلێکدانی بڕگەی یەکەمی یان دەنگی یەکەمی دوو وشە یان زیاتر و خوێندنەوەیان بەیەکەوە. ئەم ڕێگایە لەسەر بنچینەی دەنگی یەکەمی هەر فرێزێک و هەر دەنگێکیش بەجیا دەنوسرێت کە ئەمەش بە ئەکرۆنیمی ڕێنوس ناودەبرێت. جۆرێکی دیکەی ئەکرۆنیم ئەوەیە کە تەنها دەنگی

پیتەکان دەخوێنرێتەوە واتە پیتەکان بەجیا دەخوێنرێتەوەو بەیەکەوە ناخوێنرێنەوە. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

**پ د ک پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ی ن ک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.**

بێگومان ئەم پرۆسەیە تەنها لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانەکانی دیکەشدا زۆر باوەو یەکێکە لەڕێگا چالاکەکانی داهێنانی وشەی نوێ لە زماندا. بەتایبەتیش زمانی ئینگلیزی. بۆ هەر دوو جۆری ئەکرۆنیم لە زمانی ئینگلیزیدا سەیری ئەم نمەنانەی خوارەوە بکە:

AIDS ئەکرۆنیمی Acquired Immune Deficiency Syndrome

USA ئەکرۆنیمی united station of America

UK ئەکرۆنیمی United Kingdom

NOW ئەکرۆنیمی National organization of women

من وای بۆدەچم کە دروستکردنی وشەی نوێ لەزمانی کوردییدا بەهۆی ئەکرۆنیمەوە تازە بێت و زیاتریش بەهۆی کاریگەریی زمانەکانی دیکەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە بە تایبەتیش زمانی ئینگلیزی.

## ٦ـ تێکەڵکردن – ئاوێتەکردن

تێکەڵکردن یان ئاوێتەکردن بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو وشە بۆ ئاکە وشەیەک. زۆربەی جاریش کەرتی یەککەمی وشەی یەکەم لەگەڵ کەرتی دووەمی وشەی دووەم تێکەڵ دەکرێن و وشەیەکی نوێ دروست دەبێت. وەک: *ڕۆڤار* لە ڕۆژنامە و گۆڤار دروستکراوە، هەروەها *سۆرمانجی* لە سۆرانی و کرمانجییەوە. ئەو وشەیەی کە لەئەنجامی تێکەڵکردنەوە دێتە بەرهەم هاوبەشی واتا بنەڕەتییەکەی هەر دوو وشە تێکەڵکراوەکەیە. بەشێکی زۆری وشە ئاوێتەکراوەکان یان تێکەڵکراوەکان وشەی ورد یان تایبەت نین. ئەمڕۆ لێرەن و بەیانی ڕۆیشتوون یان نەماون. تەنها کەمێکیان نەبێت کە دەبن بەبەشێک لە فەرهەنگی ستانداری زمانەکە. جێی سەرنجە، ئەو بەشانەی لێکسیمەکان کە یەکدەگرن بۆ دروستکردنی لێکسیمی نوێ خۆیان مۆرفیم نین. سەیری نمونەکانی ڕۆڤار و سۆرمانجی بکە. بەڵام دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە مەرج نییە هەموو کاتێک دۆخەکە بەو شێوەیە بێت واتە هەر دوو کەرتەکە خۆیان بێ واتا بن و مۆرفیمیش نەبن. بەڵکو کۆی بنجەکە یان گیرەکەکە بەکار دێت. (Lieber, ٢٠١٢, p.٥٢ -٥٣) بۆ نموونە ئێمە وای بۆ دەچین کە وشەی زانکۆ لە زانیین و کۆکردنەوەوە هاتبێت یان کوردسات لە کوردستان و سەتەلایتەوە هاتبێت. هەرچەندە کە تێکەڵکردن لە زمانی کوردییدا کە نەک تەنها پرۆسەیەکی بێ بەرهەمە بەڵکو دەگمەنیشە. وا پێدەچێت کە لەزمانەکانی دیکەشدا بەتایبەتیش زمانی ئینگلیزی تێکەڵکردن تا رادەیەک بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاربهێنرێت بەڵام نابێتە یەکێک لەڕێگا سەرەکییەکانی فۆرماندنی وشەی نوێ. لە زمانی کوردییدا لە گەلێک بوار و مەودای جۆراوجۆردا پەنادەبرێتەبەر ئەم پرۆسەی بەرهەم

هێنانە. بەڵام وابپێدەچێت کە تێکەڵکردن لەزمانی ئینگلیزییدا پڕۆسەیەکی بەرهەمتر بێت و وشە و لێکسیمی نوێ بەبەرهەم بهێنێت و هەر لەوێشدا وە کاریگەرییەکەی پەڕپێبێنێتەوە بۆ زمانەکانی دیکە بەتایبەتیش زمانی کوردی. سەیری ئەم وشە تێکەڵکراوانەی زمانی ئینگلیزی بکەو لەگەڵ نموونە کوردییەکاندا بەراوردیان بکە:

| | |
|---|---|
| Gasohol | from gasoline and alcohol |
| Brunch | from breakfast and lunch |
| Smog | from smoke and fog |
| Spanglish | from Spanish and English |
| Motel | from hotel and motor |

من وای بۆدەچم کە یەکێک لەو وشە نوێیانەی زمانی ئینگلیزی کە بەهۆی ئەم پڕۆسەیەوە دروستبووە، وشەی بریگزیتە کە لە وشەی (بریتن) و ( ئێگزیت) ەوە دروستبووبێت.

| | |
|---|---|
| Brexit | from Britain and Exit |

## ٧ـ پاشسازی : backformation

من لێرەدا خۆم زاراوەی پاشسازیم بۆ زاراوەی backformation ئینگلیزی داڕشتووە. زاراوەکە نوێیە و واپێدەچێت کە یەکەم جاربێت کە لە زمانی کوردیدا بەکاربهێنرێت، بۆیە لەوانەیە لەسەرەتادا بەئاسانی لەلایەن خوێنەرانەوە وەرنەگیرێت و ببێتە مایەی سەرنج و ڕەخنە. بەلام زاراوەیەکی گونجاوترم بۆ ئەم ئەم پرۆسەیە نەدۆزییەوە و لە هەندێ سەرچاوەکانی دیکەدا بۆ ئەم زاراوەیە (دروستکردنی وەگەڕاوە) بەکارهاتووە. بڕوانە: د. محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠،ل،١٦١ بۆیە بەپێویستم زانی کە ئەو زاراوەیەش بەرامبەر بەزاراوە نوێیەکە بنوسم و خوێنەریش ئازادە کە وا کامیان پەسەند دەکات و لەداهاتووشدا کامیان بەکاریان دەهێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە کاتێک وشەیەک دادەڕێژین یان دەمانەوێ وشەیەکی داڕێژراو دروستبکەین، ئەوا گیرەکێک بۆ بنجێک زیاد دەکەین؛ بەواتایەکی دی؛ دەبێت بنجەکە پێش وشە داڕێژراوەکە بەهۆی گیرەکەکەوە هەبووبێت. ئێمە بە ڕەگی کاری (نوس) دەست پێدەکەین ناوی کارای نوسەر دروست دەکەین بەهەر حاڵ؛ هەندێ جار لەڕووی مێژووییەوە هەندێ بنج هەن کە تاک مۆرفیمیین بەڵام کۆتاییان بە زنجیرە دەنگێک دێت کە هاوشێوەی گیرەکێکی دیاریکراون، واتە؛ وەک گیرەک دێنە بەرچاو و کاتێک ئاخێوەرەکانیش ئەو جۆرە وشانە بەکاردەهێنن وای بۆدەچن کە وشەی ئاڵۆزبن زیاتر لەوەی کە وشەی سادەبن. لەو جۆرە وشە سادانە هەندێ وشە دادەهێنرێت کە پێیدەوترێت پاشسازی. ئەوەی کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە دادەهێنرێت پێیدەوترێت پاشسازی. بۆزیاتر ڕونکردنەوەی

بابەتەکە بۆنمونە ئەگەر یەکێک لێت پرسیێت: ئەرێ feeper لەزمانی ئینگلیزیدا چی دەگەیەنێت یان چ دەکات؟ لەوانەیە ئەوها وەلام بدەیتەوە: ئەوەی feep دەکات. بێگومان بۆیە ئەو وەلامە دەدرێتەوە چونکە لە ناوەیشکدا هەندێ جوتە وشەی وەک tell – teller, reap – reaper, write – whriter, sing – singer هەیە بۆیە لەوانەیە بەنائاگایی لەسەر بنەمای ئەنالۆجی ئەو فۆرمانە وشەی feeper دەبێ بەپارالێل فۆرمی کارێی وەک feep دروست دەبێت بەهەمان شێوە سەدان سال بەر لە ئێستا دوای هاتنەوە ناوەی ناوەکانی وەک peddler, beggar, swindler, editor بۆ ناو زمانی ئینگلیزی ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزیش شوێن پێی هەمان ئەنالۆجیان دەگرنەبەر کارەکانی peddle, beg, swindle, edit یان داهێناوە.

کرۆکی ئەو پرۆسەیەش سەرەڕای رونکردنەوەکەی سەرەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەڕووی مێژووییەوە هەندێ وشەی تاک مۆرفیمی هەن. بەلام لەبەر ئەوەی برگە کۆتاییەکەیان لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە هاوشێوەیە لەگەڵ پاشگری دروستکردنی ناوی کارا (er) وەک وشەکانی سەرەوە بۆیەوایدادەنێن کە ئەو وشانە وشەی ئالۆزین زیاتر لەوەی کە وشەی سادە بن بۆیە پێیان وایە کە پێشتر وشەکانی وەک : peddle, beg, swindle, edit هەبووین و دواتر پاشگری بۆ زیاد کرابێت (er) بۆ زیاد کرابێت بوبێتن بە: tell – teller, reap – reaper, write – whriter, sing – singer

بەلایەنی کەم لە سەرەتادا هەندێ لە ئاخێوەرە رەسەنەکانی زمان پاشسازی بە پێچەوانەو ناوێزەیەکی دەنگیی دادەنێن یان ئەم پرۆسەیە تەواو بەپێچەوانەی میتۆدی وشە دروستکردن دادەنێن، بەلام لەگەڵ

ئەوەشدا پاشسازی ئەمڕۆ پرۆسەیەکی چالاکە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و تاراددەیەکیش وەکو پرۆسەیەکی دروستکردنی وشە بەهۆی داڕشتنەوە دەناسێنرێت. ( سەرچاوەی پێشوو، ل. ٥١-٥٢)

شایانی باسە، جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەینەوە کە ئەم پرۆسەیەش هاوشێوەی هەندێ لە پرۆسەکانی دیکە بە واتای وشەداهێنان ناچنە ناو پرۆسەی وشە داهێنانەوە. وشە نوێیەکانی بەرهەمی پرۆسەکانی پاشسازی و ئەکرۆنیمی، گشتیان لەلایەن ئاخێوەرانەوە پەسەند ناکرێن و ناچنە ناو فەرهەنگی زمانەکەیانەوە و نابن بەبەشێک لە فەرهەنگەکەی. هۆکارەکانی ئەو پەسەندنەکردنەش بەگشتی نەزانراون و دەشێت هۆکاریی زمانەوانیی یان کۆمەڵایەتیی بن. (بڕوانە: د. محەمەدی مەحویی، ٢٠١٠، ل ١٦٦).

## ٨- بڕینەوە(لێکردنەوە) - Clipping

هەر دوو زاراوەکانی ( کە لێرەدا مەبەستم بڕینەوە یان لێکردنەوە) یە، من بۆ زاراوە ئینگلیزییەکەی Clipping م داهێناوە. لەهەندێ سەرچاوەی دیکەدا زاراوەکانی (پارچەکردن، پەرتکردن، وردکردنەوە، پارچەلێوەرگرتن) بەکارهاتووە. بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٠، ل. ٣١ و د. محەمەدی مەحویی، ٢٠١٠، ل. ١٦٠.

زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو پرۆسەیە دەکات کە بەهۆیەوە کە وشەیەکی دوو برگەیی یان زیاتر ( کە هەمیشە ناوە)، کورتدەکرێتەوە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە ئەرکەکەی ڕووبدات. ئەم ڕێگایەی وشەسازدان پشت بەڕۆنانی برگەیی وشە دەبەستێت نەک ڕۆنانی مۆرفۆلۆجیی. لەم پرۆسەیەدا پەیوەندی نێوان وشە دروستکراوەکە و بناغەکەی لە کەمیی پێکهاتەی

فۆنەتیکیی وشە دروستکراوەکەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەکانی:

, gymnasium, laboratory, photograph, professor و examination, , Advertisement هەر هەموو ئەو فۆرمانە بەشێوەیەکی گشتی بەفۆرمە بڕاوەکەیان یان لێکراوەکەیان بەکاردەهێنرێن:

exam, ad or advert, gym, lab, photo, prof

لە زمانی عەرەبیشدا لەکاتی هەندێ جۆری مەشق و ڕاهێنانی سەربازیدا وشەکانی (یسار، یمین) فۆرمە بڕاوەکاوەکانیان دەبێتە (یس، یم) لە قورئانی پیرۆزیشدا فۆرمی بڕاوە یان لێکراوەی یاسین، (یس) کە بە یاس دەخوێنرێتەوە، بەڵام نازانم ئایا ئەوانە دەچنە خانەی فۆرمی بڕاوە یان نا؟ ئەو پرسیارە و هێنانەوە و بەرجەستەکردن و وەبەرهێنانی ئەو پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا تاڕاددەیەک بە کراوەیی بۆ سەرنج و تێبینیەکانی خوێنەر بەجێدەهێڵم. بەشێوەیەکی گشتیش فۆرمە بڕاوەکان یان لێکراوەکان لە هەڵوێستە ڕەسمییەکاندا کەمتر بەکاردەهێنرێن لە فۆرمە درێژە یەکسانەکانیان. ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا بەبەرهەم نییە، هەندێ سەرچاوە هەندێ فۆرمی کورتکردنەوە یان بچووکردنەوەی ناوی تایبەتی بە فۆرمی بڕاوە یان لێکراوەیان داناوە و ئەم نموونانەی خوارەوەشیان وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان هێناوەتەوە: ئەرمین عومەر، ٢٠١٠ن ل. ٣١ و د. محەمەدی مەحویی، ٢٠١٠، ل. ١٦٠

شادە فۆرمی بڕاوەی شادان

سۆزە فۆرمی بڕاوەی سۆزان

ئەحە فۆرمی بڕاوەی ئەحمەد

خولە فۆرمی بڕاوەی مەحموود

ئەسە فۆرمی براوەی ئەسرین

بەڵام بە بۆچوونی من ئەمانە نابنە فۆرمی براوە یان لێکراوە، راستە کە بناغەکان بەشێوەیەک لەشێوەکان کورتکراوەتەوە یان هەندێ چارچەی لێکراوەتەوە و گۆڕانیان بەسەرداهاتووە بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕەچاوی یاساکانی بڕینەوە نەکراوە، چونکە کرۆکی ئەو پرۆسەیە بڕینییە لە بچووکردنەوەی قەبارەی وشەیەک. بەواتایەکی دیکە، ئەو وشانەی کە فرە برگەیین، برگەیەک یان زیاتریان لێ دەقرتێنرێت و تەنها پارچەیەک یان برگەیەکیان لێ وەردەگیرێت. زیاتر ئەو برگانەش دەمێننەوە کە هێز تێیاندا کۆدەبێتەوە ئەو برگانەش فرێدەدرێن کە لەڕووی هێزەوە لاوازن. بۆیە ئەو فۆرمە کورتکراوانە زیاتر دەبنە ناوی بچووکراوە لە زمانی کوردییدا. هەرچەندە لە هەندێ سەرچاوەی بیانیشدا هەندێ جۆری نازناو(کنیة) و ناوی خواستراو و فۆرمی بچووکراوە بە وشەی براوە دانراون. وەک: pete from peter, sue from susan, jeff from Jeffrey, chris from Christopher

وا پێدەچێت نمونە کوردییەکانیش تاڕاددەیەک لاسایی ئەو سەرچاوە بیانیانەیان کردبێتەوە تەنانەت نمونەکانیش تاڕاددەیەک هەمان نمونەن، بەڵام ناوی بچووکراوە و ئەو ناوانەش کە لەزمانی عەرەبیدا بەشێوەیەک لەشێوەکان هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە تەنها بچووکردنەوە نییە لەڕووی قەبارەی وشەکان لەڕووی ژمارەی برگەکانەوە، بەڵکو زۆر جار ژمارەی برگەکان هەر وەکو خۆیەتی تەنها گۆڕان بەسەر جۆری برگەکاندا هاتووە. بۆ نمونە لە برگەی داخراوەوە بۆ برگەی کراوە یان بەپێچەوانەوە. سەیری ئەم نمونانەی خوارەوە بکە:

پەروین > پەرە

ئەحمەد > ئەحە

ئەسرین > ئەسە

یان هەندێ جار فۆرمە بچووکراوەکە بەشێوەیەک دەگۆڕێت کە هیچ پەیوەندی بە بڕینەوەوە نییە و بە هیچ یاسایەکی ڕێزمانی و دەنگسازییان ناتوانی بیگەڕێنیتەوە سەر فۆرمە بنەڕەتییەکەی خۆی، بڕوانە:

مەحموود > خولە

مستەفا > مچە

مەجید > مەچکۆ، مچۆڵ

فاتمە > فاتێ، فاتۆڵ

ابراهیم > بلە

بەلام لەگەڵ ئەو هەموو ڕوونکردنەوانەشدا؛ لەوانەیە لەزمانی کوردیدا، چەندین ڕێگای تری وشە دروستکردن هەبێت، هەروەها وشەو لێکسیمی زۆر دانسقە و دەگمەنی وا هەبێت کە بەهۆی کۆی پرۆسەکانی وشە سازدانەوە بە بەرهەمبێن، بەلام لەوانەیە من بەرچاوم نەکەوتبێت یان نەمتوانیبێت بیاندۆزمەوە. بۆیە داوا لە خوێنەرە بەڕێزەکانی ئەم کتێبە دەکەم کە بەچاوی ڕەخنەوە سەرجەم بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە بخوێننەوە و زۆر سوپاسیشیان دەکەم کە بتوانن بەسەرنج و تێبینیی و هێنانەوەی نمونەی زیاتر و ڕاستکردنەوەی ئەو نمونە و بابەتانەی کە من لەوانەیە بەهەڵەدا چووبم، یان نەمتوانیبێت و توانام هەر ئەوەندە بووبێت، یان بۆم نەدۆزرابێتەوە بابەتەکان فراوانتر و دەوڵەمەند تر و ڕاستیی تر بکەن.

### داهێنان و بەرهەمهێنیی:

لەم بەشـەدا دەمـانەوێ بـزانین  کە تـا چ رادەیەک یاسـاکانی وشەسازان دەتوانن وشـەی نوێ بەرهەمبهێنن؟ هەر لێرەشدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کەنامەی ماستەرەکەی نەرمین عومەر ئەحمەد کە ناونیشانی بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلـۆژیی کوردییـدایە، بەبۆچـوونی مـن نامەیەکی زانستیی زۆر گرنـگ و پڕ بەهـایە بۆ ئەم بـابەتە و زۆربەی لایەنەکانی بەبەرهەمیی رونکردۆتەوە. بێگومان ئەمەش وامان لێدەکات کە بەخێرایی بەسەر ئەو بابەتەدا تێبپەڕین و ئەگەر بتـوانین  باسـی هەنـدێ لایەنی ئەو بابەتە بکەین کە لەوانەیە لە نـامەکەی نـاوبراودا بەشێوەیەکی جیـاواز باسـکرابێت. ئـێمە لەم بەشـەدا هەوڵـدەدەین  لەو هۆکـارانە بکۆڵینەوە کە بەشداری لە بەرهەمهێنـانی وشـەی نوێدا دەکەن، هەروەها ئەو هۆکارانەش کە پرۆسەی بەبەرهەمیی وشـەی نـوێ کۆتوبەنـد دەکەن. لەهەمـان کاتـدا دیراسـەی ئەوەش بکەیـن کە  وا ئـێمە چۆن دەتـوانین بەبەرهەمیی یان بەرهەمهێنان بپێوین؟ سـەیری ئەوەش دەکەین کە چۆن پرۆسـەکانی وشـە سـازدان بەتێپەڕبـوونی کـات گۆڕانیـان بەسـەردا دێت. هەروەها دیراسەی ئەوەش دەکەین کە چۆن قسـەکەری ڕەسـەنی زمانێـک دەتـوانێ ئەو یاسـایانەش بەکاربهێنێـت کە نەزۆکـن یـان  بـێ بەرهەمـن لەپرۆسەکانی داهێنانی وشـەی نـوێ بـۆ کـاریگەری هەوەس و  و گـاڵتە و گەپەکـان. کە زۆرجـار بەڕێگەپێـدراوی شـاعیرانە نـاو دەبـرێن. بۆزانیـاری زیاتر دەربارەی بەرهەمهێنیی بڕوانە : نەرمین عومەر ئەحمەد:٢٠١٠ هەروەها Laurie Bauer(١٩٩٣):٦٠-٦٥ , Katamba. (١٩٩٣):٦٥-٨٣

سەرەتا:-

سەیری نموونەکانی (١) بکە:

(١) ا. گەرم ی گەرمی

ب. ڕاست ی ڕاستی

پ. خوێڕی یەتی (ێتی) خوێڕیەتی (خوێڕییێتی)

سەرسەری یەتی (ێتی) سەرسەریەتی (سەرسەرییێتی)

پ. دۆست ایەتی دۆستایەتی

کەر ێتی کەرێتیی

ت. پیاو ەتی پیاوەتی

لە هەر یەکێک لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا، ئێمە ئاوەڵناوێکمان هەیە و ناوێکی مەعنەویمان لێداڕشتووە، لەوانەیە لەیەکەم گوزرەرکردندا گریمانەی چوار ئەگەری داڕشتنی لێکسیم بکەین.

(٢) ا. یاسایەک بۆ (ی): بەئاوەڵناوەوە دەلکێ و ناو دادەهێنێت. بۆ مانای بنجەکەش، X، ناوە داڕێـژراوەکەش واتای حاڵەتی بوون بە X دەگەیەنێت.

(ب) یاسایەک بۆ (یەتی- ێتی) : بەئاوەڵناوەوە دەلکێ و ناو دادەهێنێت. بۆ مانای بنجەکەش، X ، ناوە داڕێژراوەکەش واتای حاڵەتی بوون بە X دەگەیەنێت.

(پ) ا. یاسایەک بۆ (ایەتی): بەئاوەڵناوەوە دەلکێ و ناو دادەهێنێت. بۆ مانای بنجەکەش، X ، ناوە داڕێژراوەکەش واتای حاڵەتی بوون بە X دەگەیەنێت.

(ت) یاسایەک بۆ (ەتی): بەئاوەڵناوەوە دەلکێ و ناو دادەهێنێت. بۆ مانای بنجەکەش، X ، ناوە دارێژراوەکەش واتای حاڵەتی بوون بە X دەگەیەنێت.

پاشگری (ی، یەتی (ێتی)، ایەتی، ەتی) ناوی مەعنەوی دروستدەکەن، ئەو جۆرە ناوانەش مانای تەجرید ( ئەبستراکت) دەبەخشن و واتای نەوعیەت و خاسیەت و بارو جۆری چالاکی ...... ان تێدایە. بەڵام لەهەر دوو دیالێکتی سەرەکی کوردی( ناوەڕست و ژووروو) دا، لەنێو ئەو پاشگرانەی کە یاریدەی ڕۆنانی ناوی دارێژراو دەدەن (ی) ناوی مەعنا لە هەموان چالاکترە و دەچێتە سەر بەشە ئاخاوتنێک ( بەزۆری ناو ئاوەڵناو و دەیانکاتە ناوی مەعنا ( ئەورەحمانی حاجی مارف، ناو، ١٩٧٩، ١١٥ – ١١٦). شایانی باسە دکتۆر فاروق عمر سدیق یش هەمان ئەو ڕایەی هەیە کە پاشگری (ی) لە پاشگرەکانی تر زۆر چالاکتر و بەبەرهەمترە بۆ دروستکردنی ناوی مەعنەوی. سەیری ئەم نمونانەی خوارەوە بکە:

( پیری، درێژی، پانی، تاڵی، ڕاستی، خۆشی، بلیمەتی، جوانی، تاریکی، روناکی، ئەستووری، ئازادی، هەژاری، کوێری، توندی، شێتی، ڕزگاری، نەگبەتی، بەرزی، نزمی، نەمری، ناچاری، بێشانسی، بێهێزی، دەوڵەمەندی، ساختەبازی، فێڵبازی، چەنەبازی، پاک و تەمیزی، گورج و گۆڵی، دڵسۆزی، دڵتەنگی، کەم و کوڕی، .هتد) (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥، ل. ٥٠٠ – ٥٢٠).

ئەو ناوە ئەبستراکتانەی کە بەیارمەتی سۆفێکسی ( ی) پێکهاتوون وەک لەسەرەتاوە وتمان: یان حاڵەتێک پێشان دەدەن وەک: هەژاریی، پیریی، خۆشیی ...هتد، یاخود خاسیەتی شتێک و نیشانەی شتێک

پێشان دەدەن وەک : ئەستووریی، نەرمیی، .. هتد، یان ناوی کارێک و جیاکردنەوەی جۆری ئەو کارە لەکارەکانی تر پێشان دەدەن وەک: مامۆستایی، جوتیاریی، ئاسنگەریی، جۆلایی، یا جۆری شتێک پێشان دەدەن وەک: چاکیی، قایمیی،...هتد. ( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٥٠٠ – ٥٢١. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە سۆفیکسی (ی) کە بەئەسڵ دەچێتەوە سەر سۆفێکسی ئێرانی کۆن (ئیە h Ī) ج ڕۆڵێکی گەورە لە مەیدانی وشەسازیی لە زمانی کوردیدا دەبینێت. ( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥، ل. ٤٩٥ (وشەسازی لە زمانی کوردیدا، فاروق عمر دیق، ل. ٤١٧ – ٥٢٣). بەڵام بەڕای مسعود محمد لە کوردیدا پاشگری تر هەیە زۆر چالاکترە لەم سۆفیکسەی (ی) ئەبستراکت. لەو ڕووەوە هەر جارەی ڕۆڵێک دەبینێت وەک پاشگری (ە) کە لەم نمونانەدا دەبینرێت:

چاک: چاکە
درێژ: درێژە } لێرەدا وشەکان بون ئەبستراکت
کورت: کورت

ناو ناوە :
جارجارە : } وشەکەی کردە ئاوەڵکار

سەر: سەرە
دەست : دەستە } وشەکەی کردە ئاوەڵناو
سەرەژن، دەستەکچ

خورپە:

ئەقە: ناوی دەنگی دروستکرد

گرمە:

خول : خولخولە ناوی ئامرازە (اسم الآلة) لە خولانەوەوە

مژ : مژمژە ناوی بەرکارە ( اسم المفعول) لە مشتنەوە

سەر: سەرە ناوی جێگەن. دەگوترێ گای سەرە، گای بنە

بن : بنە

ئەم پاشگرە واتای تریش دروست دەکات ڕەنگە هەندێک لەم ڕێژانە لە مێژوودا شکڵی تریان هەبووبێت. وەک دەبینرێت پاشگرەکە بەهۆی خودی خۆیەوە واتا گۆڕی دەکات چونکە هەر جارە وشەکە بەلایەکدا دەشکێنێتەوە، وەک (ی) ئەبستراکت نییە کە هەر واتای تەجریدی دروست دەکات .

● پاشگرەکانی پاشگری (ی، یەتی (ێتی)، ایەتی، ەتی) تەنها ناچێتە سەر ئاوەڵناو و ناوی داڕێژراو دروست بکات، بەڵکو دەچێتە سەر بەشەکانی تری ئاخاوتنی وەک ناو و ئاوەڵکاریش و ناوی داڕێژراو دروستدەکات. بڕوانە:

کوردی، عەرەبی، بەرازیلی، برایی، جۆلایی، بەننایی، منداڵی، ...هتد.

● لەوانەیە لەهەندێ حاڵەتدا بتوانین زیاتر لە پاشگرێک هەڵبژێرین. بۆ نموونە:

کورد > کوردی - کوردایەتی، کوردینی ( ئەم ڕێژەیە تایبەتە بەهەندێ ناوچەی دیاریکراو لە شێوەزاری گۆراندا)، برا > برایی - برایەتی، بەرز > بەرزیی - بەرزایی، ......هتد.

● مرۆفیمی (ی) و- ئەگەر بتوانم بڵێم ئەلۆمۆرفەکانی- هەر تەنها ناوی مەعنەوی دروست ناکەن، بەڵکو ڕۆڵێکی زۆر چالاک و کاریگەریش دەبینن لە دروستکردنی ناوی نەسەب. بۆ نمونە: هونەری، بەهەشتی، جیهانی، شیرازی، بەرازیلی (لێرەدا مەبەست ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلە نییە کە بەبەرازیلی بەناوبانگ بوو)، سەدمەتری، پێنج تەنی، باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، جافایەتی، جەباری، میراودەلی،......هتد.

سەیرێکی ئەو گشتاندنەی ( نیسبەتی کوردی) ئەوەیە کە ئەگەر (ی) نیسبەتت خستە سەر ناوی گەل یا هۆز ئەوەی پەیدا دەبێت نابێتە مرۆڤ، بەڵکو دەبێتە زمان یا عادەت یا پۆشاک. ئەمەش بەپێچەوانەی زۆربەی زمانانی تر. بۆنمونە (کوردی) مرۆڤی کورد نییە، (بڵباسی) یش کابرای بڵباس نییە، بەڵکو یەکەمیان زمانی کوردییە و دووەمیشیان نەریت یا پۆشاکی بڵباسە. کە گوتت (Kurdish) بۆ زمان و مرۆڤ وەک یەکە، هەروەها لە عەرەبییدا (كردي) بۆ پیاوی کورد و (لسان الكرد)ە.

سەرچاوەی پێشوو، ل. ٤٨٥.

● ئەو بابەتە گەلێک باس و سەرە باسی کورت و مامناوەندی لێ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر لە ناوەڕۆکی ئامانجی سەرەکی بابەتەکە دوور نەکەوینەوەو باسەکەش بەلاڕێدا نەبەین، ئامانجی سەرەکی ئێمە لێرەدا داهێنـــان و بەرهەمهێنانە (یـــان بەبەرهەمیـــی)ە، هەر دوو زاراوەکەش

بەشێوەیەکی فراوان لە زمانەوانیی بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێن. ئەم دوو زاراوەیە لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا وەک هاوواتای یەکتری بەکارهاتوون، واتە؛ بەرهەمهێنان توانای زمانە مرۆییەکانە بۆ بەکارهێنانی هۆکاری سنووردار لەپێناو داهێنانی ژمارەیەکی دیارینەکراو و بێسنور لە دەربڕاو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەزۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بەرهەمداری وەک ئەدگایێکی مۆرفۆلۆجییانە دانراوە. هەرچەندە هەندێک لێکۆڵینەوە ئاماژە بۆ بەرهەمداری سینتاکسی و بەرهەمداری فۆنۆلۆجیی و بەرهەمداری سیمانتیکیش دەکەن لەمبارەیەوە. بەڵام کاتێک کە دەڵێین بەرهەمداری ئەوا مەبەستمان لە گشت ڕێزمانە، بەتایبەت کە مۆرفۆلۆجیش بەشێکە لە ڕێزمان. بەرهەمداریش لە مۆرفۆلۆجییدا بریتییە لە ڕاددەی گونجاویی گیرەکێک بۆ بەکارهێنانی لە داڕشتنی وشەی نوێدا. ئەم پێناسەیە لای زۆربەی زمانەوانەکان دووبارە دەبێتەوە، چونکە ڕاددەی بەبەرهەمی گیرەکەکان لەهەموو زمانەکاندا لە گشت جۆرەکانی دیکەی وشە بەرهەمهێنان زیاترە.


## ئەو فاکتەرانەی ڕێگە بۆ بەرهەمهێنیی خۆشدەکەن

کۆمەڵێک فاکتەر ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکەن کە وا ئێمە تا چ ڕاددەیەک دەتوانین پرۆسێسە مۆرفۆلۆجییەکان بۆ داهێنانی وشەی نوێ بەکاربهێنین. ئەو فاکتەرانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١ـ شەفافیەت:

مەبەست لە شەفافیەت ئەوەیە کە ئەو وشانەی کە بەهۆی پرۆسەی شەفافبوونەوە بەبەرهەمدێن بەئاسانی دەتوانرێت کەرت کەرت

یاخۆ (سیەگوێنەکانیان دیاریدەکرێن)، وەک ئەوەی کە پەیوەندییەکی یەک بۆ = یەک لەنێوان فۆرم و واتاکانیاندا هەبێت، بەواتایەکی دیکە



گیرەکێک بەبنچینکەوە دەلکێنین فۆرمەفۆنۆلۆجیەکە (تەلەفوزکردنەکەی) هەردوو مۆرفیمەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، وشە داڕێژراوەکەش هەمان ئەو واتایەی هەیەکە بەهۆی زیادکردنی واتای گیرەکەکە بۆ واتای بنچەکە پێشبینی لێدەکرا. بڕوانەی ئەم نموونانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| پیر | پیری |
| درێژ | درێژی |
| پان | پانی |
| تاڵ | تاڵی |
| ڕاست | ڕاستی |
| خۆش | خۆشی |
| جوان | جوانی |

| | |
|---|---|
| تاریک | تاریکی، تاریکایی |
| هەژار | هەژاری |
| کوێر | کوێری |
| بەرز | بەرزی، بەرزایەتی |
| گەنج | گەنجێتی، گەنجایەتی |
| کەر | کەرێتی یان کەرایەتی |
| گێل | گێلێتی یان گێلایەتی |
| شێت | شێتی، شێتێتی یان شێتایەتی |
| خز | خزمایەتی |
| کەم | کەمایەتی |
| زەرد | زەردێنە |
| کەسک | کەسکایەتی |

لەهەموو نمونەکاندا بەئاسانی دەتوانین وشە ئاڵۆزەکان دابەش بکەین بۆ بنج و گیرەک. بنجەکان چ بەتەنها بن یان لەگەڵ گیرەکەکاندا بن هەمان تەلەفوزیان هەیە، گیرەکەکەش هەمیشە ناوێک دروستدەکات کە بەواتای حاڵەتی بوون. 'ئاوەڵناو' (هەر چ ئاوەڵناوێک بێت) ئەو وشانەی کە بەهۆی گیرەکی (ی) دێنە بەرهەم هەمیشە زۆر شەفافترن لەو وشانەی کە بەهۆی گیرەکەکانی (ایەتی، ێتی، ێنە) وە دادەهێنرێن. (ایەتی) لەوانەیە کەمتر شەفاف بێت، لەوانەیە تۆ ئەمە نەبینی بەڵام کاتێک وشەیەک بەرێنوسی کوردی دەنوسرێت کاتێکیش کە تەلەفوزی دەکەین دەبینین کار لە گۆڕینی هێز و فۆرمی فۆنۆلۆجی بنجەکە دەکات. بەڵکو کار لەڕۆنانی ژمارەی برگەکانیشی دەکات. بۆ نمونە هەر هەمو ئەو وشە یەک برگەییانەی کە بەهۆی گیرەکی (ی) دادەهێنرێن هەرهەموویان دەبنە

وشـەیەکی دوو برگەیی بـڕوانە نمونەکـانی سـەرەوە ئەوانەی کە بەهـۆی گیرەکـی (ی) یەوە دروسـتبوون، بەڵام ئەو وشـانەی کە بەهـۆی گیرەکانی (ایەتی، ێتی، ێنە)وە دروستبوون، هەندێکیان سێ برگەیی و هەندێکی تریـان چـوار بـڕگەییین. ئەمە لەلایەک لەلایەکـی دیـکە، ئەوە بنجانەی کە پێش ئەوەی گیرەکی (ی) بچێتە سـەر خۆیان لە دوو بڕگە پێکهـاتوون و هێـزەکەش لەسـەر بـڕگەی یەکـکەمە، دوای زیـادکردنی گیـرەکەش (ی) وشـەکە هەر بە دوو برگەیـی دەمێنێـتەوە و تەنـانەت هێـزەکەش شـوێنی خـۆی ناگۆڕێـت. بـڕوانە وشـەکانی (جوانی، بەرزی، درێژی، ...هتد)، هەندێک جار تەنها کار لە هێزەکەی ناکات بەڵکو کار لە سەگمێنتە فۆنۆلۆجییەکەی بنجەکەش دەکات. لەوەش زیاتر هەنـدێ وشـە کە بەهـۆی گیرەکی (ایەتـی، ێـنە، ێتـی)یەوە دادەهێـنرێن، ناتوانێـت ئەو واتایە بدات بەدەستەوە کە لەئەنجامی یەکگرتنـی واتـای بنـجەکە و واتـای گیرەکەوە هاتۆتە ئاراوە. بڕوانە نمونەکانی بەشەکەی پێشوو.

## أ- لێکسیکاندن:

شان بەشـانی بیـرۆکەی شـەفافیەت، بیرۆکەیەکـی تـری پەیوەسـت کە دەتوانین پێی بڵێین (لێکسیکاندن). کاتێـک وشـەیەکی داڕێـژراو واتـایەکی ناشەفاف وەردەگرێت، بەواتایەکی دیکە واتای وشە داڕێـژراوەکە لە واتـای کـۆی کەرتەکـانییەوە نـایەت، ئەو کـاتە بەو جـۆرە وشـەیە دەگوترێـت بەلێکسیکبوو. ئەو وشانەش کە واتاکانیان لە واتای کـۆی کەرتەکانیانەوە دێت پێیـان دەگوترێـت (پێکهـاتەیی). کەواتە وشـە بەلێکسـیکبووەکان واتایەکی ناپێکهاتەییان هەیە. بـۆ نمـوونە وشـەکانی (دەمەوەر، خنجیلە، سەرچڵ، نانەوا، پێشەوا، سەرباز، هتـد) واتـای ا پێکهاتەییـان هەیە، واتە

لە ئەنجامی گەشەیەکی لێکسیکاندنەوە هاتوونەتە ئاراوە. هەندێ جاریش واتای هەندێ لە وشە دارێژراوەکان تەواو لەواتا پێکهاتەییەکانیان رادەمالێرێن واتە؛ لەرێرەوی خۆیدا لادەدات و زۆر زەحمەتە خەیال بۆ واتا پێکهاتەییەکانیان بچێت. بۆ نمونە: وشە دارێژراوەکانی وەک:

ماستاوچی، کلاوچی، سەختەچی، یان هەندێ لەو وشە فرێزانەی کە بوون بە ئیدیەم. وەک: چنگ لەسەر شان، شول لێ هەڵبرپینن لەگوێی گادا نووستووە، هتد. یان بۆ نمونە وشەیەکی وەک: قورمیش، پارچەیەکی سەعاتە دوای بیرکردنەوەیەکی کەم لەوانەیە بزانی بۆ ئەم ناوەی لێنراوە، کە بۆ کۆککردنی سەعاتە.

## ٣ـ لەرینەوە:

من لەرینەوەم بەرامبەر زاراوەی ئینگلیزی (frequency) بەکارهێناوە و هەندێ سەرچاوە (چەمکی فرەجاری) بۆ بەکارهێناوە. بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠) ل، ١٦ مەبەستیش لە لەرینەوە، لەرینەوە یان ژمارەی جارەکانی ڕودانی جۆری بنجەکانە. بەم هۆیەوە، من مەبەستم ژمارەیەکی جیاوازی ئەو بنجانەن کە لەوانەیە لەبەردەستدابن بۆ ئەوەی کە گیرەکانیان پێوە بلکێت و لەئەنجامیشدا وشەی نوێ دێتەبەرهەم. دەتوانین لەرینەوە بۆ دوو جۆر دابەش بکەین:

ا. لەرینەوەی جۆر: ئەم جۆرە هەندێ جار بەلەرینەوەی فەرهەنگی ناودەبرێت. گرنگی بە ژمارەی ئەو یەکە زمانییە هەبوانە دەدات کە دەکەونە چوارچێوەی پرۆسەیەکەوە. بۆ نمونە لەرینەوەی جۆر بۆ

پاشگری / ric- /، تەنها یەک جارە. چونکە ئەم پاشگرە تەنها لە یەک وشەدا دەبینرێت. بڕوانە:

/ bishopric / یاخود لەرینەوەی جۆر بۆ پاشگری / ter- / دوو جارە، چونکەتەنها لە دوو وشەدا دەبینرێت. ئەم جۆرە لەرینەوەیە لە زمانی کوردیشدا زۆر بەزەقی لە گەلێک نمونەدا هەستی پێدەکرێت. سەیری ئەم وشانەی خوارەوە بکە:

ناقیکردنەوە، تەمبێ کردن، فسە زمان، خۆتێ هەلقورتاندن، ...هتد. کە لەوانەیە ( ناقی، تەمبێ، فسە، قورتان) لەوانەیە یەک جار وتەنها لەو وشانەشدا بەدەربکەون. لەرینەوەی جۆر ئاماژەیە بۆ ژمارەی وشە جیاوازەکان لە پۆلێکدا. زۆر جار ناکرێت لەرینەوەی جۆر لە زماندا بڕیاری لەسەر بدرێت. وەک ئەو وشانەی پێشەوە. تەنها لە هەندێک باردا لەرینەوەی جۆر دەتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت بۆ نمونە وەک ئەو وشانەی کە لە: (The Oxford English Dictionary)

ئەم چەشنەی لەرینەوەی جۆر لە دەرەوەی فەرهەنگیش دەکرێت و دەتوانرێت بۆ دیاریکردنی ژمارەی گیرەکە گەردانییەکانیش سودی لێببینرێت.

## أ- لەرینەوەی نیشانەیی: token frequency

هەندێک جار بە دەقە لەرینەوەش ناودەبریت. گرنگی بەژمارەی جارەکانی دووبارەبوونەوەی وشەیەکی داڕێژراو دەدات لەبەکارهێناندا. ئەمەش زیاتر لەدەقێکی نوسراودا دیاریدەکرێت و ئاماژەیە بۆ ژمارەی دەرکەوتنی وشەیەک لەو دەقەدا. لەو جۆرە لەرینەوەیەدا دەکرێت ژمارەی دووبارەبوونەوەی گیرەکێک یان پرۆسەیەک لە چوارچێوەی دەقێکدا

دیاریبکرێت. بۆ لەرینەوە بڕوانە: ئەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠) ل، ١٦ و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

## ٤ـ بەکەڵکیی (سودبەخشیی):

فاکتەری کۆتایی کە دەتوانێت ڕێگە بۆ بەهەمهێنانی وشی نوێ خۆش بکات ئەوەیە کە ڕەنگە ئێمە بتوانین ناوی بنێین (بەکەڵکیی – سودبەخشیی). پرۆسێسێکی فۆرماندنی لێکسیمێک تا ئەو ڕاددەیە بەسودە کە قسەکەرێکی زمانێک پێویستی بەجۆرێکی تابەت لە وشەی نوێدا دەبێت. هەروەها هەمیشە بەسودیش دەبێت، بۆ نمونە ئەگەر بتوانین ناوێک لە ئاوەڵناوێک دروست بکەین کە واتای حالەتی بوون بە X، X یش هەر چ واتایەکی هەبێت. کەواتە (ی) و (ایەتی) و (ێتی) تەنانەت هەتا پاشگری (ەتی) یش گیرەکی زۆر بەسودن. تەنها (ێنە) نەبێت کە لەوانەیە مەودایەکی تەسکی بەکارهێنانی هەبێت و زۆر بەبەرهەم نەبێت. لەلایەکی تر، بڕوانە پاشگری (ی) بەشێوەیەکی وا بەکاردێت کە بەسود بێت بۆ لەسکەدانی هەندێ وشەی نوێ کە ئاماژە بۆ پیشەیەک یان پلەوپایەک دەکەن. وەک:

جۆلایی، هەلاجیی، بەننایی، خەیاتی، هتد.

بەکورتی پاشگری (ی) زۆر چالاک و بەبەرهەمە و تەنها ناچێتە سەر ئاوەڵناو و ناوی داڕێژراو دروست بکات، بەڵکو دەچێتە سەر بەشەکانی تری ئاخاوتنی وەک ناو و ئاوەڵکاریش و ناوی داڕێژراو دروستدەکات. بڕوانە نمونەکانی بەشەکانی پێشەوە.

هاوشێوەی ئەو پاشگرە لە زمانی ئینگلیزیدا (ess)ە. هەندێ وشەی داڕێژراوی وا دروستدەکات کە ئاماژە بۆ پیشەیەک دەکات، کە لەلایەن

هەڵوەشانەوە ئەنجامـدەدرێت یـان پـلە و پـایەیەک کە لەلایەن ئەوانەوە بەرەوەدەچێت، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی فێمینیزم و ئەو هەوڵ وشانەی کە لەپێناو چەسپاندنی زمانێکی بێلایەن تەرخانکراوە، باوی ئەو جۆرە وشانە نەمـاو فەرامـۆشکران و تـا ڕاددەیەک لە بەکارهێنانیانـدا پیوش، هەروەها پێویستی بە وشەی نوێ بەهۆی ئەو پاشگرەوە وەختە بەڵام کۆتایی پێهات.

## بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنیی:

هەروەک لەسـەرەوەدا بینیمـان، هەر چەنـد کە کۆتوبەنـد لەسـەر ئەو بنجانەدا هەبێت لە پرۆسەکانی سازدانی لێکسیمەکان، ئەوەندە بێ بەرهەم دەبن. ئـێمە لەم بەشـەدا جـۆرە جیاوازەکـانی ئەو کۆتوبەنـدانە ڕووندەکەینەوەکە دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسـەکانی سـازدانی لێکسیمی نوێ. لەبەشـەکانی پێشەوەشـدا هەنـدێ لەو کۆتوبەنـدانەمان ڕونکـردەوە کاتێک کە فێربووین چۆن یاسـاکانی سـازدانی لێکسیم بنوسین. ئێمە فێربووین کە جۆری جیـاوازی بەربەسـت لەئـارادا هەن لەسـەر جۆری ئەو بنجانەی کە لەوانەیە گیرەکیان پێوەبلکێت. ئەمانیش بریتین لە:

- **بەربەسـتی کاتیگۆریـانە:** نـزیکەی زۆربەی گیرەکەکـان بـۆ بنجەکانی کـاتیگۆرییە دیاریکراوەکـانکۆت و بەنـد دەکـرێن. بەواتـایەکی دیکە، هەنـدێکی گیرەکمـان هەیە تەنهـا دەچـنە سـەر نـاوی سـادە و دەیانکەنە نـاوی داڕێـژراو. بـۆ نمونە:پاشـگری (گەر، سـاز، دار، چـی، باز،....هتـد لە وشەکانی: (ئاسـنگەر، ددانسـاز، دوکانـدار، چـایچی، کۆترباز، ...هتد.

هەندێ پاشگری ترمان هەیە کە تەنها دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادەو دەیکەن بەناوی داڕێژراو، بۆ نموونە وەک: (ی، ە، ێنە، ین، ەمەنی، .....هتد. لە وشەکانی ( جوانی، خراپە، زەردێنە، نەرمین، ساردەمەنی، .....هتد. هەندێ پاشگری تر هەن کە تەنها بە ڕەگی کارەوە دەلکێن. بۆ نموونە:وەک (ار، یار، ەر، اک، ەوە، ەوار، ....هتد. لە وشەکانی: کوشتار، پرسیار، نوسەر، خۆراک، کردنەوە، خوێندەوار، ....هتد.

بەڵام هەندێکیان بەزیاتر لەکاتیگۆرییێکەوە دەلکێن. بۆ نموونە (ی)و (ە) دەچێنە سەر ناو و ئاوەڵناو و ڕەگی کاریش. وەک: منداڵی، جوانی، شەوە، خراپە، کۆکە (کۆخە). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩): ل، ١٠٧ — ١٣٣.

- **بەربەستی فۆنۆلۆجیانە:**

لەهەندێ باردا گیرەکەکان تەنها بەو بنجانەوە دەلکێن کە تەرزێکی فۆنۆلۆجیانەی گونجاویان هەیە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ize-) زیاتر ئەو ناو و ئاوەڵناوانە هەڵدەبژێرێت کە لە دوو برگە یان زیاتر پێکهاتوون. لەکاتێکدا کە برگەی کۆتایی هێزی هەڵنەگرتبێت.پاشگری ( en -)کە کار لە ئاوەڵناوەوە دروست دەکات تەنها بەو بنجانەوە دەلکێن کە کۆتاییان بە دەنگێکی وەستاو، کپ، لەرزۆک (خشۆک) هاتبێت. وەک:

darken, brighten, deafen

بەڵام نەک: slimmen and tallen، کە کۆتاییان بەدەنگی گڕ کۆتایی هاتووە.

بەلام ئایا تا چەند بەبەرستی فۆنۆلۆجی لە زمانی کوردییدا دەبێتە بەربەست؟ بۆ وەلامی ئەم پرسیارە دەڵێم لەوانەیە لایەنی فۆنۆلۆجیی لە زمانی کوردیشدا ببێتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی فۆرماندنی لێکسیمی نوێ بەلام لەوانەیە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی وردتر و قوڵتر هەبێ بۆ دۆزینەوەی نمونەی لە بار و گونجاو کە پڕبەپێستی بابەتەکە بێت.

**• بەربەستی واتایی:**

ئەمە دەوەستێتە سەر واتای ئەو بنجەی کە گیرەکەکەی پێوە دەلکێت. بۆ نمونە مۆرفیمی نەرێی (نا) زیاتر ئەو بنجانە هەڵدەبژێرێت کە خۆیان واتای نەرێیان نییە. بۆ نمونە دەتوانین بڵێین( ناخۆشەویست) بەلام ناتوانین بڵێین( نا ناشیرین) و هەروەها (نادڵخۆش) ئاساییە و (ناغەمبار)یش ئاسایی نییە.

دەتوانرێت ئەم بەربەستانەی خوارەوەش زیادبکرێت.

**•بەربەستی ئیتمۆلۆجیانە:**

هەندێ گیرەک کۆتوبەند دەکرێن بە هەندێ وەچەپۆلی تایبەت لە بنجەکان. بۆ نمونە هەندێ گیرەک هەن زیاتر بەو بنجانەوە دەلکێن کە لەزمانانی ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە ئەمەش لەوانەیە زیاتر لەبەرئەوە بێت کە خودی گیرەکەکەش خۆمالی نەبێت بۆ نمونە پاشگری پیشەی(چی) لە وشەکانی (چایچی، کارەباچی، پەنچەرچی، لەبفچی، حەمامچی، تەنەکەچی، لەحیمچی، سوبفچی، ...هتد) بەلام بەپێی پێویستی و گەشەی کۆمەڵگا و لەوانەیە بە هەندێ وشەی کوردیشەوە بلکێت مەرج نییە ناوی خاوەن پیشە دابرێژێت بەڵکو لەوانەیە ناوەڵناو ئیدیەم دابرێژێت بڕوانە: ماستاوچی، سەختەچی، تالانچی، فیتنەچی،

کلاوچی، ....هتد، هەندێ گیرەکی دیکەمان هەیە زیاتر مەیلی وشەی خۆماڵیان هەیە. بۆ نمونە پاشگری (گەر) تەنها بە وشەی کوردییەکانەوە دەلکێن، سەیری وشەکانی (ئاسنگەر، مسگەر، زێرینگەر، شانۆگەر، ...هتد، بەڵام نەک: کەبابگەر، لەحیمگەر، حەمامگەر، .....هتد.

## ●بەربەستی سینتاکتیکیی:

هەندێ گیرەک زۆر هەستیارن بۆ تایبەتمەندییە سینتاکتیەکانی بنجەکانیان. بۆ نمونە هەندێ پاشگر تەنها بە کارە تێپەڕەکانەوە دەلکێن. وەک پاشگری (یار) لەوشەکانی (کڕیار، فرۆشیار، پرسیار، زانیار، ...هتد). کەچی هەندێ پاشگری تر هەن تنها مەیلی کارە تێنەپەڕەکانیان هەیە بۆ ئەوەی وەک بنجێک هەڵیانبژێرن. بۆ نمونە وەک پاشگری (ە) لە وشەکانی (ڕێژەن — لە ڕژانەوە) و (سوتەن — لە سوتانەوە). بەهەمان شێوە پاشگری (ەر) تەنهادەچێتە سەر ڕەگی ئەو کارانەی کە تێپەڕن. وەک (نوسەر، خوێنەر، دانەر، دانەر، ...هتد)

## ●بەربەستی پراگماتیکیی:

هەندێ گیرەکی وا هەن لە زمانی کوردییدا کە دەچنە سەر بنجێک بەزۆری واتایەکی تابۆیان هەیەو دەبێتە ڕێگرێکی پراگمتیکی لەبەردەم پرۆسەکانی سازدانی لێکسیمی نوێ. بۆ نمونە پاشگری (دەر) — ئەگەر وەک پاشگر حیسابی بۆ بکرێت- زۆر جار ئەو بنجانەی کە هەڵیان دەبژێرێت یەکێکە لەو ئەندامانەی لەش کە بە هۆی کەلتوری کۆمەڵایەتی بۆتە مایەی عەیب و شورەیی. ئەو وشە نوێیانەش کە بەهۆی ئەم پاشگرەوە دێنەبەرهەم، ئەوانیش واتایەکی خراپ و نەرێنی و نەخوازراویان هەیە و دژ بەدابونەریتی کۆمەڵگای کوردیی و لەوانەیە

کۆمەڵگای دیکەشەوە بن ( ببوورن کە منیش نەتوانم ئەو وشانە بەشێوەیەکی نوسراو تۆمار بکەم. دڵنیام کە خوێنەر خۆی لە مێشکی خۆیدا دەتوانێت ئەو وشانە وێنا بکات. وا پێدەچێت کە ئاینیش رۆڵێکی کاریگەری لەوبوارەدا هەبێ، ئەگەرچی وشە نوێیەکان لەزماندا لەڕووی فۆنۆلۆجی و سیمانتیکەوە دروست داڕێژراون. لایەنێکی دیکەی پراگماتیکیی ئەو وشانە و هاوشێوەکانیان لەوەدایە کە سەرەڕای واتاکانیان زۆر جار لەکاتی هەڵچوون و تورەبووندا بەکاردەهێنرێن بۆ دابەزینی ئاستی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و بچوکردنەوەی کەسی بەرامبەر. هەر چەندە ئەو پاشگرە مەرج نییە هەموو کاتێک هەر بنجێکی نەرێنی هەڵبژێرێت و واتایەکی نەشیاو و تابۆش دروست بکات، بەڵکو هەندێ جار لێکسیمی زۆر جوان و ئەرێنی بۆ فەرهەنگی زمان دادەهێنێت. وەک (ڕەنجدەر، کۆڵنەدەر، بیرلێدەر،

## •بلۆککردن:

لەوانەیە بلۆککردن بەهۆی هەبوونی وشەیەکی پێشتر بێت، بەهەمان واتای وشە گریمانکراوەکەوە. هەمیشە وشە دەبێت خۆمان لە وشە هاوواتاکان بەدوور بگرین. Katamba .F. (١٩٩٣):p. ٧٣

بۆ نمونە لە زمانی کوردییدا ناوی کارا بەهۆی گیرەکی (ەر) کە دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی کارا دروست دەکات. وەک:

نوس + ەر ⟵ نوسەر

خوێن + ەر ⟵ خوێنەر

دان + ەر ⟵ دانەر

بەڵام ناتوانین بڵێین ( کوژەر) چونکە پێشتر (بکوژ) هەیە. یان (دزەر) کە پێشتر(دز) هەیە، هەروەها (بگر)، (گرەر) بلۆک دەکات.

پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە پەیوەندییەکی پێچەوانەیی لەنێوان ژمارەی بەربەستەکان و پرۆسێسەکانی بەرهەمهێنیی لێکسیمی نوێدا هەبێت. هەرچەند کە پیادەکردنێکی زیاتری بەربەستەکانهەبێت ئەوەندە ژمارەی بنجەکان کەمتر دەبێت لە ئەنجامیشدا ژمارەی وشە بەرهەمهاتووەکان کەمتر دەبێتەوە.

# سەرچاوەکان

أ- بە زمانی کوردییەکان


١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی-بەرگی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

٢- جەلال مەحمود عەلی (١٩٨٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی کەلەپوور، چاپخانەی حسام، بەغدا.

٣- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٢)، زاراو و ئیدیۆمی زمانی کوردی، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەولێر، بەغدا.

٤- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧ب) وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم.

٥- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩) کاریگەرلێکردن بەڕێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، بەغدا.

٦- محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر

٧- کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠) بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٨- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥) مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٩- ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی (١٩٩٨) چاوگ و فرمان کامیان سەرچاوە و بنەڕەتن، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد، بەرگی ٢٧ و ٢٨، بەغدا.

١٠- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (کردار) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١١ – سەباح رەشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٢- د. محەمەد عبدالفتاح حەمەسەعید (٢٠٠١) وشەسازی زاری سلێمانی، ئەکادیمیای کوردستان، بەرگی (١)، ژمارە (١).

١٣ – محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١) دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دارشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجی خوارووداءنامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٤ – نوری علی امین (٢٠٠٢) وشەی ناسادە لە زمانی کوردیدا، لە ژمارە (٢٩-٣٠) ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری – دەستەی کورد دەرهێنراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

١٥– وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٦ – محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، دەزگای بڵاوکردنەوەی بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.

١٧ - رۆژان نـوری عبداللـه (٢٠٠٧) فەرهەنگی زمـان و زاراوەسـازی کوردی، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

١٨-بازیان یونس محي الـدین (٢٠٠٨) پەیوەنـدی ئاسـتی مۆرفۆلـۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

١٩ - رۆکان عەبدوڵا محەمەد (٢٠٠٩) مۆرفیمەکانی کۆ لە زمـانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٠- حەیدەر حاجی خدر (٢٠١٠) تایبەتمەنـدییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە روانـگەی پـۆلینی مۆرفۆلۆژیـاتەی زمانەکـانەوە، نـامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

٢١-د.محەمەدی مەحوی (٢٠١٠) مۆرفۆلـۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٢- د.محەمەدی مەحـوی و هـی تـر (٢٠١٠) دروسـتەی کـردار- بنـەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٣-نەرمین عومەر ئەحـمەد (٢٠١٠) بە بەرهـەمـی لە مۆرفۆلـۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

٢٤ - دکتۆر فاروق عومەر سدیق (٢٠١١) لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٢٥- برایمـی مەلا (٢٠١٢) شـیلانەی رۆنـانی کـرداره کوردییەکـان، چـاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

٢٦- یارا قادر حەمەد مەلا زادەیی (٢٠١٣)مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٢٧-یوسف شەریف سعید (٢٠١٣) وشەسازی ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

٢٨- دکتۆر تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤) زانستی زمان و زمانی کوردی (وتار و توێژینەوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤، هەولێر.

٢٩ - عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤) ، ڕێزمانی کوردی ، ناوەندی ئاوێر بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم ، هەولێر

٣٠- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١٥) چەندباسێکی وردی زمانەوانی کوردی، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

### ٢-. سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

٣١-عاصی مصطفی، رضاقلی فامیان علی، آقاجانی داریوش(١٣٨٥/ ٢٠٠٦ز)، بە سوی طراحی شبکەء واژگانی صفات زبان فارسی، زبان و زبان شناسی،دورە ٢، شمارە ٢.

## ٣-بە زمانی ئینگلیزی

٣٢ – Katamba .F. (١٩٩٣) Morphology, Macmillan press, London.

٣٣- Fattah, M,M.(١٩٩٧) A Generative grammar of Kurdish, unpublished doctoral dissertation, university of Amsterdam.

٢٤ - Martin Haspelmath, Andrea D. Sims(٢٠١٠) Understanding Morphology, HODDER EDUCATION


٢٥- Rochelle Lieber(٢٠١٢) 2nd printing,introducing Morphology, CAMBRIDGE university press,UK.

٢٦- Norman C. Stageberg(١٩٨١) An Introductory English Grammar,5th edition,USA.

٢٧-Laurie Bauer(١٩٩٣) English Word – formation, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

٢٨- (The Gramar of words An Introduction to morphology, Geert Booij, Second Edition, OXFORD university press.

٢٩- DAVID CRYSTAL(١٩٩٢) A DICTIONARY OFLINGUISTICS AND PHNETICS, ٣rd, BLACKWELL


4:08 PM
Kteb Xana کتێبخانە
public channel
Description
کتێبخانەیەک تایبەت بە زیاتر فێربونو کاراکردنی عەقڵ و
دورکەوتنەوە لە نەزانین و رەشبینی.
هۆشیاری ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگە.
پەرەپێدانی ڕۆشنبیری تاک.
گەشەپێدانی هزری تاک.
@haval_pashaie10
نـەکاونـتـەکانـم
https://linktr.ee/havalpashaie
t.me/kteb_khana2
Invite Link
Notifications
On

CamScanner